زانکۆی صەلاحەددین
کۆلیجی ئاداب
بەشی کوردی

# ئەدەبی بەراوردکاری

عەزیز گەردی

Scanned with CamScanner

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

دیاری دەزگای کتێب
زانکۆی سەلاحەددین
«بۆ فرۆشتن نیە»

# ئەدەبی بەراوردکاری

عەزیز گەردی

Scanned with CamScanner

من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

# الأدب المقـــارن

تأليف
عزيز گردی

١

Scanned with CamScanner

هەنگ شیلەی گوڵ دەمژێ
بەڵام هەنگوینمان دەداتێ

## لە بارەی کاریگەرێ ئەدەبییەوە گوتویانە :

- هیچ شتێ هێندەی هەڵمژینی بیروڕای خەڵك رەسەنایەتێ نوسەر دەرناخا ، شێر تەنها چەند کاوڕێکی هەزم کراوە و هیچیتر •

— پۆل ڤالیری —

- هەر ئەدەبێك هەناسەی ئەدەبەکانیتری بۆ نەیەت و سەر لە نوێ خۆی دانەڕێژێتەوە کرۆشکە دەکات و هەڵدەپرۆکێ • .

— گۆتـە —

- رێگەی هەمۆ جۆرە — با — یەك دەدەم کە بێتـە ژورەکەمەوە ، بەڵام لێناگەڕێم هیچێکیان ساپیتەی خانوەکەم هەڵتەکێنێ •

— گـاندێ —

- دەبێ هەمۆ نەتەوەیەکی رۆناکبیر شت وەربگرێ و بەخشندەش بێ ، ئەمەشیان راستەقینەیەکی گەوهەرێ ئەوتۆیە بۆ پێشکەوتنی ئەدەب کە نابێ نوسەری هەرگیز پشتگوێی بخا یا بە چاوێکی کەم سەیری بـکا •

— دالمپیر —

- ئەدەبە گەورەکان هەمۆ یەکتر تەواو دەکەن ، جا بۆ دروست کردنەوەی وێنەی بنیادەم ، دەبێ هەردەم پێویستێ خەڵك جێ بە جێ بکەین •

— دیرەك کوستەر —



Scanned with CamScanner

- کاریگەری ئەدەبی : ( دزییەکی بەردەوامی ئەدەبییە کە هەمو ولاتێك لە یەکتری دەکەن ) •

**ـ ڤیلمان ـ**

- نابێ کەس پێم بڵێ شتێکی نوێم دانەهێناوە ، چونکە هەر هیچ نەبێ ڕێکخستنی کەرستەکانم شتێکی نوێیە •

**ـ پاسکال ـ**

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

## وشەیەك

زاراوەی ئـەدەبی بەراورد وەرگێڕانێکی حـەرفی زاراوەی ( الأدب المقارن )ی عەرەبییە • نوسـەرانی عەرەبیش ئەم زاراوەیان لـە زمانەکانی ئەورۆپییـەوە وەرگرتوە ، لـە فەڕەنسـیدا ( Litteratura Comparée ) بـە ئەڵەمانی ( Vergleichenda Literatura Geschichte ) بـە ئینـگلیزی ( Comparative Literature ) بـە ئەسـپانی ( Letteratura Compara ) لە روسیشدا ئەگەرچی جیاوازی هەیە لەباری سەرنجی واتای ئەم وشەیەدا ، زاراوەی ( Cpabtlemenbhar Literatùpa ) بەکاردێت •

کەواتە بەکارهێنانی ئـەم وشەیە و داهاتنی ئـەم زاراوەیە لە ئەدەبی کوردیدا لە ئەنجامی بۆچونێکی زانستییانەی نوسەرێکی تایبەتی کورد نیە ، بەڵکو وەکو ئاشکرایە لە ئەنجامی کارتێکردنی ئەدەبی دەرەوە هاتوە ، لەبەر ئـەمە تیشك‌خستنە سەر ئەم بابـەتە و رونکردنەوەیەکی کورت ، بەلای ئێمەوە ، هەنگاوێکی سودبەخشە •

( ١ )

مێژوی ئەدەبی ئەوروپی ، دابەش‌کردنی قۆناغەکانی ، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئەدەبی نەتەوایەتی ئەوروپا لەلایە لە سـەردەمی تایبەتی خۆیانا ، لەلایەکی‌دیکە دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی ئەدەبی میللەتانی رۆژئاوا و رۆژهەلات ، (میسری و فەڕەنسی) یان (تورکی و فەڕەنسی) •••، ئەمانە هەموی کەرستەیەکی دەوڵەمەند و بە پیزن بۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە،



Scanned with CamScanner

جا ئەوەندەی دانان و نەخشەکێشانی هێڵە گشتێکانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە بەراوردانە سەرنج راکێش و کارێکی ئاسانە ، یا بڵێین زۆر زەحمەت نیە ، ئەوەندە چۆنە ناخی ئا ئەم باسانە و دەرهێنانی رموز و شەقڵەکانی ، کارێکی سەخت و ئاڵۆزە و وەختێکی بە جێی دەوێ •

نوسەر و شاعیر و زاناکانی ئەوروپا لە نموونەی ( H. M. Posnett ) و ( F. Baldenperger ) و ( P. Van Tiegem ) و ( Goethe ) و گەلێکی دیکە هەناسە درێژییەکی سەیریان بەکارهێناوە بۆ دامەزراندن و چەسپاندن و لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە باسانە ، دیارە لە ناو خەرمانی بیلیۆگرافیایی و تۆماری رۆژانە و مێژوی ئەدەبی رۆن و رەواندا ، لەناو لاپەڕەکانی یادداشتی رۆژانە و مێژوی ئاشکرای ژیانی شاعیرەکاندا ، لە ناو کەرستەیەکی ئێجگار نایاب و دەوڵەمەند و رێك و پێکدا ، بە مێژو و تۆمارەکانیانەوە توانیویانە گەلێ زانیاری نوێ پێشکەش بکەن و گەلێ راستی بگەیەننە سەر ئەنجام •

( ٢ )

ئەدەبی هەر نەتەوەیەك تا رادەیەکی زۆر شانازی بە رەسەنی شاکارە ئەدەبییەکانی خۆیەوە دەکات • زمان وەك هۆیەکی سەرەکی دەربڕینی هەست و هۆشی ئادەمیزاد ، لە ئەنجامی سەدەها تاقیکردنەوەی تایبەتی و گشتیدا لەوە دەرچوە دیاردەیەکی بە رۆ ساکار و دروست بێت ، بەڵکو لەگەڵ شارستانێتی و بەرزبونەوەی ئاستی هوشیاری و کۆمەڵایەتیدا ورشە و پرشەیەکی تایبەتی سەندوە ، بوە بە بنچینەی سەرەکی و یەکەمی ئەدەب ، شاکاری وای دروست کردوە کە نەك نەتەوەی خاوەن ، بەڵکو مرۆڤایەتی بە ئاگا لێی وەری بگێڕێ بۆ سەر زمانەکەی و شانازی پێوەبکات • بۆچی ئەلیازەی هۆمیرۆس ، یان دۆن کیشۆتی سیرڤانتس ، یان شەڕ و ئاشتی تۆلستۆی ، یان بەرهەمەکانی شەکسپیر ، یان شاهنامەی فیردەوسی ، یان

چوارینەکانی خەیام ، یاز مەم و زینی خانیۆ ... و سەدەها بەرهەمی دیکە هەر شانازیۆ نەتەوەکانیانن ؟ نەخێر ، شانازیۆ هەمۆ مرۆڤایەتیشن .

راستە مێژۆی هەر نەتەوەیەك تایبەتیۆ خۆی هەیە ، بەلاَم کە سەیری ئەم تایبەتییانە دەکەیت لەبەر کێشی زانستیۆ مێژۆدا ، دەگەیتە ئەو سەر ئەنجامەی کە گەلیۆ شت لە قوناغی تایبەتیۆ خۆیاندا ، جەمسەرەکانی دەبەستیۆ پێکەوە و چەند هێلێکی درشتی لەیەکچۆ دروستدەکەنەوە ، وەك چۆن روبارەکان یەك دەگرنەوە و ئەمیشیان دەرژێتە دەریای مێژۆی هونەر و ئەدەبی عالەمییەوە .

ئەدەب ، وەك ئاشکرایە ، ئاوێنەی ژیانی کۆمەلاَیەتییە بەلاَم رەنگین کراوە بە بەهرەیەکی هونەریۆ ، داهێنەری ئادەمیزاد خۆیەتی ، دیارە کە ئەم ئادەمیزادە هونەرمەندە لە تاکەوە رۆ دەکاتە کۆمەڵ ، لەم کۆمەڵیشەوە کارکردنەکەی سنور دەبڕیۆ بۆ کۆمەڵێکی دیکە ، لە رێی دراوسێتیۆ و لەیەك چۆنی مێژۆ و زمان و دەستوری ژیانی کۆمەلاَیەتییەوە ، لەیەك چۆنی باری تیپۆلۆجیۆ ( Typologic ) [چۆن یەکی لە قۆناغی ئابوریۆ و کۆمەلاَیەتیدا]، لە رێی گواستنەوە و داگیرکردنەوە ، لە رێی وەرگێڕان و پەیوەندیۆ سەرمایەداریۆ و رۆشنبیریۆ و سیاسیۆ و تێکڕا شارستانێتییەوە و دەیەها رێی دیکەوە . لەم ناوەشدا شاعیری گەورەی نەتەوەیەك کار دەکاتە سەر نوسەران و شاعیرانی سەردەمی خۆی ، چ لە نەتەوەکەیدا ، چ لەناو ئەو نەتەوانەی ئاگاداری شاکارەکانین ... ئەدەبی کلاسیکیۆ سەرچاوە بوە و کاری کردۆتەوە سەر ئەدەبی نویۆ ، ئەدەبی رۆمانتیکیۆ وەك شۆڕشێکی نەتەوەییە ، شۆڕشێکی عالەمیشە : لە هەمۆ نەتەوەیەکدا بە پێی ئەو قۆناغە دروست بوە کە دەرەبەگیۆ بەرەو کۆتاییۆ چوە و پیشەسازیۆ رۆ لە هەوراز بوە ، لە وردەکارەکانیدا جیاوازە بە پێی توراث و میراتی هەر نەتەوەیەك ، کەچی لە هێلە گشتێکانیدا چۆن یەکێکی زۆر دەبینرێت لە ئەدەبی نەتەوە

جیاوازەکانی جیهاندا •

کەواتە ئەو بۆچوونەی زانا و نووسەر و شاعیرەکانی ئەوروپا بۆی چوون لە بایەخ دان بەم جۆرە بەراوردانە، بە هەرسێ لقە گەورەکەیەوە : فەرەنسێ و ئەمریکێ و سۆڤێتێ ، لە بارێکی تایبەتێ و لە سەر بنچینەیەکی دروست هاتۆتە ناوەوە •

بۆیە دەست بردن بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە لێکۆڵینەوەی بەراورد رۆنتر دەکاتەوە و کارێکی سوودبەخش و پێویستە •

**د. ئیحسان فوئاد**

**بەغدا ــ ١٩٧٨/٢/٢٥**



Scanned with CamScanner

# پێشەکی

**خوێنەرانی ئازیز :**

خۆشتان لە من باشتر دەزانن کە ئەدەبی کوردیمان هێشتا زۆر لە دوای ئەدەبە زیندوەکانی جیهانە و هەوڵ و کۆششێکی مەردانەی نەوەی ئەمڕۆ و سبەینێی نەتەوە کلۆڵ و بێکەسەکەمانی دەوێ تا بەم هەوڵ و تەقەللا نەبەردانە پێش بکەوێ و نەش و نما بکات و جێگای خۆی لە پاڵ ئەدەبەکانی تردا بگرێ و شان بە شانی ئەوان سنگ بۆ پێشەوە بنێ و لە کاروان و کەژاوەی خوشڕۆی ئەدەبی زیندوی جیهانیدا چیتر دوا نەکەوێ ••• خۆ کەسیشتان گومان لەوە ناکەن کە ئەدەبی کوردیمان لە مەیدانی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا زۆری ماوە پێبگات و گەلێ کون و کەلەبەری تیدایە هێشتا هەر تاریك و نوتەکە و چرای هەڵسەنگاندنی زانستییانە ڕۆشنی نەکردۆتەوە ••• بگرە هەر شتێکی دەستی بۆ دەبەی هێشتا کەرەستەی خاوە و چاوەڕێی شیکردنەوە و لێکدانەوە و ساغ کردنەوەیە ، هەر سوچێکی تەماشای دەکەی تەپ و تۆزی ڕۆژگاری لێنیشتوە و دەیەوێ پاگژ بکرێتەوە و گەوهەری ناوەوەی دەربهێنرێ و بە پوختە و سپی‌کراوێ بخرێتە بەردەم نەوەی شەیدا و تامەزرۆی ئەمڕۆی ئەدەبەکەمان •

ئەم باسەی کە لێرەدا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەم تەرخان کردوە ، ئەگەرچی ڕەنگە وەکو باسێکی تیۆری دەست پێشکەری تری لە ئەدەبی کوردیماندا



Scanned with CamScanner

نەبوبێ : تا ئێستا ئەم لایەنە بە وردی لێی نەکۆڵراوەتەوە و مافی رەوای خۆی نەدراوەتێ ؛ بەڵام لە ئـەدەبی نەتەوەکانیتردا زۆری لەسـەر نوسراوە و زۆریشی دەرحەق گوتراوە ؛ جا هۆی هەڵبژاردنی ئەم باسە کە پێشاندانی مانا و مەبەست و سنور و رێ و شوێنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکارییە بۆ ئەوە دەچێتەوە کە باسەکە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیماندا شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نەنوسراوە و بە شـێوەیەکی ورد و زانستییانە نەخراوەتە بـەر دەست ؛ بێجگە لەوەی کە لەبەر نەشارەزایی تیوری بەراوردکاری زۆربەی ئەو باسانەی لە کوردیدا بۆ بەراورد تەرخان کراون ، لە مۆرك و شەقڵ و نیشانەی زانستی دورن و ناکەونە بەر ئەدەبی بەراوردکاری ، جا کە من ئەم باسەم هەڵبژارد بۆ ئەوەم بو : لە لایەکەوە خوێنەری کورد ئاگاداری هەمو مەرجەکانی ئەدەبی بەراوردکاری بێت و بزانێ ئەدەبی بەراوردکاری چیە ؟ چۆن دەبێ ؟ سودی چیە ؟ کەی زانستی دەبێ ؟ کەی ناکەوێتە چوارچێوەی زانستییەوە ؟ ؛ لـە لایەکی تریشـەوە ئەم لێکۆڵینەوانە شـیکەینەوە و هەڵیانسەنگێنین کە لە ئەدەبی کوردیدا بە ناوی بەراوردەوە کراون و بزانین ئەم باسـانەی هەن چەند جۆرن و هەریەکە لـەم جۆرانە کەم و کورتی و ناتەواوییان چیە و رادەی سەرکەوتنیان لە چی دایە و چۆن بونایە دەکەوتنە خانەی بەراوردکاری زانستی و باشـترین لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لـە ئەدەبی کوردیدا کامانەن و هۆی سەرکەوتنیان چیـە و ئەدەبی بەراوردی کوردی دەبێ چۆن بێ و لە چیەوە بدوێ و چۆن ئەم بزوتنەوەیە لە رەوتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیمان بەتین و تەوژم بکەین ؟

ئیدی سـەبارەت بەم هۆیانە و بـە ئومێدی هێنانەدی ئەم ئامانجانە خولیای نوسینەوەی ئەم بابەتە لە سەری دام و پاش تاو و تو کردێکی زۆر بەوەندە وازم هێنا کە بە کورتی باسێکی ئەدەبی بەراوردکاری گشـتی و ئەدەبی بەراوردکاری کوردی بکەم • واشم بە چاك زانی لە پێشەوە مانای

( ئەدەبی بەراوردکاری ) رۆن بکەمەوە ، ئینجا کورتە مێژۆیەکی گەشەسەندن و خەملین و پێ گەیشتنی ئەدەبی بەراوردکاری باس بکەم هەر لە سەردەمی یۆنان و رۆمانەوە تا دەگاتە رۆژی ئەمرۆمان ، پاشان بێمە سەر دیارکردنی سنوری ئەدەبی بەراوردکاری ؛ واتە ئەو مەرجانەی دەبێ لە بەراوردی ئەدەبێدا بێنە دی بۆ ئەوەی شێوەیەکی زانستی وەربگرێ و بە راستی بەراوردکاری ئەدەبی بێ ، ئینجا پەنجە بۆ هۆیەکانی پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی درێژ بکەم ، واتە چۆن کاریگەرەکە لە ئەدەبێکەوە دەپەڕێتەوە ناو ئەدەبێکی‌تر و کێ ئەم کاریگەرە دەگوازێتەوە ، پاشانیش کورتە باسێکی باسەکانی ئەدەبی بەراوردکای بکەم وەك لە ئەدەبەکانی‌تری ئەم سەر زەمینە لێی کۆڵراوەتەوە و بۆتە جێگەی رواتین و تۆژینەوە و قرساندن . دواییش بێمە سەر ئەدەبی بەراوردکاری کوردی و ئەم لێکۆڵینەوانە بخەمە بەر رەخنەی زانستییانەوە کە تا ئێستا لە کوردیدا بۆ بەراوردکردنی ئەدەبی تەرخان‌کراون ... دوا بەندەکەش بەوە دێنمەوە کە دو قسە و نیو لە بارەی ئەدەبی گشتی بکەم کە بریتییە لە فراوان بۆن و لێك کشانەوەی بازنە و چەنبەری ئەدەبی بەراوردکاری و کرانەوەی ئاسۆی رەخنە و لێکۆڵینەوە بۆ مەودایەکی دورتر و بەشێوەیەکی بلاوتر .

تا پێشم کرابێ هەولم داوە زمانی نوسینەوەکەم خەستبێ و لە شتی زیادە پاگژ بێتەوە ( کەم و پوخت )م پەسندتر کردوە لە ( زۆر و بۆر ) .

ئیدی ئومێدەوارم ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەم تخوبی لێکۆڵینەوەی زانستی نەبەزێنێ و کەم تا زۆر شتێکی تازە بخاتە سەر خەرمانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیمان و برا کورد زمانەکانیشم سودێکی لێ‌وەربگرن .

**عەزیز گەردی**
**بەحرکە ـ هاوینی ١٩٧٦**

# بەشی یەکەم

## ئەدەبی بەراوردکاریَ

**زاراوەکە :**

وا چاکە لە سەرەتاوە ئەوە بزانین کە ئەم زاراوەیە کەی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا سەری هەڵداوە ؟ و نەتەوەکانی دیکە چیان بۆ بەکار هێناوە ؟ زاراوەکە چۆن چەسپاوە و جێ گیر بوە ؟ و ئێمە بۆچی لە ئەدەبی کوردیدا ئەم زاراوەیەمان بۆ دانا ؟ و ئەم زاراوەیە لە رۆی زانستییەوە چی دەگرێتەوە و سنوری تا کوێ بڕ دەکا ؟

بەر لە وەلاَم دانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە لە ئەدەبی بەراوردکاریشدا وەکو هەمو لقەکانی تری زانست و زانیاری : ڕێزمان ، عەرۆز ، رەوانبێژیَ ، ژیربێژیَ ، مێژوی ئەدەب ••• لە سەرەتاوە دیاردەکە هەبوە ، توسەرانی دونیا بەبێ دەستی خۆیان هەستیان پێ کردبێ یا هەستیان پێ نەکردبێ سودیان لە یەکتر وەرگرتوە و سودیشیان بە یەکتر گەیاندوە، بەلاَم لێکۆڵینەوەی دیاردەکە و داڕشتنی دەستور و قالبی زانستیَ بۆ وردە رشتەکانی ئەم دیاردەیە نەختێ دواتر کەوتوە ، ئەو کاتە زانستەکە چەکەرەی دەرکردوە کە زاناکان وردە وردە ئەم دیاردانەیان دەستنیشان کردوە و شتییان کردۆتەوە و وردە وردە دەستوریان بۆ داناون ••• تا وەکو زانستێکی سەربەخۆ لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا جێگەی خۆی کردۆتەوە •



Scanned with CamScanner

له ئەدەبی جیهانیدا یەکەم جار کە ئەدەبی بەراوورکاریێ وەکو زاراوەیەکی زانستیێ بۆ ئەم لێکۆڵینەوانە بەکار هاتبێ لە سـەدەی نۆزدەم بۆ کاتێ کە ڤیلمانــی فەڕەنگیێ لە ساڵی ١٨٢٧ لە زانکۆی سۆربۆندا لە موحازەرەکانی بەکاری هێنا و پاشانیش بۆ ساڵی ١٨٣٠ و بەدواوە لە گەڵێ کۆڕ و کۆبونەوەدا کردی بــە ناونیشــانی موحازەرەکانی و ســاڵی ١٨٤٠یش خستیە ناو کتێبەکانی و بــە تەواویێ چەسپاندی ، یەکەم کەسیش لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بەکاری هێنابێ ( ماتیۆ ئارنۆلد ) بو •

فەڕەنگەکان زاراوەی ( بەراوردکردنی ئەدەبێ )یان بــەکار هێناوە ، ئینگلیزەکان ( ئەدەبی بەراوردکاریێ )یان بۆ دانــاوە ، جەڕمەنەکان باسی ( مێژوی ئــەدەبی بەراورد ) دەکەن و عارەبیش هــەر ( الأب المقارن )یان گوتــووە •

لــە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا دەبــێ پەیوەندیێ مێژوییێ جێگایەکی باشی پێ بدرێ و بە بەڵگەی ئاشکرا و پتەو بسەلێنرێ ئەگەرنا نابێتــە لێکۆڵینەوەیەکی زانســتیێ ؛ هــەر بۆیەشە زۆر زانای فەڕەنگیێ و جەڕمەنیێ و ئینگلیزیێ کە لەم چمکەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییان کۆڵیوەتەوە گەیشتونەتە ئەم باوەڕە کە زاراوەی ــ ئەدەبی بەراوردکاریێ ــ وا بە ڕوت و قوتیێ مانای پڕ بە پێستی زانستەکە ناگەیەنێ و پێویستە وشەی ( مێژو )ی بۆ زیاد بکرێ ، بۆ ئەوەی زاراوەکە مانا زانستییەکە بە تێر و پڕیێ دەربڕێ؛ بەڵام لەبەر ئەوەی زاراوەی ( ئەدەبی بەراوردکاریێ ) لە سەرەتاوە ڕۆیشتوە ــ مەبەست لای نەتەوەکانی ترە ــ و نەختێ سوك و ساناتریشە لە (مێژوی بەراوردکردنی ئەدەبێ ) یا (مێژوی ئەدەبی بەراوردکاریێ) یا (بەراوردکردنی مێژوی ئەدەب ) ، بۆیە وامان پەسند کرد کە ئێمەش هەر زاراوەی ( ئەدەبی بەراوردکاریێ) بۆ بەکار بێنین •



١٠٣

ئەم زاراوە کوردییە (ئەدەبی بەراوردکاریێ) لە دوو وشە پێك هاتوە کە (ی)ی خستنە پاڵ پێکی گەیاندوون • وشـەی یـەکەم (ئەدەب) لە زمـانی کوردیێ و زمانەکانی تریش زۆری لە بارە نوسراوە و تا رادەیەکی باش جێگەی خۆی گرتوە و کە گوتت (ئەدەب) دیارە چی دەگەیـەنێ (ئەگەرچی هـەر کەسیش لە چوارچێوەی مانا گشتییەکەوە بە جۆرێ بۆ مانـا و مەبەست و پەیام و ئەرکی ئەم وشەیە دەچێ و بە گوێرەی جۆری بیرکردنەوەی خۆیەوە تێی دەگا •) • دەمێنێتەوە وشەی دوەم (بەراوردکاریێ) ، ئەمەشیان وشەیەکی لێکدراوە و لەسەر شێوەی گەلێ وشەی تری رەسەن و خۆماڵیێ داڕژاوە وەکو (دارکاریێ ، قوڕکاریێ ، تەونکاریێ ، سەنعەتکاریێ ، تەمەعکاریێ ، سپیکاریێ، ستەمکاریێ ، خزمەتکاریێ ، وردەکاریێ •••) •

**مانـای زانستیێ :**

ئەم زاراوەیە (ئەدەبی بەراوردکاریێ) لە رووی زانستییەوە بۆ جـۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیێ بەکار دێ کە ئیشـی دۆزینەوە و ساغکردنەوە و رونکردنەوەی کاریـگەریێ نێوان ئـەو ئەدەبانەیـە کە کاریان لـەیەك کردوە و سـوودیان بەیـەك گەیـاندوە ؛ بۆیـە خـۆ مـەرج نیـە هەر لێکۆڵینـەوەیەکی ئەدەبیێ کـە بـەراوردکردنی تێدا بوو ــ بەراوردکردنی دوو نوسـەر یا دوو ژانر ، یـا دوو بەرهـەم ــ بـە ئەدەبی بـەراوردکاریێ بدرێتە قەڵەم • بەراورد ئەو وەختە دەبێتە بەراوردی زانستیێ کە بەندیواری مێژوویێ لە نێوان هەردوو جەمسەری ئەو باسـانە بێ کە بەراورد دەکرێـن ، چونکە ئەدەبی بەراوردکاریێ وەك زانستێك لەبەر رۆشـنایێ سـەبارەتی مێژوویدا بایەخ بە رونکردنەوەی کارێگەری ئەدەبیێ دەدا ؛ ئەوە پێشـان دەدا کەی ؟ و چۆن ؟ و لە کوێوە ئەدەبی نەتەوایەتیێ کەوتۆتە بەر شاڵاوی کاریگەریێ ئەدەبی بێگانە ؟ چۆن سوودی لێ بینیوە و چۆن شان بە شانی سوود وەرگرتنەکەش رەسەنایەتیێ خۆی پاراستوە و نە لەقاوە و سیمای نەتەوایەتیێ



Scanned with CamScanner

خۆی نەدۆزاندوە ؟ بە دوای بەڵگە و سەبارەتیشدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی پەیوەندیی مێژوویی بەینی دوو ئەدەبەکە بسەلمێنێ و ئینجا ئەنجامی کاریگەرەکە شی‌دەکاتەوە .

کەواتە دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتیی لە رووی پەیوەندیی مێژوویی ئەم ئەدەبەوە بە ئەدەبی نەتەوەکانی‌تر . لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی (کارتێ‌کردنی دوو نەتەوە دەردەخا و باسی پەیوەندیی نێوان دوو نووسەر دەکا کە بەرهەمی ئەدەبییان لە یەك بکات و هەر یەکە سەر بە رەگەز و نەتەوەیەك بێت و سنوورێکی سیاسیی و جوگرافییان لە نێودا بێ .. )[1] ، بەڵام لە سەرەتاوە ئەوە ساغ بکاتەوە کە ئەم لێکۆڵینەوەی نێوان دوو نووسەرەکە بۆ سەبارەتێکی پتەوی مێژوویی دەچێتەوە ، یەکێ ئاگاداری بەرهەمی ئەوەی‌تر بوە و سوودی لە هەندێ رووی هونەریی و بیروباوەڕەوە وەرگرتوە .

( چان ماری کاریێ ) گۆتەنیی « ئەدەبی بەراوردکاریی ــ موازنە ــ ی ئەدەبیی نیە ، مانای ئەوە نیە بە سانایی لایەنی پێکچوونی رەوانبێژیی نێوان ( کۆرنیی ) و (راسین) ، یا (ڤۆلتێر) و (رۆسۆ) ، باس بکەین چونکە ئێمە حەز ناکەین خۆمان بە لێکۆڵینەوەی پێکچوون و جیاوازیی نێوان (تنیسۆن) و (مۆسێ) یا (دیکنز) و (دۆدێ) خەریك بکەین ، ئەدەبی بەراوردکاریی لقێکە لە مێژووی ئەدەب ؛ چونکە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی گیانی جیهانیی ، و پەیوەندیی راستەقینەی نێوان (بایرۆن) و (پۆشکین) ، (گۆتێ) و (کارلیل) ، (والتەرسکۆت) و (ڤینی) .. »[2] بە کورتیی (ئەدەبی بەراوردکاریی

---

(١) ريمون طحان : الأدب المقارن و الأدب العام . دار الكتاب اللبناني ، بيروت ، ١٩٧٢ ، ل ٨ .

(٢) م. ف. جويار : الأدب المقارن ؛ ترجمة الدكتور محمد غلاب ، القاهرة ، ٩٥٦ ، ل ــ ك .



Scanned with CamScanner

یانیی کاریی‌کردن و وەرگرتن و پەرەسەندن ..) [٣] .

بێ‌گومان ئەگەر ئاوڕێکی سوك و سەرپێیی لە مێژو و شارستانێتی و ئەدەب و بیری رابردو بدەینەوە دەبینین (هیچ بەڵگەیەك نیە کە نەتەوەیەك توانیبێتی بە گۆشەگیریی و لاتەریکی و دورکەوتنەوە لە شارستانێتی مرۆڤایەتی . شارستانێتییەکی رەسەن و رەوا بێنێتە بەرهەم ، چونکە راستێکەی ئەوەیە هەمو شارستانییەك لە ئەنجامی تێکەڵبونی رۆشنبیری جۆراوجۆری مرۆڤایەتی و توانەوەی شارستانێتی ناوچەی جیاوازەوە پەیدابوە . دواکەوتنیش هەمیشە نیشانەی گۆشەگیری و دورەپەرێزی بوە و ئێستاش هەر وایە ؛ کەواتە شارستانێتی لە هیچ چاخ و سەردەمێکدا دەستکردی یەك نەتەوە و کردەوەی یەك وڵات نەبوە ، بەڵکو زادەی سەراپای مرۆڤایەتییە و هەمو نەتەوەکانی دونیا بەشدارییان تێدا کردوە ، بە چاولێکەری و لێ‌وەرگرتنەوە ئەم دەست ئەو دەستیان پێ‌کردوە و بە پێی تواناش لە ئەنجامی پێویستی و بە گوێرەی دۆخی کاریگەری سروشت و لە ژێر باری هۆیەکانی مێژویی هەر قۆناغێکی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییەوە شتی نوێیان داهێناوە و خستویانەتە سەر سامانی مرۆڤایەتییەوە) [٤] .

ئەم یاسایە گشتییەی بەسەر کۆمەڵ دادەکشێ ئەدەبیش دەگرێتەوە ، هەمو نەتەوەکانی دونیا بەهۆی وەرگرتن و بەخشینەوە پەرە بە ئەدەبی نەتەوایەتی و جیهانی دەدەن . لە مێژوی ئەدەبی جیهانێدا رون و ئاشکرا دیارە کە سەردەمی راپەڕین و گەشەسەندنی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك ئەو رۆژگارە بوە کە توانیویە باوەش بۆ کزە و نەسیمی ئەدەبی بێگانە بکاتەوە و هەناسەی

---

(٣) عبدالمطلب صالح : دراسات في الادب والنقد المقارن ، مطبعة الشعب ، بغداد ، ١٩٧٣ ، ل ٤١ .

(٤) عبدالفتاح ابراهيم : دراسات في الاجتماع ، مطبعة الرابطة ، بغداد ، ١٩٥٠ ، ل ١٦٠ .



Scanned with CamScanner

ژیانێکی نوێی لێهەڵمژێ و نموونەی بەرز و پێشکەوتنخوازی ئەدەبە پێشکەوتوەکانی جیهان بکاتە سەرمەشق ، ئەمەش وەنەبێ هیچ کەم و کورتێ تێدابێ ، چونکە ( ئاڵوگۆڕی ئەدەبێ دیاردەیەکی ئاساییە و نابێ ڕێی لێبگرین و تەگەرەی بخەینە بەردەم • مێژوی ئەدەب سەلماندویە کە سەردەمی راپەڕین ئەو سەردەمە بوە ئەدەبەکە کراوەتەوە و شتی نوێی لە ئەدەبەکانیتر وەرگرتوە و خۆیپێ دەوڵەمەند کردوە) • [٥]

واتە سود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی بێگانە دەبێ پەیامی موتوربەکردن و دەوڵەمەند و بەپیت کردن بێ ، نەك خنکاندن و سڕینەوەی شەقڵ و نیشانە و مۆرکی ڕەسەن و راستەقینە ، چونکە (ئەدەبی نەتەوایەتێ بەرهەمی بەهرەی ئەدەبەکانیتر هەڵدەمژێ و سودیان لێدەبینێ ، لە هەمان کاتیشدا ڕەسەنایەتێ خۆی دەپارێزێ و شەقڵی نەتەوایەتێ ناشکێنێ ••• ) [٦] •

بە پێچەوانەی هامێزکردنەوە و هەڵکێشانی هەناسە و نەفەسی ئەدەبی بیانێ ، هەر ئەدەبێك بیەوێ خۆی لە چوارچێوەی ئەدەبی نەتەوایەتێدا بەند بکات و هەمو دەرگا و پەنجەرەکان لەسەر خۆی دابخا ، وای لێدێ هەواکەی بۆگەنێ دەبێ و پشوی تەنگ دەبێ و بەرەو کزێ و لاوازێ دەچێت، ڕۆژ بە ڕۆژ لە کاروانی شارستانێتێ زیاتر دوا دەکەوێ • ( ڕۆژگاری ماڵ کاولێ هەر ئەدەبێك ئەو ڕۆژگارەیە کە ئەدەبی نەتەوایەتێ کروشکەی تێدا کردوە و هەمان باس و بەرهەمی کاوێژکردۆتەوە ، تا لە تام و بۆ کەوتوە و هێندە سواوە نوسەرەکان لێی بێزار بون •• ) [٧]

بەم جۆرە دەبینین ڕوکردنە ئەدەبی بێگانە و سود لێوەرگرتنی دەبێتە

---

(٥) د. محمد غنيمي هلال : الادب المقارن ، القاهره ، ١٩٧٣ ، ل ١٠٦ •

(٦) د. محمد غنيمي هلال : دور الادب المقارن في توجيه دراسات الادب العربي المعاصر ، القاهرة ، ١٩٥٦ ، ل ٣ •

(٧) د. محمد غنيمي هلال : الادب المقارن ، القاهرة ، ١٩٧٣ ، ل ١٠٤ •



Scanned with CamScanner

مایەی گەشەسەندنی ئەدەبی نەتەوایەتی و بە پێچەوانەش گرموڵە کردن و لاسایی کردنەوە نێو قەپێلك و خۆ مات‌کردن و گۆشەگیری ئەدەبی نەتەوایەتی سەر بۆ رزێن و سێس بۆن و دافرەقانی ئەدەبەکە دەکێشێ . بۆیە پێویستە ئەدەبی نەتەوایەتی سۆد لە ئەدەبی بێگانە وەربگرێ . بەلام لە هەمان کاتدا سیمای نەتەوایەتی خۆی زەوز نەکا . ( هەر نوسەرێك لایەنی نەتەوایەتی خۆی فەراموش کرد و خۆی لە ئەدەبی بێگانەدا نقوم کرد . شتێکی بۆش و مایە پوچ بە خوێنەر دەبەخشێ . خۆی دەدۆڕێنێ و لە دەست ئەدەب و زمانەکەی خۆی دەچێ ، وەکو ئەو کەسە وایە بیەوێ ئاوی روبارێك بخواتەوە و هێندە بچێتە ناو ئاوەکەوە تێیدا بخنکێ ) ..[٨]

جا کە کەڵك وەرگرتن و لاساکردنەوەی ئەدەبی بێگانە هێندە باش و بە قازانج بێ بۆ پەرەپێدانی ئەدەبی نەتەوایەتی ، دیارە دەبێ رۆن‌کردنەوە و هاندانی ئەم جۆرە دان و بەخشین و وەرگرتنە لە سنوری رەواو تایبەتی خۆیەوە لەو گرنگتر بێ . هەر لەبەر ئەو بایەخ و گرنگییەشە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری پەیدابوە . ئەرکی ئەدەبی بەراوردکاری ئەوەیە ئەم کاریگەرە ئەدەبییانە دەستنیشان بکا ، بزانێ لە هەر قۆناغێکی ئەدەبیدا ئەدەبی نەتەوایەتی کەوتۆتە بەر کاریگەری کام ئەدەب و رێبازی بیانی ، هۆی کارتێ‌کردنەکە چی بوە ؟ لە کاتی وەرگرتن و پێڕەوکردندا نوسەرانی خۆیی تا چ رادەیەك شتی نوێیان بە ئەدەبی خۆیان بەخشیوە و چۆن توانیویانە سەرباری خواستنی هەندێ ژانر ( جۆری ئەدەبی ، وەك کورتە چیرۆك ، شانۆگەری ، رۆمان ، چیرۆکی گیانداران ... ) و رۆی هونەری و شتی‌تری بێگانە ، نیشانە و خەسیەتی خۆماڵی بپارێزن ، دەوری ئەم کارتێ‌کردنە چیە و چی بوە لەگەشە پێدان و پێش‌خستنی ئەدەبی نەتەوایەتیدا .

---

(٨) د. محمد غنیمی هلال : دور الادب المقارن ، القاهرة ، ١٩٥٦ ، ل ٢٩ .

بەم جۆرە دەبینین پەیوەندییەکی دوو قۆڵی لە نێوان ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی بێگانەدا هەیە ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریش ئەم پەیوەندییە شی‌دەکاتەوە و هەڵی‌دەسەنگێنێ • هەموو ئەدەبێکی نەتەوایەتی لە پێناوی راگەیاندنی پەیامی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی سەرشانی سوود لە ئەدەبی هەندەران وەردەگرێ و ئەگەر لە باریدا هەبێ سوودیشیان پێ دەگەیەنێ ؛ بەم جۆرە هەموو ئەدەبەکانی ئەم سەر زەمینە کار لەیەك دەکەن و لە پێناوی هێنانە دی ئەدەبێکی جیهانی پێشکەوتنخواز و پێشکەوتوودا تی‌دەکۆشن کە هەم روخساری نەتەوایەتی ون نەکات و هەم ناوەرۆکی بەرزی مرۆڤایەتیش بچەسپێنێ •

**لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا پێویستە :**

- ئەدەبی نەتەوایەتی سنگی کردبێتەوە ، دەستی بۆ ئەدەبێکی بێگانە درێژ کردبێ ؛ جا چ سوودی لێ‌وەرگرتبێ (کە ئەمەیان مەبەستترە ) و چ سوودی پێ‌گەیاندبێ • سوود وەرگرتنەکەش دیار و بەرچاو بێ ، هەر هیچ نەبێ لە بەراوردکارەوە دیاربێ ، جا چ بە شێوەیەکی زەق و راستەوخۆ ، چ بە شێوەیەکی لابەلا و داپۆشراو •

- دیارە ئەمەی سەرەوە ، ئەوە دەسەپێنێ کە بەرامبەر بە ئەدەبە نەتەوایەتییەکە ئەدەبێکی بێگانە هەبێ ، بە ئەدەبە نەتەوایەتییەکە گەیشتبێ ، سوودی پێ گەیاندبێ ، یا کەڵکی لێ‌وەرگرتبێ • یا هەندێ رووی هونەری و ژانری نوێی لە بەردەم دانابێ و خۆراکێکی بە پێزی بۆ ئامادە کردبێ و خوێنێکی گەرم و گوڕ و نوێی لە دەمارەکاندا بزواندبێ •

- هەبوونی ئەو پەیوەندییە بەس نیە ، دەبێ بەراوردکار ئاوڕ لەم پەیوەندییە بداتەوە ، ئەگەر زۆر ئاشکرا نەبوو ئاشکرای بکا و ، بیخاتە بەرچاوی خوێنەرانەوە •

● که پەیوەندییەکەی بۆ ئاشکرا بۆ دەبێ بە دوای بەڵگەی مێژوییدا بگەڕێ و بە تەواوێ بیسەلمێنێ کە ئەم دۆ بەرھەمە سۆدیان لە یەکتر بینیوە ، نەبادا پێکچۆنەکە ئەنجامی کاریگەری مێژوییێ نەبێ و تەنیا بۆ پێکچۆنی باری دەرۆن و ژیانی ھەردۆلا بچێتەوە ، یا بۆ رێکەوت بگەڕێتەوە … چونکە پێکچۆنی باری دەرۆن و ژیانی کۆمەڵایەتێ و ئابورێ ھەردۆلا ئەگەرچی ھۆیەکی گەورە و رێخۆشکەرێکی بەھێزە بۆ پەڕینەوەی کاریگەرێ ئەدەبێ ، بەڵام ھەر تەنیا پێکچۆنەکەیان بەبێ ئەوەی ئاگاداری یەك بن و کاریان لەیەك کردبێ نابێتە باسێکی زانستێ ئەدەبی بەراوردکارێ، خۆ رێکەوتیش ، ئەگەرچی جاروبار دۆ بەرھەم لێك نزیك دەکاتەوە ، بەڵام ئەگەر لێك نزیك بۆنەکەیان ھەر تەنیا سەبارەت بە رێکەوتەکە بێ و پەیوەندییان لە نێودا نەبێ دیسان ئەدەبی بەراوردکارێ خۆی لە قەرە نادا .

● ئەم دۆ ئەدەبەی بەراوردکار لێیان دەکۆڵێتەوە دەبێ زمانی نۆسینەوەیان جودا بێ . واتە ھەریەکە بە زمانێك نۆسرابێتەوە و زادەی بەھرە و بیری نەتەوەیەك بێ ، جا نۆسەرەکە لە ھەرچی رەگەز و رەسەن و تیرە و بەرەباب و نەتەوەیەك بێ گرنگ نیە . لە جیھانی ئەدەبی بەراوردکارێدا ھەر بەرھەمێکی ئەدەبێ بە موڵکی ئەو نەتەوەیە دادەنرێ کە بە زمانی ئەوەوە نۆسراوە ، جا کێ نۆسیویە و چی نۆسیوە ، ئەمە گرنگ نیە . گرنگ زمانی ئەدەبەکەیە ، زمانی نۆسینەوەی بەرھەمەکەیە .

● بێگومان ئەگەر کاریگەرێك لە نێو دۆ بەرھەمی ئەدەبێدا ھەبێ ، دەبێ ھۆیەك ھەبێ ئەم کاریگەرەی پەڕاندبێتەوە ؛ وەکو کتێب ، وەرگێڕان، نۆسەر ، کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبێ ، سەردان ؛ … کە لە شوێنی خۆی بە درێژێ باسیان دەکەین . جا ئەرکی ھەرە گەورەی بەراوردکار ئەوەیە ئەم ھۆیانە بدۆزێتەوە و ساغیشیان بکاتەوە .



Scanned with CamScanner

● پاش ئەوەی کە ئەم هەمو شتانە ساغ بونەوە ، بەراوردکار دێتە سەر هەردو بەرهەمەکە و لەگەڵ یەکتریان بەراورد دەکا ، ئەمەش ئامانج و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیە ، بەراوردکار باسی روی پێکچون و پێك نەچونی دو بەرهەمەکە دەکا ، باسی ئەوە دەکا کاریگەرەکە تا چ رادە و ئەندازەیەك بوە ؟ ئاخۆ شتێکی نوێی خستۆتە سەر ئەدەبی نەتەوایەتی یان نا ؟ توسەر لەم کەوتنە بەر کاریگەرەدا تا چ رادەیەك کوێرانە لاسای بێگانانی کردۆتەوە و تا چ رادەیەکیش لەبەر رۆشنایی ئەدەبەکەی ئەوان شتی نوێی لە ئەدەبی نەتەوایەتیدا داهێناوە ؟ .

★ ★ ★

Scanned with CamScanner

# بەشی دووەم

## ڕێ و پێکی ئەدەبی بەراوردکاری

گومانی تێدا نیە دیاردەی کار لەیەك‌کردن و کەڵك لە یەکدی وەرگرتنی ئەدەبی نەتەوە جۆر بە جۆرەکانی دونیا وەك هەر زانست و زانیارییەکی تر تا ماوەیەکی زۆر هەبوە و پەرەی سەندوە و رەگی باش چەسپاوە ئینجا وای لێ‌هاتوە سـەرنجی نوسەر و زانایانی راکێشـاوە وای لێ‌کردوون بەرهەمی ئەدەبی دوو نەتەوە یا زیاتر بەراورد بکەن و لایەنی پێکچوون و جیاوازی هەردوو بەرهەمەکە دەستنیشان بکەن و لە روانگەی مێژوییەوەش تەماشای ئەم کار تێ‌کردنە بـکەن و هۆ و ئەنجام و سەبارەتەکانی بـۆ پەیوەندی مێژوویی و بەیەك گەیشتنی هەردوو بەرهەمەکە بیەنەوە • بەمەوەش ئەدەبی بەراوردکاری هێدی هێدی چەقێلەی دا و سەری بەرزکردەوە ، پەیتا پەیتا رێ و شوێن و دەستور و یاسای لێ‌هەڵێنجرا و بوو بە زانستێکی سەربەخۆ ، ئەمڕۆ لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا شان بەشانی زانستەکانی‌تر دەوری گەورەی خۆی لە ساغ کردنەوە و هەڵسەنگاندن و بەرەو پێش بردنی کاروانی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا دەگێڕێ •



Scanned with CamScanner

جا ئەگەر بمانەوێ سەرنجێکی سوك و خێرا لە چۆنیەتی پەیدابوون و بڵاوبونەوەی رێ و پیك و چڵ و پۆ دەرکردنی ئەدەبی بەراوردکاری بدەین و چۆنیەتی رسکان و نەش و نما کردن و پێگەیشتنی پێشان بدەین و بزانین چۆن پلە بە پلە و قۆناغ بە قۆناغ ، بە گوێرەی گۆڕانی رۆژگار و هەوراز هەڵکشانی رەوتی مێژوی مرۆڤایەتی گەڵاڵە بوە و رێچکەی تایبەتی خۆی دۆزیوەتەوە و لە بۆتە و قالبی سەربەخۆیدا مەییوە و پێگەییوە ، ناچارین وەکو هەمو باس و خواسێکی تری ئەدەبی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و گەردونەوانی و ئایین و یاساگەری و•• بۆ لای یۆنان ـ گریك ـ و رۆمان ـ لاتین ـ ەکان بچینەوە و سەرەداوی دەزوەکە لەوێوە هەڵکەینەوە ؛ چونکە یەکەم نیشانەی زەق و بەرچاوی کاریگەری ئەدەبی لەوێوە ترۆسکە و برۆسکە داوێ و بە ئاستەم دەدرەوشێتەوە ، سودی ئەم دیاردەیەش هەر لەوێوە بۆ پسپۆڕ و لێزانەکانی پاشتری دەرکەوتوە ، و شەیدای ئەم چەند شیکردنەوە و توێژینەوانەی کردون •

کارکردنی ئەدەبی یۆنانی لە ئەدەبی رۆمانی یەکەمین نمونەیە لە کاریگەری ئەدەبی جیهانی کە تا ئێستا مابێتەوە و بە زەقیش دیار بێ و دەستی زانستی بەراوردکاری پێ گەیشتبێ •

ساڵی ١٤٦ پ • ز کە دەوڵەتی یۆنان ، لە ئەنجامی نەهامەتی رۆژگاری نالەبار و شلۆق بون و ناگزوری و دازانی ناوەخۆی ، هەرەسی هێنا و چۆکی لەبەر زەبری گرانی دەسەڵاتی رۆمان دادا ، روخانی یۆنان تەنیا هەر لە بواری دەسەڵاتی سیاسییەوە بو ، چونکە لە بواری شارستانێتی و رۆشنبیریدا هاوتا و هاوشانی نەبو ، ئیدی لە بارەی ئەدەب و رەوشتناسی و فەلسەفە و رۆشنبیری گشتییەوە کارێکی زۆری لە رۆمانەکان کرد ، ( رۆمانەکان ، خۆیان پیاوی شەڕ و ئاوەدانی و شارستانێتی بون ، بەڵام لە بەهرە و توانای ژیری داهێنەرانەدا پێخواس بون ، ئیتر ناچاربون بەسەر

رۆشنبیریی گەلێکی دراوسێی وەکو یۆنانەوە بینە لامێژ و سپلی لا ورگ ، لەم سۆچەوەشدا پەنایان دەبردە بەر زۆر رێگا ، رێگا هەبوو ناپیاوانە بوو ، رێگاش هەبوو ئاسایی بوو . بۆ نموونە کە دیلیان لە شەڕدا دەگرت و یەخسیریان دەکرد بۆ فێرکردن و پەروەردە کردنی مندالی خۆیان بەکاریان دەهێنان . ئەمەش کارێکی جوان نیە ، بەڵگەی ئەوەیە کۆیلەی یۆنانی لە ئاغای رۆمانی زیاتر شایەنی ژیان و مانەوە بوو ، بێجگە لەمەش ــ عەیان و خانەدانەکان ــ ی رۆمان کە کوڕیان هەراش و فەرازی دەبوون دەیانناردنە ــ ئەسینا ــ ، بۆ ئەوەی لە زانکۆکانی ئەوێدا بخوێنن ، چونکە رۆما لە هەڕەتی سەرفرازیدا یەك تاقە زانکۆ چیە ، تێیدا نەبوو تیشکی زانیاری بڵاوبکاتەوە . رۆمانەکان لە جەنگ و جیدال و یاساگەریدا باش هەڵکەوتبوون بەڵام بەشەکانی تری رۆشنبیرییان لێ‌بوبوە حەزرەت ، بۆ فەلسەفە و رەوانبێژی و رەوشتناسی و گەردوونەوانی و ئەدەب و هەموو هونەرەکان و بگرە بۆ ئایینیش دەستیان لەبەر یۆنانەکان پان دەکردەوە)[1]. بۆ ئەوەی ئیمپراتۆرییەتی تازە دامەزراویان پێ بچەسپێنن ، بەم جۆرە نووسەرەکانی رۆمان کەوتنە سەر لاکی ئەدەبی یۆنانی و بەربوونە سەر خواردن و لاساکردنەوەی ، جا ئەم لاساکردنەوەی ئەوان چ کوێرانە بووبێ و چ داهێنەرانە سوودێکی زۆری بە پێ گرتن و راست بوونەوەی ئەدەبی رۆمانی گەیاند . پێویستە لێرەدا ئاوڕێکیش لەوە بدەینەوە کە ئەدەبی یۆنانی ئەگەرچی لاسای هیچ ئەدەبی پێش خۆی نەکردۆتەوە بەڵام مادام باس هاتە سەر باسی لاساکردنەوە ، وەکو ئەفلاتون و ئەرەستۆ بۆی چووبوون ئەویش هەر لاساکردنەوە بوو ( ئەوان وا تێ‌دەگەیشتن کە ئەدەب خۆی لە خۆیدا لاساکردنەوەیە ) ، ئەوەندە هەیە لە باتی ئەوەی لاساکردنەوەی ئەدەب بێ ، لاساکردنەوەی شتی ماددی و سروشت و جیهانی

---

(1) هۆراس : فن الشعر . ترجمة د. لویس عوض ، القاهرة ، ١٩٧٠ ، ل ٣٠ ــ ٣١ .

دەرەوە بۆ • ئەفلاتون لای وایە ئەدەب لاساکردنەوەی شتی ماددییە .
ماددەش ( لە فەلسەفەی ئەودا ) ڕەنگدانەوە یا سێبەری دونیایەکی نمونەییە.
بە گوێرەی ئەم باوەڕەی ئەفلاتون . ئەدەب سێ هەنگاو لە ڕاستی دوور
دەکەوێتەوە ( شاعیری تراژیدیش لاسایی کەرەوەیە . هەر بۆیەش وەکو هەمو
لاسایی‌کەرەوەکانی تر سێ هەنگاو لە پادشا ـ مەبەستی خوایە ـ و لە ڕاستیدا
دوور دەکەوێتەوە ... )[٢] سێ هەنگاوەکەش بەم جۆرەیە :

**یەکەم :**

نمونە . واتە ئەو دونیا نمونەییە ئایدیالییەی ئەفلاتون وای دادەنا لە پەنا دونیا ماددییەکەی ئێمەدا هەبوە و هەیە •

**دوەم :**

سێبەر نمونەکە کە سروشت و ماددەیە •

**سێیەم :**

لاساکردنەوە و ڕەنگدانەوەی ماددەکە کە ئەدەبە ..

ئەمە ئەفلاتون . کەچی ئەرەستۆ بە جۆرێکی‌تر بۆ لاساکردنەوە دەچوو،
ئەو لای وابو لاساکردنەوە سێ چەشنە •

**یەکەم :**

لاساکردنەوەی چۆنیەتی ـ واقع ـ ی شت . واتە چۆنە ئاوا . ئەوەی کە هەیە •

**دوەم :**

لاساکردنەوەی ئەو شتەی کە دەگونجێ لە واقیعدا بێتە دی •

**سێیەم :**

لاساکردنەوەی شتی نمونەیی ، واتە ئەوەی دەویسترێ بێتە دی[٣] •

---

(٢) David Daiches : Critical Aproaches to Literature. London. 1967. P. 15.

(٣) Ibid. P. 112.

ئەمە یۆنانەکان ، کەچی رۆمانەکان وا نەبوون ، هێندە دوور نەدەڕۆیشتن، ئـەوان گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی پڕ گەوهەریان لـە بەردەم بوو ، ئەدەبی یۆنانییان لە پێش بوو ، بۆیە داوایان دەکرد کە نووسەر و شاعیرەکانیان لاسای ئەدەبی بەرزی یۆنانی و بلیمەتە هەڵکەوتووەکانیان بکەنەوە • هۆراس ، بە ئاشکرا ، بێ پێچ و پەنا ، داوا لە نووسەرانی رۆمان دەکا لەسەر رێ و شوێنی یۆنانەکان بڕۆن ، دەڵێ ، « بە شەو و بە رۆژ بکەونە سـەر پاشماوەکانی یۆنان ، بە شەو و بە رۆژ بکەونە سەریان ••• »[٤] بۆ ئەوەی بە تەواوی تێی بگەن و لە ناویدا بتوێنەوە و بە شـێوەی ئەوان بنووسن ، بـەم جۆرە دەبینین (هۆراس) خۆی ئیلهامی لـە ( بندارۆس )ی یۆنانی وەردەگرت ، (فرجیل) لە داستانەکەیدا لاسای (هۆمەر)ی دەکردەوە ، (شیشرۆن) لـە خوتبەکانیدا لاسای (دیمۆستین)ی دەکردەوە • نەك هەر بۆ ئەدەب و ژانری ئەدەبی ، بگرە بۆ وشەی زمانیش هەر سەریان لە کەلاکی زمانی یۆنانی نابوو، (وشەی نوێ و داڕژاو ، ئەگەر لە سـەرچاوەی گریکییەوە وەرگیرابێ و نەختێ مشت و ماڵ درابێ شتێکی پەسندە ••• )[٥]

جا بەم هەڵمژین و هەزم کردنە ، ئەدەبی رۆمانی خوێنی زایە دەمارە وشکەکان و سەری قیت کردەوە تین و تەوژمێکی پەیداکرد و پەل و پۆی هاویشت ، لەم کاتەدا « مێژوونووسەکان ویستیان بەرهەمی نووسەر و شاعیرانی خۆیان لەگەڵ نموونەی یۆنانیدا بەراورد بکەن ، ئەگەرچی بەراوردکردنەکەیان زۆر سادە و ساکار و سەرەتایی بوو ، هەموو هەل و مەرجێکی زانستـانەی لێ نەهاتبووە دی ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بۆ سەردەمی خۆی قۆناغێك بوو بۆ مێژوو و بۆ ئەدەبی بەراوردکاری تۆماری کرد ••• »[٦] •

---

(٤) هۆراس : فن الشعر ، ترجمة د. لويس عوض ، القاهرة ، ١٩٧٠ ، ل ٧٧.

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٧٧ .

(٦) ریمۆن طحان : الادب المقارن والادب العام ، بیروت ، ١٩٧٢ ، ل ١٧ .



Scanned with CamScanner

( کاتیلیان )ی ڕەخنەگری ناسراوی ڕۆمانیِ یەکێ بۆ لەو نوسەر و ڕەخنەگر و زانا زرنگ و هوشیارانەی تەقەلایەکی مەردانەی دا و هەنگاوێکی گەورەی بەرەو ڕونکردنەوەی تیورەکانی ئەدەبی بەراوردکاریِ هاوێشت • کاتیلیان هەندێ دەستوری تایبەتیِ بۆ لاساکردنەوەی ئەدەبیِدانا :

١ــ لاساکردنەوەی شاعیر و نوسەران بنچینەیەکی ئەوتۆیە هەرگیزا و هەرگیز ناتوانین پشتی تیِبکەین و دەست بەرداری بین •

٢ــ لاساکردنەوە وەنەبیِ شتێکی سوك و کەم ئەرك بیِ ؛ دەبیِ لاساکەرەوەکە بەهرە و توانایەکی زۆری هەبیِ بۆ ئەوەی توشی گرفت و تەگەرە نەیەت و لە قوڕدا نەچەقیِ و لە ڕەوتی ئەدەبیانەی لاساکردنەوەکەیدا سەرکەوێ •

٣ــ پێویستە لاساکردنەوە کاکلی ئەدەب و پرۆگرامی ئەدەبیش بگرێتەوە ، نەك تەنیا هەر لە سنوری لاساکردنەوە و وەرگرتنی وشە و ڕستە و عیبارەتدا بیِ •

٤ــ ئەوەی لاسای یۆنانەکان بکاتەوە پێویستە نمونەی وا هەڵبژێرێ کە پێی بکرێ لاسایان بکاتەوە . ئەو بەهرەیشی هەبیِ نمونەی چاك و خراپ ، بەرز و نزم . قوڵ و ڕوکەش لێك جودا بکاتەوە. بۆ ئەوەی لە کاتی پێڕەوکردن و لاساکردنەوەدا خراپ و گەندەڵەکە بخاتە پشت گوێ و چاك و بە پێزەکە بخاتە پێش چاو ..(٧)

ئەم باوەڕ و دەستور و پرۆگرامە بەرزەی کاتیلیان کارێکی زۆری کردە سەر نوسەر و ڕەخنەگرانی سەردەمی خۆی و ئەوەکانی دوای خۆیشی،

---

(٧) د. محمد غنیمي هلال : الادب المقارن . القاهرة ، ١٩٧٣ ، ل ٢١ . ئەویش بەش بە حاڵی خۆی لە ( Institutio Oratoria ) ی وەرگرتوە .



Scanned with CamScanner

ئەوە بۆ هەمو رەخنەگرەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ، پەیڕەوی هەمو یا زۆربە یا هەندێ لەو دەستورانەیان دەکرد و دەهاتن ئەدەبی یۆنانی و رۆمانییان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرد ، رۆی کاریگەری ئەدەبییان پیشان دەدا •

بێ گومان ئەم هەمو هەوڵ و تەقەلا پیرۆزەی رەخنەگرانی رۆمانی بە نمونەیەکی سەرەتایی و لە هەمان کاتیشدا نمونەیەکی پتەو و چەسپاوی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێ • راستە ، ئەو حەلە تیورەکە زۆری ما بۆ بگاتە پۆپەی داهێنان و چەسپان و گەشانەوە ، بەڵام سەرباری ئەمەش دەورێکی زۆری لە گەشەپێدان و زیندوکردنەوەی ئەدەبی رۆمانیدا هەبو و بناغەیەکی مکوم و دارژاو بو بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری •

هەروا بو ، تا سەردەمی راپەڕین ــ سەدەی پازدەم و شازدەم ــ هاتە پێشەوە ، ئەو سەردەمە گەلێ سەر و سۆراغو باسو خواسی نوێی هونەری و ئەدەبی لەگەڵ خۆیدا هێنایە کۆڕی بەکارهێنان و هەڵسەنگاندن و لێدوانەوە• لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەم رێبازێکی ئەدەبی لە فەرەنگستاندا پەیدابو بە ناوی ( لاپلیاد ــ الثریا ــ پێرو )[8] ، ئەم رێبازە زۆر بایەخی بە شیعر دەدا ، سەرەتایەکی چوست و چاك بو بۆ چۆزەرەدانی رێبازی کلاسی کە لە

(٨) ئەمانە تاقمێ بون لە حەفت کەس پێك هاتبون کە ئەمانەن : (رۆنسار ، دۆبیللی، ریمێبیلو ، گودل، دورا ، بائیف، بلبتی) ، ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە بە یەکەم رێباز و بزوتنەوەی ئەدەبی دادەنرێ کە بە شێوەیەکی رێك و پێك و بە گوێرەی پرۆگرام و بەیانێکی ئەدەبی دیار و سەربەخۆ کاری کردبێ .. سەرۆکی ئەم تاقمەیە رۆنسار بو (١٥٢٤ ــ ١٥٨٥) ، ئەمەیان گەورەترین شاعیری فەرەنگی سەردەمی راپەڕین بو ، بەهۆی لێ گەیشتنی نمونەی گریکی و لاتینی و ئیتالی بەشداری نوێکردنەوەی شیعری فەرەنگی کرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرەکەیان بە زەقی پێوە دیار نیە ، بۆ زیاتر رونکردنەوە بڕوانە :
The penguin Book of French Verse. 2. P. IX - X.

سەدەی حەڤدەمینەوە لە ئەڕەنگستان خۆی دازشت و چەسپا... پیرۆ بریتی بۆ لەو بزوتنەوە ئەدەبییە ریك و پیکەی کە لــە حەفت کەس پیك‌هاتبۆ و بەیاننێکیان بە ناوی ( لەسەر کردنەوە و رون کردنەوەی زمانی فەڕەنگی ) دەرکرد (٩) .

ئەم تاقمە ــ پیرۆ ــ بە شێوەیەکی گشتی لەو بڕوایەدا بۆن کە دەبێ زمانی فەڕەنگی لەژێر دەسەڵاتی خنکێنەری لاتینیدا رزگار بکرێ . پێیان لێ‌دەنا کە زمانی فەڕەنگی کز و لاواز و هــەژارە و دەبێ تین و تەوژمێکی نوێی پێ‌بدرێ ، بڕواشیان وا بۆ کە ئەم تەوژم پێدانە بە هۆی لاساکردنەوەی کۆنینەکان و پــەیدا کردنی وشەی نوێ دەستگیر دەبێ ، جا چ لــە زمانی یۆنانی و رۆمانی بیخوازنــەوە . چ خۆیان دایبڕێژن . ئەمانە کە لاســای پێشینیانیان دەکردەوە ، کوێرانە لاسایان نەدەکردەوە ، یا هەر تەنیا بۆ بەجێ گەیانــدنی رەوشێکی ئەدەبی ئەوســا نەیاندەکرد ، بۆیــە ملیان دابــوە لاساکردنەوە چونکە هەستی ناسکی خۆیان وریای کردبۆنەوە کە کۆنینە بەرهەمی پوختــە و روختە و شــتی بەرز و نایابیان پێشــکەش کردوە و

---

(٩) بەیانەکە بە فەڕەنگی ئەمــەیە :

La Défense et Illustration de la Langue Française.

ئەم بەیانەیە دۆبیــللی (١٥٢٢ ــ ١٥٦٠) نوســیویە کــە یەکێ بۆ لە حەفتەوانەکەی تاقمی پیرۆ و برادەرێکی دڵسۆز و نزیکی رۆنساریش بۆ . شیعرە سەرەتاییەکانی تا رادەیەکی زۆر ئیلهامی ئەفلاتونی پێوە دیار بۆ . پێنج ساڵ ئەفەرۆز کرایە رۆما ، لەوێ کەوتە ژێر کاریگەری باری ژیانی کۆمەڵایەتی و بەهرەی نوسەرانی ئەوێ و دۆ کتێبی دانا کە ئەم کاریگەرەیان تێدا رەنگ دەداتەوە و بە چڵەپۆپەی داهێنانی سۆنێتاکانیشی دادەنرێن . دۆ کتێبەکەش ئەمانەن : ( عەنتیکەکانی رۆما ــ

( Les Antiquites du Rome

و (خەمەکان ــ Les Regrets ) بڕوانە : The Penguin Book of French Vers, 2. P. VIII .

دەشـــێ پیاو کەڵکیان لێ وەربگرێ • واتە ( شـــاعیرەکانی ـ پێرۆ ـ بـە تێگەیشتنەوە شتیان لە کەلەپوری سەدەکانی ناوەڕاست وەردەگرت و بـە شوێن نمونەی گریکێ و لاتینیدا دەگەڕان ••)[10] • لێرەدا هەندێ بیر و باوەڕی دۆرا و دۆبیللی دەخەینە بەرچاو کە پەیوەندییان بە باسەکەمانەوە هەیـە •

( دۆرا ) ئەندامێکی تاقمەکەی ـ پێرۆ ـ بو ، رەخنەگرێکی زیرەك و هوشیاری سەردەمی خۆی بو • بە شێوەیەکی زانستی مانای لاساکردنەوەی بـۆ سوختە و شاگردەکانی رون دەکردەوە • ئـەم رەخنەگرە لەناو بۆتەی ئەدەبی بەراوردکاریدا قاڵ ببو ، لە کرۆکی زانستی باسەکە گەیشتبو ، نمونەی بەرز و ئاشکرای لێدەرهێنا بو • ( دۆرا ) زۆر وەستایانە سوختەکانی خۆی تێدەگەیاند کە چۆن ئەدەبی یۆنانی کاری لە پێشـــکەوتن و گەشـــانەوەی ئەدەبی رۆمانی کردوە ؟ و چۆن ئەدەبی رۆمانی بەهۆی چاولێکەری یۆنانەکان گەشەی سەند و پشکۆژەی نوێی دەرکرد و رەونگی هێنایەوە و پـەڕ و باڵێ دەرکرد ؟ چۆن ( دیموستین ) کاری لە ( شیشرون ) کردوە ؟ ( فرچیل ) کـەو کەوتبوە بـەر کاریگەری ( هۆمەر ) و ( تیۆکریت ) ؟ پەنجەیشی بۆ ئـەوە رادەکیشا کە هۆی سەرەکی بوژانەوەی ئەدەبی ئیتالی لە سەردەمی راپەڕیندا ئەوەیە کە لە سەرچاوەی گریکی و لاتینی هەڵدەمژێ •

(دۆبیللی)ش باوەڕی زۆری بە سود و قازانجی چاولێکەری هەبـو ، خـۆی ئەو ماوەی کە هەڵدرایە رۆما ، کەوتە بەر کاریگەری ئەدەبی ئەوێ و دو کتێبی دانا ( عەتیکەکانی رۆما ـ خەمەکان ) کە مۆرك و بەر و شیمای لاساکردنەوەیان ئاشکرا پێوە دیارە ، جگە لەوەی کە خۆی باوەڕی زۆری بە لاساکردنەوە هەبو ، دەیگوت : « ئەگەر لاسای یۆنان و رۆمان نەکەینەوە ،

---

The Penguin Book of French Verse. 2. P. XXV.

(١٠)

ناتوانین زمانەکەمان بەرەو پێش ببەین .. » [11] . هەروەها لەو بڕوایەدا بۆ کە ئەدەبی ئیتالی بۆیە پێش ئەدەبی فەڕەنگی بۆژاوەتەوە . چونکە ئیتالییەکان چاکتر و زیاتر توانیویانە لاسای رۆمانەکان بکەنەوە و سوود لە بەهرە و لێکدانەوەی ژیرانەیان وەربگرن .

دۆبیللی وای بە چاك دەزانی . لە کاتی خوێندنەوە و شت وەرگرتندا . یا لە کاتی بەراوردکردنی ئەدەبێدا پشت بە وەرگێڕان نەبەسترێ . چونکە وەرگێڕانەکە هەر چەندە دروست و بەجێ بێ پڕ بە پێستی خۆی نابێ و جێگەی تەواوی دەقە ئەسلییەکە پڕ ناکاتەوە . هەروەها لەو بڕوایەدا بۆ کە لاساکردنەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی هیچ سوودی نیە بۆ دەولەمەند و بە پیت و بەرەکەت کردنی ئەدەبی نەتەوایەتی . چونکە هیچی نوێ ناخاتە سەر خەرمانی ئەدەبی خۆمالی . هەر کاوێژ کردنەوەیە و کاوێژیش هیچی نوێی تێدا نیە .. بەمەوەش رەگەزێکی بەرزی خستە ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری کە پێشتر ئەم رەگەزە لای لێنەکرابۆوە و پاشتریش بۆ بە رەگەزێکی بنجی لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا . ( ئەی ئەو کەسەی گەرەکتە زمانەکەت بگەشێنێتەوە و خۆشت سەر هەڵبدەی . ئەگەر شوێن لاساکردنەوەی نەکامڵ بکەوی . ئەگەر لاسای نوسەرانی زمانی خۆت بکەیتەوە . کارەکەت شەتو پەت و بێ هودە دەردەچێ . هیچ خێری لێنابینرێ . شتێکی وا پێشکەش زمانەکەت دەکەی کە پێشتر تێیدا هەبوە ... ) [12]

لەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە تاقمەکەی ( پێرۆ ) هەر داوای لاساکردنەوەیان نەدەکرد و بەس . بگرە باوەڕیان وا بۆ لاسایی کردنەوە

---

(11) د. محمد غنیمی هلال : دور الادب المقارن . القاهرة . ١٩٧٣ . ل ٢٣ – ٢٤ .

(12) د. محمد غنیمی هلال : دور الادب المقارن . القاهرة . ٩٥٦ . ل ١٢ .



Scanned with CamScanner

ئەدەبی فەڕەنگیی دەبوژێنێتەوە و وەکو ئەدەبی ئیتالیی رەگ و ریشـەی پێ دادەکوتێ • ئەم تاقمـە لە رێگـەی بڵاوکردنەوەی بەیانەکەیان و بەهۆی بەرهەمەکانیانەوە دوو بنچینەی زۆر گرنگیان بۆ ئەدەبی بەراوردکاریی ئـەو سەردەمە زیاد کرد ، کە تـا رۆژی ئەمڕۆش بە بنچینـەی هـەرە پتـەوی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی دادەندرێن :

١ــ نابێ بەراوردکار بە تەواوەتیی پشت بە وەرگێڕان ببەستێ ؛ بەڵکو دەبێ بەپێی توانا و دەسـەڵات و دەست رۆیشـتنەوە ئەدەبـە رەسەنەکە ، ئەوەی کاریگەر بوە ، بە زمـانی زگماکی خـۆی بخوێنێتەوە و تام و چێژی راستەقینەی لێ‌وەربگرێ •

٢ــ پێویستە شاعیر و نوسەر پێڕەویی ئەدەبی نەتەوەکانی‌تر بکەنەوە ، پێڕەوی بەرهەمی وا بکەن کە لە ئەدەبی خۆیاندا نەبێ یا بـەو جۆرە هونەرییە دانەڕژابێ ، بۆ ئەوەی بتوانن ئەدەبی نەتەوایەتیی پێ متوربە بکەن • پێویستە بەپێی دەسەڵات و توانا ، خۆیـان لە لاساکردنـەوەی ئەدەبی نەتەوایەتـیی بە دوور بگرن چـونکە لاساکردنەوەی ئەدەبی نەتەوایەتیی خۆماڵیی هـەر جوینـەوە و کاوێژ کردنەوەیە و هیچی تـازە بەم زمـان و بـەم نەتـەوەیە نابەخشێ •••

گوتمان ئەم بزوتنەوە ئەدەبییەی (پێرو)ی نـاو بو ، وەکو پێشەکیی و رێ خۆشکەرێ وا بو بۆ دەرکەوتن و بڵاوبونەوەی رێبازی کلاسیی ، رێبازی کلاسیی لە سەدەی حەڤدەم بە تەواویی خۆی چەسپاند و رەگ و ریشەی قوڵ داکوتا ، ئەم ریبازە گەلێ دەستور و رێ و شوێنی هەبو ؛ وەکو بایەخ دان و پویتە کردن بە شتی بابەتی (موضوعی) ، ستوڕانەوەی باسەکانی بە دەوری خان و بەگلەر و شازادەکان کە فەرمانی هەمو لە هەمویان (مطلق) بەدەستەوە بو ، هەروەها جوانکاریی و رازاندنەوەی شێوەی بریقەداری ئەدەبیی و رو



Scanned with CamScanner

کردنه گرێ لێدراوی دەرەوە و ناوەوە . و ڕەچاو کردنی کۆمەڵە دەستوورێکی هونەری و ئەدەبی ڕەفەکارانەی وشك و برینگ و گەلێکی تریش ... بەلام گرنگترین دەستووری ئەم ڕێبازەیە کە بڕبڕەی پشت و کاکڵی بەرەکەیەنی بریتییە لە مەسەلەی لاساکردنەوە ، ئێمە لێرەدا هەر تەنها ئەم مەرجەمان گەرەکە؛ چونکە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە . کلاسییەکان دەیانەویست ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی ببێ بە سەرمەشق لە نووسین و هەمو لا پێڕەوی پێشینان بکەن . (پوالو)[13] کە ڕەخنەگرێکی بەناو و دەنگی ئەو سەردەمەی ئەدەبی فەڕەنگی و کۆڵەکەی پشتی ڕێبازی کلاسی بو ، (جاکۆند)ی (لافۆنتین)ی لەگەڵ (جاکۆند)ی ئەرەستۆ بەراورد کرد ، بۆ دۆزینەوەی ڕادەی پێڕەوکردن و کاریگەری ئەدەبی نێوان ئەم دو بەرهەمەوە .

بە کورتی کلاسییەکان لە بارەی پێڕەوکردنەوە باوەڕیان بەم چەشنە بو:

١ـ لاساییکەرەوە دەبێ نمونەی چاك و خراپ لەیەك دابڕێنێ ، پێویستە توانای دۆزینەوەی نمونەی چاکی هەبێ تا بیکا بە سەرمەشق ، لە هەمان کاتیشدا دەبێ شتی خراپ بناسێ ؛ واتە ئەوەی ئاستی ئەدەبی نزمە و سودی بە دەمەوە نیە ؛ بۆ ئەوەی لە کاتی نوسیندا خۆیان لەقەرە نەدا و لێیان دور بکەوێتەوە ؛ چونکە مەرج نیە ئەوەی پێشینان گوتویانە و تۆماریان کردوە

(١٣) پوالو (١٦٣٦ ـ ١٧١١) گالتەباز و ڕەخنەگرێکی ناوداری فەڕەنگییە ، باوەڕی بە لایەنی ژیری هەبو لە ڕێبازی کلاسی . یەکێ بو لە کۆڵەکە مکوم و پتەوەکانی ڕێبازی کلاسی ، کۆمەڵە یاسا و دەستورێکی بۆ ئەدەبی کلاسی داناوە کە بە ڕای ئەو نوسەر دەبێ لە کاتی نوسینی هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا پێڕەویان بکات ، هەمو دەستور و بیر و باوەڕەکانی خۆی لە کتێبێکدا بە شیعر هۆنیوەتەوە کە ناوی ناوە ( هونەری شیعر ـ L'Art Poétique - ) ئەم کتێبە و باوەڕەکانی ناویشی ڕەنگدانەوەیەکی (هونەری شیعر)ی ئەرەستۆیە ... (پوالو) بێجگە لەم کتێبە زۆر بەرهەمی تریشی هەیە لەمانە : ( گالتەجاڕی - Satires ) و ( E'pitre ) .

هەمۆی هەر شتی چاك و پوختە و دانسقـە بێ ، پێشینانیـش بنیادەمن ، و بنیادەمیش راست دەڵێ و خراپیش دەڵێ ، شـتی بەرز و قۆڵیش دەنوسێ و شتی تەنك و رۆکەشیش • جا دیارە هەڵبژاردنی شتی بەرز و بە نرخ بـیری ورد و مەشـقی زۆر و لێکدانەوەی ژیرانەی دەوێ •

٢ــ پێویستە لاسایی‌کەرەوە زیاتر پێڕەوی ئەم شتانە بکا کە لەگەڵ سەردەمی خۆیدا رێ دەکەوێ ؛ چـونکە دیـارە پێشـینان کە نوسیویانە بۆ سـەردەمی خۆیـان نوسـیوە و چی بۆ بـاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و قۆناغی ژیانی خۆیان بـاش بوبێ ئەویان خستۆتە سەر کاغەز ، و ئێمەش ئێستا لە قۆناغێکی مێژوویی تر و لە بارێکی‌تردا دەژین و ناشێ ئەوەی ئەوان نوسیویانە هەمۆی بۆ ئەم سەردەمە بگونجێ ، جا دەتوانن تەنها پێڕەوی ئەو شتانە بکەن کە گیانێکی نەمریان تێدایە و سەردەمی خۆیان بەجێ هێشتوە و بۆ ئەم سەردەمـەی ئێمـەش دەسـت دەدەن ••• دۆزینەوەی ئەم نمونانەش بـەهرە و وردبونـەوە و رامـان و هۆشیارییەکی زۆری پێ‌دەوێ •

٣ــ نابێ نوسەر لاسای نوسەرانی نەتەوایەتی خۆی بکاتەوە ، بەڵکو لاسای نەتەوەکانی‌تر بکاتەوە کە بەرهەمیـان بە زمـانێکی‌تر نوسـیوە •

٤ــ دەبێ نوسـەر پێڕەوی کۆمەڵە یاسـایەك بکا ، بێ‌گومـان ئەم یاسایانەش لە ئەدەبی نەتەوەکانی‌تر ، یا لە ئەدەبی پێشینان ، بـە تایبەتی یۆنان و رۆمان ، هەڵـدەهێنجرا ، ئەم یاسـایانە رۆی هونەری و دابەش‌کردنی سەراپای بەرهەم و ژانرەکانی ئەدەبی

دەگرێتەوە ، ئەمەش ڕێ بۆ داهێنانی شتی نوێ خۆش دەکا کە لە ئەدەبی نەتەوایەتیدا نەبێ ...

لە سەدەی نۆزدەمیش . سەدەی دەرکەوتنی ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و سیاسەت و زانیاری ، دیاردەی کاریگەری ئەدەبی هێندەی‌تر بوو بە جێگەی ڕامان و سەرنجدان و لێخەفتنی زاناکان . بەتایبەتی کە شۆڕشی پیشەسازی و بڵاوبونەوەی بیر و باوەڕی ( برایەتی و یەکسانی و دادپەروەری) زیاتر نەتەوەکانی لێك نزیك کردەوە و باشتر ئاگاداری بەرهەمی ئەدەبی و هونەری یەکتر بون و سودیان بە یەکتر گەیاند و لە یەکتر وەرگرت . زۆر جۆرە بیروڕا و زۆر ڕێبازی جیاواز و گەلێ نوسەری گەورە لەم مەیدانەدا هاتنە کایەوە .

خاتو (مەدام دی ستایل) کە کەوتبوە ژێر کارتێکردنی ڕەخنەگرانی ڕۆمانتیکی ، هەوڵی دەدا بەهۆی تێگەیشتنی باری کۆمەلایەتییەوە لە ئەدەب بگا ، (ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە) . لە باسکردن و شیکردنەوە و چەسپاندنی ئەم باوەڕەیدا زۆر جار نمونەی بە ئەدەبی بێگانە دەهێنایەوە ، واتە لێکۆڵینەوەکانی پەلیان بەسەر ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی بێگانەدا دەکێشا، هەندێ جار دەستی دەخستە سەر دیاردەی کاریگەری ئەدەبی و چۆنیەکی و لێکچونی ئەدەبەکانی لێك‌دەدایەوە و هۆی لێکچونەکەیشی دەردەخست ، زۆر جاریش پەنجەی بۆ پەیدابونی هەندێ ژانری ئەدەبی ، لە لای نەتەوەکانی‌تر ، ڕادەکێشا ، هێرشی بۆ ئەوان کەسان دەبرد کە بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوەکانی‌تر نەدەدا ، داوای دەکرد ئەوەی بیەوێ لە ئەدەبی نەتەوەیەکی‌تر بکۆڵێتەوە نابێ هەر تەنیا بە نمونەی وەرگێڕدراوی ئەدەبەکە بەس بکا ، بەڵکو دەبێ هەوڵبدا ئەدەبەکە بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێتەوە . ئەم خانمە دەورێکی بالای هەبو لە ناساندنی ئەدەبی جەرمەنی بە فەڕەنگستان و ئەدەبی فەڕەنگی بە جەرمەنستان . وای دەویست لە کاتی

لێکۆڵینەوەی ئەدەبێدا تخۆبی ئەدەبی نەتەوایەتێ ببەزێنرێ و هەمۆ ئەدەبەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەمسەریان بگاتەوە یەك ، ئەگەرچی ئەمە هەنگاوێکی گەورە بۆ لە رێگەی پێ گەیشتنی ئەدەبی بەراوردکارێ ، بەلاّم وەنەبۆ خاتۆ دی ستایل بە شێوەیەکی زانستێ و لەبەر رۆشنایێ پرۆگرامێکی زێك و پێك لێکۆڵینەوەکانی بکا ... بەلاّم سنگ فراوانێ و باوەش کردنەوەکەی بۆ ئەدەبی بێگانە کردەوەیەکی باش بۆ و بە قازانجی ئەدەبی بەراوردکارێ شکایەوە ، ئەوەتا دەبینن کە باوەڕی وا بۆ (دەبێ فەڕەنگەکان شارەزایێ لە بارەی ئەدەبی بێگانە پەیدا بکەن و رێزیشی بگرن ، ئەگەر بینیشیان لەگەڵ چەشەی خۆماندا ناگونجێ پێی‌ناوێ بتاسێن ، ئێمە کە لەوەتی سەردەمی ڤۆلتێرەوە ئاگاداری ئەدەبی ئینگلیزێن ، پێویستە ئاگاداری ئەدەبی جەرمەنیش بین ، بۆ ئەوەی لە زڕێ و سارد و سڕێ و سوان و بێزارییەوە چارەی ئەدەبەکەمان بکەین ...)(١٤) بەم جۆرە ئەم ئافرەتە رۆی کردبوە دەرەوە ، هەناسەی دەرەوەی هەڵدەمژی و هێز و وزەی پێ‌دروست دەکرد و گیانی ئەدەبی فەڕەنگێ پێ‌دەبزواند (هەمیشە ئیلهامی لە ئەدەبی ئینگلیزێ و جەرمەنێ وەردەگرت ، ئیلهامی لەو بەرهەمە بەرزانە وەردەگرت کە دۆزرابۆنەوە....) (١٥) کەواتە خاتۆ دی ستایل جێ پەنجەی دیارە پایەی لە پێش‌خستنی رەوتی ئەدەبی بەراوردکارێ فەڕەنگێدا بەرزە .

کەچی ( ئارنست رینان ) کەوتبوە بەر کاریگەرێ تیورە گەورە و پەرەسەندوەکەی داروێن ، گەیشتبوە ئەو رایە کە زانستی مرۆڤایەتێ بەرهەمی سەدان هەزار تێ گەیشتن و بۆچۆنی جۆرا و جۆرە کە هەمۆ یەك دەگرنەوە و تێك دەکەنەوە و بەرەو هەورازی مێژۆ هەڵدەکشێن . ئەم جۆرە باوەڕە لە

(١٤) فیلیب ڤان‌تیگم : المذاهب الادبیة الکبری فی فرنسا ، ترجمة : فرید انطونیوس . بیروت ، ١٩٧٥ ، ل ١٨٤ .
(١٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١٩١ .



Scanned with CamScanner

لێکۆڵینەوەکانی (پۆسنت)ی ئینگلیزیدا دەنگی دایەوە کە ساڵی ١٨٨١ کتێبێکی بە ناوی (ئەدەبی بەراوردکاری) دانا • (برۆنتیێر)یش کە سەر بە تیوری داروین بوو . لە ڕەگەز و ڕوی هونەری و ژانری ئەدەبی و ••• دەکۆڵییەوە و بە تەرازوی تیوری پێشکەوتنەوە هەڵی دەسەنگاند . لەو بڕوایەدا بوو کە جۆرەکانی ئەدەب . لە ڕوی پەرەسەندن و پێشکەوتن و پێگەیشتنەوە پەیوەندییان لە نێودا هەیە • لەبارەی چیرۆکەوە دەیگوت لە پێشدا داستانی ئەفسانەیی بوە . بۆتە داستانی ئەندێشەیی . ئینجا داستانی ڕۆمانسی و لە ئەنجامدا بە پلەی واقیعی گەیشتوە . واتە باوەڕی بە پەیوەندی مێژوویی نێوان ژانرەکانی ئەدەب هەبوو • دەیگوت ئەم جۆرانەی ئەدەب بە ڕێکەوت و لە خۆڕا پەیدا نەبوین . بەڵکو هەموو گیاندارێکی سەر پشتی پیرە زەمین هەر یەکە لە پزدانی جۆرەکەی پێش خۆی چەکەرەی کێشاوە و تۆی جۆری پاش خۆی داچاندوە •

پێش ئەوەی کە (ئەدەبی بەراوردکاری) وەکو زانستێکی سەربەخۆ سەرهەڵبدا . لێکدانەوە و ساغکردنەوە و بەدوداچونی ئەفسانە و خەرافەی میللی لە ئارادا هەبوو • (جاستون باری) لە بارەی جۆرەکانی ئەدەب و پرۆگرامی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بەراوردانەوە گەلێ سوودی لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە وەرگرت • یەکێ لەم باسانەی تۆژیبوەوە چیرۆکی میللی فەڕەنگی (فابلیو) بو . بەو ڕاستییە گەیشتبوو کە ئەم جۆرە چیرۆکانە ڕەگ و ڕیشاڵیان زۆر کۆنە و لە بنج و بناغەدا دەگەڕێنەوە ڕۆژهەڵات و ڕەنگە لە هیندەوە هاتبن و بە شاری بێزنتەدا پەڕیبنەوە . لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی مێژوویی بەرچاو دەگرێ . نرخێکی زۆر دەداتە شەڕی خاچییەکان لە گواستنەوەی ئەم جۆرە ئەدەبەدا •

ئەوەی کە لە سەدەی نۆزدەمدا تەکانێکی زۆر بەگوڕی بە بزوتنەوەی ئالوگۆڕی ئەدەبی و گەلاڵەبونی بنەماکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا ئەوەبوو کە

دیاردەی بەراوردکردنی زانستێ هەمۆ مەیدانێکی بیری مرۆڤایەتێ گرتەوە و هەمۆ لق و پۆپەکانی زانیاری ئەوسای داپۆشێ • زاناکان ، هەریەکە لە راست خۆیەوە و بۆ مەبەستی خۆی ، رۆی کردە رێبازی بەراوردکارێ بۆ قوڵ بۆنەوە و رونکردنەوەی بابەتی زانیاری و هەڵێنجانی هەندێ دەستۆری نوێ ، وەکو (یاسای بەراوردکارێ ، پەروەردەی بەراوردکارێ ، میسیۆلۆژیای بەراوردکارێ ، زمانەوانێ بەراوردکارێ ، •••) بۆیە شتێکی زۆر لە گوێن و بە جێ بۆ کە ئەم رێباز و پرۆگرامە بگاتە دونیای ئەدەبیش ، ئەوە بۆ رەخنەگر و زاناکان زیاتر خۆیان دایە پرۆگرامی بەراوردکارێ و ئەدەبی بەراوردکاریش هەنگاوی گەورە گەورەی بۆ پێشە هاویشت •

لە پاش حەفتاکانی سەدەی نۆزدەم ، (دی سانکتس) لە (ناپۆلێ) و (ئەرتۆروگروڤ) لە (تورینۆ) و مارك رۆنێ و ئەدوارد رۆدا لە (جنێیف) ، ماوەیەکی زۆر لە سەر کورسێ گوتنەوەی ئەدەبی بەراوردکارێ دانیشتن و تەکانی بە تەوژمیان پێدا •

ئا بەم جۆرە ، ئەدەبی بەراوردکارێ هەر هات و پێشکەوت و رەگی داکوتا و کرایەوە و پەل و پۆی هاویشت تا سنۆری زانستانەی خۆی بە تەواوێ دۆزییەوە ، بەتایبەتێ لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم گەلێ باسی بە کەڵك لە مەیدانی ئەدەبی بەراوردکارێ پەیدا بۆ ، وەکو باسەکەی (مارك مۆنێ)ی زانای سویسرێ لە بارەی (مێژۆی راپەڕینی بلاوکردنەوە ، لە داتنەوە تا چۆسەر و لە چۆسەرەوە تا شەکسپیر)، یا باسەکەی (جۆرج برافدس)ی دانیمارکێ بەناوی (رێبازە گەورەکانی ئەدەبی ئەوروپێ لە سەدەی نۆزدەمدا) ، هەروەهاش بەرهەمە بە پیتەکەی (سانتس بێری)ی ئینگلیزێ لە بارەی (چەند سەرنجێك لە ئەدەبی ئەوروپییەوە ) •••

هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆر مێژۆنۆسی ئەدەبێ جەرمەنێ جێگەی تایبەتییان لە نۆسینەکانیاندا بۆ ئەدەبی بەراوردکارێ و بەیەك

گەیشتن و کارتێکردنی ئەدەبە جۆر بە جۆرەکان ، تەرخـانکرد ، وەکـو (شلیگل) و (ئیشتۆرن) و (بۆترویك) ، بەمەوەش توانییان نەخشەیەك بـۆ ئەو ڕێبازەی ئەدەبی بەراوردکاریی بکێشن کە خۆیان مەبەستیان بۆ ۰

ئیتالیاش سەبارەت بە ئەرك و ماندوو بوون و بەرهەمەکانی (بێنێدێتـۆ کرۆچە) و (فارینیلی) و (مومیلیانو) توانیی شتێ بخاتە سەر لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی و جێگایەکی باش بۆ خۆی لەم مەیـدانە فراوانـەدا بـکاتەوە ۰

ئەگەرچی ئەمانە و گەلێـکیتریش سـوودێکی زۆریـان بە ئـەدەبی بەراوردکاریی گەیاندو دەورێکی دیاریان هەبوو لە پێگەیاندن و بەرەوپێش بردنی . بەڵام هیچێکیان بە تەواوی خۆی دەقـەبەر ئەدەبی بـەراوردکاریی نەکردبوو . هەموو هەوڵ و بەهرە و ماندووبوونی خۆی بۆ تەرخان نەکردبوو . بۆیە هیچێکیان نەیانتوانی ئەو تەکانەی پێبدەن کە بیخەنە جێگەی خۆی و بـە تەواوی دایبڕێژن ۰

ئەو کتێبەی کە (پۆسـنێت)ی ئینگلیزی لە سـاڵی ١٨٨٦ بە نـاوی (ئەدەبی بەراوردکاریی) داینا . بە سەرەتـای کلیلی کردنەوەی دەرگای ئـەو جیهانە فراوانە دادەنرێ کە ئەدەبی بەراوردکارییە . هـەر لـەو سـاڵەشدا (ئیدوارد ڕۆد) لە (جنێف) دەسـتی بە گوتنـەوەی ( مێژووی بەراوردکاریی ئەدەبان) کرد و پاش ساڵێ گۆڤارێکی لە جەرمەنستان بە ناوی ( ئەدەبـی بەراوردکاریی) دەرکرد ۰۰۰ یەکێکیتر لەو زانایانەی کە بە ڕێك و پێکی لـە ئەدەبی بەراوردکاریی کۆڵییەوە و بایەخی تەواوی بە گوتنەوەی بنەماکانی دا و نەخشە و پرۆگرام و پلانی زانستانەی بۆ کێشا (جۆزیف تێکست)بوو . کە بە بابە گەورەی ئەدەبی بەراوردکاریی فەڕەنگی دادەندرێ ۰ لە ساڵی ( ١٨٩٦ ) دا لە زانکۆی (لیۆن) کورسیی گوتنەوەی ئەدەبی بەراوردکاریی وەرگرت ۰ دوا بە دوای ئەویش زۆر نووسەر و ڕەخنەگری هەڵکەوتـووی تر لە بـواری

لێکۆڵینەوەی بەراوردکارێدا سەریان هەڵدا ، یەکێ لەوانە کە جێگەیەکی زۆر گەورە و دیارێ لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکارێ فەڕەنگێ و هەمۆ جیهانێـدا هەیە (فردیناند بالدنسبیرچیـە)یە ، کە لە چارەکی یـەکەمی ئەم سـەدەی بیستەمەدا زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی بەجێی بەراوردکارێ بڵاوکردەوە و لەگەڵ (پۆل هازار)دا ، ساڵی ١٩٢١ ، گۆڤارێکیـان دەرکرد بەنـاوی ( گۆڤاری ئەدەبی بەراوردکارێ)و تایبەتی بۆ بە بڵاو کردنەوەی لێکۆڵینەوەی کاریگەرێ ئەدەبێ و بزوتنەوەی نوێخوازێ و رونکردنەوەی بنەمـاکانی ئەم زانسـتە بـایەخدارە •

بێجگە لە (بالدنسبیرچیە) زۆری وەکو (جان ماری کارێ) و (دیدێ) و (ڤان تیگم) و هی تریش بەشدارێ باش و دەوری مەزنیان لەم بوارەدا بوە•

ئەمڕۆش دەبینین بزوتنەوەی کاریگەرێ ئەدەبێ خێراتر و فراوانتر بوە ، (هەمۆ ئەدەبە گەورەکانی دونیا بەشداری ئەم لەیەك وەرگرتنە دەکەن و هیچ نوسەر و رەخنەگرێکی ناسراو نیە لە مەیدانی تەقەلای خۆیەوە ئاگای لـە ئەدەب و نوسەرانی بێگانە نـەبێ ••• )[١٦] ، لـە شوێنـان ئەم جـۆرە لێکۆڵینەوانە بایەخیتەواویان پێ دەدرێ و خەڵکێ هەمۆ توانا و پێویستییەکی لە تێری بۆ تەرخان دەکەن • تەماشا دەکەی ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا چنۆ بایەخ بە وەرگێڕان دەدرێ ، لـە جێگایەکی وەکو یەکێتێ سۆڤیەت ، یا ئەمریکا و ئینگلتەرە ، یا فەڕەنگستان ، یا جەرمەنستان ، یا ••• زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمە گەورە و نەمرەکانی هەمۆ نوسەرە بلیمەتەکانی جیهانێ بە زمانی خۆیان هەیە ، ئەدەبی نوێش هەرچی دەربـچێ و خێرێکی تێدابێ و سەنگێکی هەبێ وەریدەگێڕن و دەیخەنە بەرچاوی نـەوەکانی خۆیـان ، گۆڤاری تایبەتییان هەیە ئەدەبی جیهانێ بە زمانی خۆیان بڵاودەکاتەوە ، لـە هەمان کاتیشدا گۆڤاری تری تایبەتییان هەیە بە زمانێك یا چەند زمانێکی

(١٦) د• محمد غنيمي هلال : دور الادب المقارن ، القاهرة ، ١٩٥٦ ، ل ٥ .



Scanned with CamScanner

زیندوی جیهانی دەریدەکەن و بەرهەمی بەرزی خۆیانی تیادا بڵاودەکەنەوە . بەخەڵکی ئەم سەر زەمینەی دەناسێنن . جا ئەم بزوتنەوەی وەرگێڕانە سەر دەکێشێ بۆ بڵاوبونەوەی بەرهەمی ئەمری ئەدەبی بەپان و بەرینی دونیادا و لە هەمان کاتیشدا ڕێز گاوێکە و ئەدەبی هەمو دونیـای پێدا دەڕژێتە سەر ئەدەبی نەتەوایەتی . هەڵبەتە ئەمەش کارێکی زۆر دەکاتە سەر گۆڕینـەوەی کاریگەری ئەدەبی و پێشکەوتنی ئەدەبی نەتەوایەتی و جیهـانی . ئەچـی تەماشای بزوتنەوەی وەرگێڕانی کوردی خومان دەکەین هەر هەستە ساردی و سەر بادانی پێدەوێ .

بەم جۆرە ئەدەبی بەراوردکاری ئەمڕۆ وەکو هەمو زانستـەکانی تر جیـای خۆی گرتوە و ڕەگی خۆی داکوتاوە و سنوری خۆی کێشـاوە . دەورێکی گەورەش دەبینێ لە پەرەپێدانی بزوتنـەوەی ئەدەبی جیهـانی و گەشانەوە و ئەش و نماکردنی ئەدەبی نەتەوایەتی ..

لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێم باشە کە ئەم زانستە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا خراوەتە ناو پرۆگرامی خوێندن و لە قوتابخانەکاندا بە دەرز دەگوترێتەوە . لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسستان ئەڵێ هەر لە قوناغی زانکۆ بگرە لە قوناغی ئامادەییەوە (١٧) شان بە شانی ڕێزمان و ئەدەب و عەروز و ڕەوانبێژی ... قوناغی بنەما و دەستورەکانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریشی پێدەخوێنرێ و ئاگاداری ئەم زانستە گرنگە دەکرێ .

---

(١٧) لە وڵاتێ ئەم گرنگییە بە ئەدەبی بەراوردکاری دەدرێ و ئاوا هەر لە قوناغی ئامادەییەوە ئەم مادە دەگوترێتەوە کەچی لای ئێمەی کڵۆڵ و بێبەش تا ئێستا کتێبێ یا باسێ نیە بۆ ڕونکردنەوەی دەستور و بنەماکانی ئەم زانستە گەورەیە تەرخان کرابێ ، تەنانەت ئەگەر لە ئاستی زانکۆشدا ناوی ئەم زانستە بێ دور نیە هەندێ بە لایانەوە سەیر و سانا بێ ... پەنکو دەبێ کەی ئێمەش وامان لێ بێ ئاوڕێکیوا لەم زانستە بدەینەوە و کە نەك لـە قوناغی ئامادەیی بەڵکو لـە زانـکۆدا شتێکی لێ بـە قوتابییان بگوترێ .

# بەشی سێیەم

## بەراوردکار و مەودای ئەدەبی بەراوردکاری

**بەراوردکار :**

بەر لەوەی بێینە سەر باسی مەرجەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی زانستی ، شتێکی تر هەیە دەبێ سەرنجێکی لێ بدەین ؛ ئێمە گوتمان ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە مێژووی پەیوەندیی ئەدەبی جیهانی و دەبێ بەراوردکار لەسەر سنووری نەتەوایەتی و جیاوازیی زمان خۆی دابنوسێنێ و چاو لە گۆڕینەوە و پەڕینەوەی باس و بیر و بەهرە و هونەر و کتێب و هەست و سۆز ببڕێ لە نێوان دوو نەتەوە یا زیاتردا ؛ بۆ ئەمەش دەبێ پڕۆگرامی لێکۆڵینەوەی بە گوێرەی باسەکە بێ .. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بزانین کە پێش ئەوەی بەراوردکار مل بداتە کارەکەی و پێ باوێتە مەیدانە فراوانەکەی ، هەندێ مەرجی پێشەکیی هەن ، دەبێ ئەو مەرجانەی تێدا بێتە دی نەکو لە کارەکەی سەر ناکەوێ و دەکەوێتە تەنگاویی و ڕووکەشی و هەڵدێر و لابڕ بوونەوە . پۆل ڤان تیگم گوتەنی دەبێ بەراوردکار لەم بارەیەوە چەکی خۆی بەدەستەوە بێ ، ئێمەش وا لێرەدا هەندێ لە پێویستییەکانی بەراوردکار دەخەینە بەرچاو :

● ئەوەی لە ئەدەبی بەراوردکاری بکۆڵێتەوە دەبێ ئاگاداری مێژوو بێ ، تا بتوانێ پەردە بە پەردە لەگەڵ گۆڕانی مێژووی سیاسیی هەر نەتەوەیەک



Scanned with CamScanner

ئاگاداری گۆڕانی ئەدەبەکەش بێ و هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ باری ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی سەردەمی خۆی بباتەوە • دیارە ئەگەر بەراوردکار مێژوناس و مێژوزان نەبێ پێی ناکرێ پەنجە بۆ کاریگەری ئەدەبی درێژ بکا • بۆ نمونە ئەگەر بەراوردکارێ بیەوێ کاریگەری نێوان ئەدەبی فارسی و عارەبی شی بکاتەوە و ئاگای لە مێژوی عارەب و فارس نەبێ ؛ ئەگەر ئەوە نەزانێ کە چۆن عارەب و فارس بەپێی دەسەلاتی سیاسی خۆیان و بلاوبونەوەی قەلەمڕەوی هەر یەکێکیان لە ڕێگای جەنگ و جیدال و بازرگانی و هاتوچۆی یەکتری و بلاوبونەوەی ئایین . کاریان لەیەکتر کردوە . ئەوە نازانێ کە هەم ئەدەبی فارسی کاری لە ئەدەبی عارەبی کردوە. هەم ئەدەبی عارەبیش کاری لە ئەدەبی فارسی کردوە . بەلام ئەوەندە هەیە کاریگەرەکە بەپێی سەردەم و ڕۆژگار یا بەم لادا شکاوە یا بەو لا •• [1] یاخود ئەگەر بەراوردکارێ بیەوێ ڕادەی کاریگەری نێوان ئەدەبی ژاپۆنی و چینی ڕون بکاتەوە . ئەگەر ئاگای لە مێژو نەبێ ئەمەی بۆ مەیسەر نابێ . نازانێ چۆن بەهۆی دەسەلات و فەرمانڕەوایی چینەوە بەسەر ژاپۆن ماوەیەکی زۆر دور و درێژ بو ئەدەبی ژاپۆنی بریتی بو لە ڕەنگدانەوەی ئەدەبی چینی و هیچی تر . پاشانیش کە ژاپۆن دەستی ئەوروپای گەیشتێ ئەدەبەکەی مۆرکی ئەدەبی ڕۆژاوای پێوە لکا و لە زۆر بارە و زۆر ڕوەوە کاریگەرەکە ئاشکرا دیارە • [2]

---

(1) د. احمد محمد الحوفی : تیارات ثقافیه بین العرب والفرس . القاهرة . ١٩٦٨ . دکتۆر احمد . زۆر بە دور و درێژی و بە شێوازێکی زانستی باسی کاریگەری ئەدەبی عارەبی و فارسی کردوە . قۆناغ بە قۆناغ هەموی بە بەلگەی گەش و ڕوناك سەلماندوە .

(2) Donald Keene : Japanese Literature. London. 1935.
بێجگە لەوەی کە پێشەکی ئەم کتێبە زۆر ڕوی کاریگەری نێوان ئەدەبی چینی و ژاپۆنی ڕون کردۆتەوە ؛ باسی کۆتایی بە تەواوی بۆ ئەوە تەرخان کردوە کە چۆن ئەدەبی ڕۆژئاوا کاری لە ئەدەبی ژاپۆنی کردوە . ئەم باسە

● لەبەر ئەوەی کە بەراوردکار بریتییە لە مێژوتوسی پەیوەندیی ئەدەبی ، بۆیە دەبێ بە پێی توانا و دەستڕۆیشتنی خۆیەوە ئاگادارییەکی باشی لە بارەی زۆرترین ئەدەبی بێگانە و سەرانسەری ئەدەبی جیهانیدا هەبێ ، لە لوتکە گەشەکانیان بگات و خەسیەتەکانیان بزانێ .. جا ئەم ئاگادارییەی چ لە ڕوی ژانرەکانەوە بێت و چ لە ڕوی پەیدابون و پەرەسەندنی ڕێبازە جۆر بە جۆرەکانی ئـەدەب و چ لە ڕوی گەشانەوە و بوژانەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی هەر گەل و میللەتێك بێ ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو شوێن و سەردەم و هـۆ و ئامانجانە دەستنیشان بکا کـە لە ئەنجامی لێكسوانی ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی بێگانە هاتوتە ئاراوە .

● ئەو کەسەی خۆی بە بەراوردی ئەدەبییەوە خەریك دەکا ، دەبێ تا ئاوی لە دو بێل دێ خۆی فێری زمانی بێگانە بکا ، بە تایبەتی زمانە زیندو و جیهانییەکان ، چونکە تا زیاتر زمانی بێگانە بزانێ دەرگای فراوانتری لـە ڕودا دەکرێتەوە و دونیای تازەتر دەدۆزێتەوە و ئاسۆی بیر و لێکدانەوەی والاتـر دەبێ ، بێجگە لەمەش کە زمانە بێگانەکەی زانی پێویستی بە وەگێڕان نابێ ، دەتوانێ یەکسەر هـەر بەرهەمێك بـە زمانی زگماکی خـۆی بخوێنێتەوە ، بەمەوەش لەلایەك شارەزای هەمو داهێنان و بەرهەمە نایابەکانی ئەدەبی جیهانی دەبێ و لە وردەکارییە دانسقەکانیان دەگا ، لەلایەکی تریشەوە خـۆی لـە وەرگێڕان دور دەکاتەوە ، چونکە هەمو دەزانین وەرگێڕان بەرهەمی ئەدەبی کەم تا زۆر دەشێوێنێ و تام و چێژی ڕەسەنی پێوە ناهێلێ ، بەتایبەتی لـە بارەی شیعرەوە کە وشە هەلبژاردن و ڕستە دارشتن دەوری زۆری تێـدا دەگێڕێ ، هـەر زمانێك هەندێ وردە شتی تایبەتی خـۆی تێدایە کـە لـە

باسێکی زانستی گرنگە و لە مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاریدا جێـگایەکی باشی هەیە ، بە تایبەتی لە ڕوی کاریگەری ئەدەبی نێوان ڕۆژهـەلات و ڕۆژئـاواوە .

زمانەکانی تری جودا دەکاتەوە . ئەدەبی بەرز تا بە زمانی زگماك نەخوێندرێتەوە گەورەیی و بەرزی و داهێنانە هونەرییەکەی دەرناکەوێ . تامی تەواوی ناچێژرێ . بۆیە وا چاکە بەراوردکار تا دەرفەت دێ لە کاتی بەراوردکردندا پشت لە وەرگێڕان و ڕوو لە دەقی بنچینەیی زمان بکا .

● دەبێ بەراوردکار خوێندەوارێکی باش و بە هۆوردە بێ . زۆر وریا و ئاگادار بێ . بیرکردنەوەیەکی زانستانەی هەبێ . بۆ ئەوەی کە دەستی خستە سەر باسێك و لێی کۆڵییەوە و تێیدا نقووم بوو ئەو شارەزاییەی هەبێ کە بزانێ تا ئێستا چی لە بارە نووسراوە و کێ خۆی لە قەرە داوە و هەر یەکە چۆنی باس کردووە و تا کوێ بڕی کردووە و بڕیاری چۆن بووە . بێ گومان ئەگەر بیبلۆگرافیای لە بەردەست بێ کات و ماندووبوونێکی زۆری بۆ دەگێڕێتەوە و ئەرکێکی زۆر قورسی لەسەر شان دێنێتە خوارەوە .

● پێویستە بەراوردکار زۆر ئاگای لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی سەرانسەری جیهان هەبێ . بزانێ هەر ڕێبازێك لەم ڕێبازە ناسراوانە لە کام وڵات و لەسەر چ زەمینەیەك سەری هەڵداوە ؟ هۆی سەرهەڵدانەکەی چی بووە ؟ کێ بوون ئەوانەی بە سەردەستەی ڕابەرانی ئەم ڕێبازە دادەندرێن ؟ ئەم ڕێبازە چۆن و بە هۆی چی و بە کوێدا گەیشتۆتە ناو ئەدەبی نەتەوایەتی و چ گۆڕانێکی تێدا ناوەتەوە ؟ ئەدەبی نەتەوایەتی تا چ ڕادەیەك ئەم ڕێبازەی بە خۆیەوە گرتووە و تا چ ڕادەیەکیش ڕەتی کردۆتەوە .(٢)

بەکورتی :

دەبێ بەراوردکار ئاگادارییەکی زۆری هەبێ و خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی زۆر بێ و سەری لە هەموو کەلێن و قوژبنێکی زانیاری و هەموو لکە پەرت و

---

٢) ئەمانە هەندێ مەرجی بنجی و سەرەکی بوون بۆ بەراوردکار . ئەگەرنا خۆ دەبێ بەراوردکاری ڕاستەقینە زۆر مەرجی دیکەی تێدا بێتە دی کە بە پێویستمان نەزانی لێرەدا بیانژمێرین .

بلاوەکانی دەر بچێ تا سەرکەوتوانە لە کارەکەی دەر ببات و لێکۆڵینەوەکانی بە ئەنجامی چاك بگەیەنێ •

**مەودای ئەدەبی بەراوردکاریێ :**

دوای ئەوەی نەختێ قسەمان لە بەراوردکار و رادەی زانایێ و زیرەکێ بەراوردکار کرد ، ئێستا با بادەینەوە سەر سنوور و مەودا و چوارچێوەی (ئەدەبی بەراوردکاریێ ) •

گومانی تێدا نیە ئەدەبی بەراوردکاریش وەکو هەمو چڵێکی‌تری زانیاری شتێکی بەرەڵڵا و سەرەڕۆ نیە ، بەڵکو رێ و شوێن و دەستوری تایبەتی خۆی هەیە ، بەگوێرەی پرۆگرامێکی گەڵاڵە بوەوە دەجوڵێتەوە • ئەدەبی بەراوردکاریێ بە درێژایێ مێژوی ئەدەب و لێکۆڵینەوە ، خۆی داڕشتوە و رێگەی خۆی دۆزیوەتەوە ، سنوری بۆ کێشراوە و مەودای دیار کراوە و کۆمەڵە دەستورێکی لێ هەڵێنجراوە و قالبی خۆی وەرگرتوە ؛ ئەم دەستورانەش وەکو دەستوری هەمو زانیارییەکی‌تر بەسەر هەمو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریدا دەکشێن ، جا ئەو لێکۆڵینەوەیە بە هەچ زمانێ بێت و لە هەچ ئەدەبێك بکۆڵێتەوە ••• جا هەر لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریێ بکەوێتە ناو ئەم بازنە و سنور و چوارچێوە نیشان کراوە وە بە ئەدەبی بەراوردکاریێ دەدرێتە قەڵەم و هەر لێکۆڵینەوەیەکیش ئەم بازنەیە بشکێنێ و ئەم تخوبە ببەزێنێ ئەدەبی بەراوردکاریێ نایگرێتە خۆی و بەلاوەی دەنێ • کەوابو با ئێستا بزانین داخو بەراوردی ئەدەبێ کەنگی بەر ئەم زانستە دەکەوێ و کەی بەری ناکەوێ ؛ چونکە وەکو درکاندمان مەرج نیە هەمو بەراوردێکی ئەدەبێ ، زانستێ بێ و بکەوێتە بەر ئەدەبی بەراوردکارییەوە •

**یەکەم :**

هەر کەسێ لە سنوری ئەدەبی نەتەوایەتیێ خۆیەوە بەراوردێك لە نێوان



Scanned with CamScanner

دوو نووسەر یا دوو شاعیر یا دوو بەرهەمی ئەدەبی بکا ــ جا ئەم دوو نووسەرە ئاگاداری یەکتر بوو بن یان نا ــ باسەکە بە باسێکی زانستانەی ئەدەبی بەراوردکاری دانانرێ. رەنگە ئەم جۆرە بەراوردە لە سنووری شی‌کردنەوە و لێکدانەوەی ئەدەبی نەتەوایەتیدا سەرکەوتوو بێ و سوودێکی زۆر بە ئەدەبەکە بگەیەنێ و گەلێ گۆشەی تاریکی روناك بکاتەوە ، بەڵام ئەگەر باس بێتە سەر باسی ئەدەبی بەراوردکاری ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نازاندرێ و وا بە پێت و بەرەکەت نیە ، (ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی بە یەك زمان دەنووسرێنەوە ، ئەگەر کاریشیان لە یەکتر کردبێ ، لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری دەردەچن ، بەراوردکردنی نووسەرێك لەگەڵ نووسەرێکی تری نەتەوەکەی خۆی ، ناکەوێتە ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری ...)[٤] بۆیەش ناکەوێتە ناو ئەدەبی بەراوردکاری چونکە هیچ بەشدارییەکی هێنانەدی ئامانجی ئەدەبی بەراوردکاری ناکا کە گەشە پێدان و بووژاندنەوەی ئەدەبی نەتەوایەتییە ، ئەو لێکۆڵینەوە بەراوردەی کاریگەری نێوان دوو نووسەر یا دوو بەرهەمی یەك نەتەوە دەردەخا ، با ئەم کاریگەرە هەشبووبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کاریگەرەکە و لێکۆڵینەوەکەش لە قاوغی ئەدەبی نەتەوایەتی ناپەڕێتەوە و تەنیا پێشکەوتن و گۆڕان و پەرەسەندنی بیر و بەهرە و توانای داهێنانی نووسەرەکە بە گوێرەی نووسەرانی تری هەمان نەتەوە دەردەخا هیچ شتی نوێ ناخاتە سەر خەرمانی ئەدەبی نەتەوایەتی کە پێشتر تێیدا نەبووبێ ، ئەدەبی بەراوردکاریش ئامانج و مەبەستی ئەوەیە ئەوە روون بکاتەوە چۆن ئەدەبی نەتەوایەتی سوودی لە ئەدەبی بێگانە وەرگرتووە و سەبارەت بەم سوود وەرگرتنەش شتی تازەی تێدا پەیدابوە و تەوژم و تین و گۆڕانێکی نوێی چوە بە دەمارەکاندا . بە کورتی ؛ (ئەو بەراوردەی لە نێو ئەدەبی نەتەوایەتیدا دەکرێ ، جا پەیوەندی مێژوویی لە نێو دەقەکاندا هەبێ یا نەبێ ، ناکەوێتە بەر

(٤) طه ندا : الادب المقارن ، دار النهضة العربية ، بيروت ، ١٩٧٣ ، ل ١٢ .

ئەدەبی بەراوردکاری ...)[٤] بۆ نموونە بەراوردکردنی (کۆرنی) و (راسین). یا (پاسکاڵ) و (مۆنتینی) . یا (راسین و ڤۆلتێر) لە ئەدەبی فەرەنسیدا . بەراوردکردنی (چۆسەر) و (شەکسپیر) . یا (شێلی) و (کیتس) . یا (ئیلیۆت) و (پاوند) . لە ئەدەبی ئینگلیزیدا . بەراوردکردنی (پوشکین) و (نیکراسوف) . یا (یەسەنین) و (مایاکوفسکی) . یا (گۆگۆل) و (گۆرکی) . لە ئەدەبی رووسیدا. بەراوردکردنی (ئەبو تەمام) و (بوحتەری) . یا (حافظ) و (شەوقی) . یا (متنبی) و (ئەبولعەلا) لە ئەدەبی عەرەبیدا . بەراوردکردنی (ناظم حیکمەت) و (عەبدولحەق حامید) . یا (یەشار کەماڵ) و (عەزیز نەسین) لە ئەدەبی تورکیدا. بەراوردکردنی (حافظ) و (سەعدی) . یا (جلال‌الدین الرومی) و (عطار) . یا (کەلیم) و (بیدل) لە ئەدەبی فارسیدا ... و هەر جۆرە بەراوردێکی تری وا و لە هەر جۆرە نەتەوەیەک و بە هەر چەشنە زمانێک بێ ئەکەوێتە بەر ئەدەبی بەراوردکاری . بۆیە دەتوانین بڵێین بەراوردکردنی (مەم) و (زەد سەرۆک خەزنەدار)[٦] لە چیرۆکی (پێشوازی) و (پێشوازی خاوەن شکۆ) دا . بەراوردکردنی شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی) و (حاجی قادری کۆیی)* . یا

---

(٥) د. محمد غنیمی هلال : دور الادب المقارن . القاهرة . ٩٥٦ . ل ٢ .

(٦) دلشاد مەریوانی : پێشوازی خاوەن شکۆ و دوو چیرۆکنووس . سلێمانی . ١٩٧٣ .

* سادق بهاءالدین : ابیرهاتنا هوزانڤانێ کوردستانێ بێ بەقل حاجی قادری کۆیی نەمر) هاوکاری : ژ ـ ٢٢ ـ ٩٧١/٧/٣ . ـ ٢٤ ـ ٩٧١/٧/١٧ . ـ ٢٥ ـ ٩٧١/٧/٢٤ .

مامۆستا (سادق) ئەم وتارەی بۆ ئاهەنگی یادی حاجی قادر نووسیبوو کە ساڵی ١٩٧١ لە کۆیە گیرا . بەڵام لەوێ دەرفەتی خوێندنەوەی نەبوو . بۆیە لە هاوکاریدا بڵاوی کردەوە ... لەم وتارەدا باسی ئەوە دەکا حاجی لە شیعرە نەتەوەییەکانیدا . لە زۆر شوێن . کەوتۆتە [illegible]



Scanned with CamScanner

(حاجی قادری کۆیی) و (مەلا محمدی کۆیی) [٧] ، یا (گۆران) و (سەلام)[٨] لە شینی کۆرەکانیاندا ، بەراوردکردنی (گۆران) و (کامەران) و (هەژار)[٩] لە هەستی مرۆڤایەتیدا ، ئەمانە هیچێکیان ناکەونە بەر ئەدەبی بەراوردکاری، چونکە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا (مەرجی یەکەم ئەوەیە دەبێ لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە نێو ئەو بەرهەمانەدا بێ کە بە زمانی جیاواز نوسراونەتەوە ، ئەگەرنا لێکۆڵینەوەکە لە بازنەی ئەدەبی بەراوردکاری دەچێتە دەرەوە ...) [١٠] ، کەواتە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە با سوودی خۆیشیان بۆ شیکردنەوەی ئەدەبەکە هەبێ ، بەڵام نابنە بەراوردی زانستی ، چونکە لە بەراوردکاری زانستیدا دەبێ ئەو دوو بەرهەمەی بەراورد دەکرێن لە دوو نەتەوەی جیاواز بن ، یا بە دوو زمانی جیاواز نوسرابنەوە ، ئەدەبی بەراوردکاری دەڕوانێتە زمانی ئەدەب ، (ناوبڕەی نێوان ئەدەبێك و ئەدەبێکی تر زمانە ، جیاوازی زمان مەرجە بۆ هاتنە کایەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری...) [١١]، جا ئەدەبەکە بە چ زمانێك نوسرابێ بۆ نەتەوەی خاوەن ئەم زمانەیە ، هەر بۆیەش بە پێ و دانگی زانستی بەراوردکاری ، ئەم کوردەی کە بە عارەبی یا بە فارسی یا بە تورکی یا بە ئینگلیزی یا بە هەر زمانێکیتر بنوسێ [١٢] ، با هەست و سۆزێکی کوردانەش دەرببڕێ ، با باسی کورد و کوردستانیش

---

کاریگەری بیروباوەڕی شاعیری گەورەی کورد ـ ئەحمەدی خانی ـ و هەندێ نموونەی شیعرییان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکا .

(٧) کریم شارەزا : (تارمایی شاعیریەتی حاجی قادری کۆیی لەناو شیعرەکانی مەلا محمدی کۆییدا ) . گۆڤاری «نوسەری کورد» ، ژ ـ ١ ـ ، س ـ١ـ .

(٨) رؤوف عثمان : (دوو شیعر و لێکۆڵینەوەیەك) ، هاوکاری ، ژ ٣١٧ ، ٩٧٦/٥/١٣.

(٩) کامل بصیر : (مرۆڤایەتی لە ئەدەبدا) ، ڕۆژی نوێ ، ژ ٨، ٩، س ١٩٦٠ .

(١٠) طه ندا : الادب المقارن ، دار النهضه العربیه ، بیروت ، ١٩٧٣ ، ل ١٢ .

(١١) هەمان سەرچاوە ، ل ١١ .

(١٢) مەبەست لێرەدا بەرهەمی (ابداعی)یە ، وەکو شیعر و چیرۆك و شانۆگەری و رۆمان و ... نەك ئەو بەرهەمانەی کە لێکۆڵینەوەی ئەدەبێن و بە زمانێکی بێگانە دەکرێن و ئەدەبی نەتەوایەتی دەخەنە بەر چاوی بێگانان، ئەمانە حسێبێکی تریان بۆ دەکرێ .



Scanned with CamScanner

بکاتە کەرەستەی ئەدەبەکەی . ئەدەبەکەی بە ئەدەبی کوردێ دانـاندرێ . بەڵکو بە ئەدەبی ئەو نەتەوەیە دەدرێتە قەڵەم کە خاوەنی زمانەکەیە ، ئەمـە دەستورێکە و باڵ بەسەر هەمو زمانێکدا دەکێشێ نەك هەر کوردێ ( ئەگەر شاعیرێ یا نوسەرێ بە عارەبێ بنوسێ . خۆی لە هەرچی رەگەز و نەتەوەیەك بێ ئەدەبەکەی هەر عارەبییـە . ئەدەبی بـەراوردکارێ لە لێکۆڵینـەوەی کاریگەرێ ئەدەبیدا پشت بە زمانی ئەدەب دەبەستێ ...) [١٣] . لەوانەیە ئەم بڕیارە بەلای هەندێ کەسەوە گران بێ [١٤] . بەڵام ئەدەبی بەراوردکارێ کە وەك زانستێك جێگەی خۆی گرتوە و بڕیاری خۆی داوە و لێ بۆتەوە و ئاوڕ لەو هەندە کەسانە ناداتەوە و باوەڕی خۆی نالەقێنێ .

جا وەکو بۆمان دەرکەوت هەر بەراوردێك لە نێو بەرهەمی ئەدەبێ یەك نەتەوەدا بکرێ نایێتە بەراوردی زانستێ چونـکە ئەرك و پەیـامی ئەدەبێ بەراوردکارێ دۆزینەوەی سەرەداوی لێك ســوانی ئەدەبێ نەتـەوایەتێ و ئەدەبەکانی بێگانەیە بۆ هاندانی متوربەکردن و پتەوکردنی ئەدەبێ خۆماڵێ . تو خوا ئەمە لە کوێ کە تۆ باسی سروشت بکەی لای (مەولەوێ) و (گۆران) ، ـ ئەگەرچی ئەمەشیان باسێکی زۆر گرنگە لە سنوری لێکۆڵینەوەی ئەدەبێ نەتەوایەتێ ـ ) ئەوە لە کوێ کە لە رەگەز و رەچـەڵەکەوە لە سەرچـاوەی

---

(١٣) د. محمد غنیمی هلال : دور الادب المقارن . القاهره . ١٩٥٦ ، ل ١٦ .
(١٤) محمد امین احمد ؛ زنجیره وتارێکی لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان ـ ٣٢ . ٣٣ ؛ ٣٥ ؛ ٣٦ ؛ ٣٧ )دا بە ناوی (هل یعد ما یکتبه الکتاب الاکراد باللغه العربیه او باللغات الاخری ان وجدت ادبا کردیا ؟)ی بڵاوکردۆتەوە . پاش ئەوەی تا شل و کوت بوە پەلی بەم لاو ئەو لادا هاویشتوە و باسـەکەی بەر و پشت کردوە و لێکی کردۆتەوە و تێکی بردۆتەوە گەیشتۆتە ئەورایە کە هەر ئەدەبێ کورد بینوسێ . جا بە هەر زمانێ بێ بە بەشێکی ئەدەبی کوردێ دادەندرێ. ئەم رایە پێچەوانەی ئەدەبی بەراوردکاریە کە هەر شتێ بە زمانی نەتەوایەتێ نەنوسرابێ بە بەرهەمی ئەم نەتەوەیە داناندرێ ... ئەم باسـەی کـاك محمـد امـین زۆر هەڵـدەگرێ و ئـەوە دەهێنـێ وەلامی بدرێتـەوە .



Scanned with CamScanner

ڕۆشنبیری شاعیرێکی گەورەی وەك گۆران بکۆڵیتەوە و ئەوە ساغ بکەیتەوە چۆن گۆران بەهۆی ئاگاداربوونی ئەدەبی بێگانە و هەڵسژینی زادەی بیر و بەرهەمی بەهرەی بلیمەتانی نەتەوەکانیتر بۆی کرا ئەم شۆڕشە زلە لە ئەدەبی کوردیدا بنێتەوە و ئەم داهێنان و نوێبوونەوەیە بگەیەنێتە پۆپە ؟...

**دووەم :**

ئەگەر یەکێ دوو نووسەر یا دوو بەرهەمی ئەدەبی پێکەوە بەراورد بکا ، هەر یەکە لە نەتەوەیەکی جیاواز بێ و بە زمانێکی جودا نووسرابێتەوە ، بەڵام پەیوەندی و بەندیواریان لە نێودا نەبێ ، واتە نووسەرەکان شتاق ئاگایان لە یەکدی نەبووبێ و هیچێکیان سوودی لەوەی دیکە وەرنەگرتبێ ، یا لە ڕاستیدا ئەم پەیوەندی و سوود وەرگرتنە هەبێ بەڵام بەراوردکار گوێی پێنەدا و لای لێنەکاتەوە و سەبارەتی وێکچوونی بەرهەمەکە بۆ ئەم پەیوەندییە نەباتەوە ، ئەم جۆرە بەراوردە ناکەوێتە بەر ئەدەبی بەراوردکاریی زانستی ، ( کۆکردنەوە و بەرانبەرکردنی کتێب و نموونە و دیاردەی ئەدەبی بۆ ئاگاداربوونی لایەنی تەبا و ناتەبای نێوانیان ؛ ئەگەر تەنیا بۆ بزواندنی هەستی ئەدەبی و چەشەی جوانناسی بێ ، ئەوا بەراوردەکە وەکو مەشقێکی لێدێت بۆ پێکهێنانی چەشەی ئەدەبی و پێگەیاندنی بیری ئەدەبی ، کەچی لە ڕووی مێژووییەوە هیچ نرخ و نموودێکی نیە، بۆیەش نرخی نیە چونکە یەك بستە چیە یاریدەی پێشکەوتنی مێژووی ئەدەب نادا ... ) [١٥] .

بۆ نموونە کاتێ کە (ستاندال) ی فەڕەنگی (ڕاسین و شەکسپیر) بەراورد دەکا بەراوردەکەی زانستی نیە ، چونکە هیچ سەرەداوێکی مێژوویی نیە ڕاسین و شەکسپیر بگەیەنێتە یەك ، (ستاندال)یش نەچوە لە کون و کەلەبەری مێژوودا بۆ پەیوەندی مێژوویی بەینیان بگەڕێ بۆ ئەوەی بەراوردەکەی خۆی

(١٥) ڤانتیگم : الادب المقارن ، ترجمە سامی مصباح الحسامی ، بیروت، ل١٩ .

لەسەر بنیات بنێ .. هەروەهـا بەراوردکردنی (میلتـۆن) و (ئەبو عـەلای مەعەڕی) لە (بەهەشتی ونبو) و (رسالة الغفران)دا ؛ منیش لەگەڵ تۆدام کە میلتۆن و ئەبو عەلا هەر یەکە لە نەتەوەیەکی جیایە و هەردوکیشیان لە هەندێ لاوە لەیەك دەچن وەکو کوێری و رەشبینی و دەمارگرژی و قیچکە تەنگی. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ کامیان ئاگاداری ئەوەی تر نەبوە ؛ سودی لێ نەبینیوە، لاسای نەکردۆتەوە. ئیلهامی لێوەرنەگرتوە .بەراوردەکە لەروی زانستییەوە مایە پوچ دەردەچێ. کە وابو بونی پەیوەنـدی لە نێـوان دو جەمسـەری بەراوردەکە و بایەخدانی بەراوردکار بەم پەیوەندییە رەگەزێکی بنجییە بـۆ ئەدەبی بەراوردکاری. (ئەو لێکۆڵینەوانەی لە نێو ئەدەبی وادا نەکرابن کـە بە بەڵگەی تەواو نەسەلمابێ پەیوەندییان لە نێودا بوە و یەکێ کاری لەوەی تر کردوە. ناچنە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە ...[16] ) جا ( لە هەر کوێ ـ پەیوەندی ـ نەمێنێ. چ لە نێو ئادەمیزاد و دەقدا بێ. چ لە نێوان بەرهەم و ناوچەی لێوەرگیراوەوە بێ. یا لە نێوان وڵاتێك و گەڕیدەیـەك دا بـێ. شیرازەی ئەدەبی بەراوردکاری هەڵدەپچڕێ ... )[17].

لێرەدا ئیشارەتێکیش بەوە بدەین باشە کە بۆی هەیە وێکچونی بـاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و پەروەردەی کەسێتی. یا بەشداربونی دو نوسەرەکە لە کەم و کورتییـەکی وەکو کویـرێ یا کەڕی یا گۆجـی یـا قەمبوری... بۆی هەیە ئەمانە لە بەرهەمی دو نوسەرەکە رەنگ بدەنەوە و ببن بەهۆی پەیدابونی وێکچونێك لە نێو بەرهەمی ئەدەبی ئەم دو نوسەرەدا، بەڵام ئەدەبی بەراوردکاری خۆی بەم شتانەوە خەریك ناکات و ئەمـانە بـۆ هەندێ لایەنی تری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەجێ دێڵێ. با ئەو نمونەی سەرەوە وەربگرین (شاعـیرێکی وەکو مەعـەڕی ٩٧٣ ـ ١٠٥٧ بە کوێری ژیـا و

---

(١٦) طه ندا : الادب المقارن ، دار النهضه العربیه ، بیروت ، ١٩٨٣ ، ل ١٣ .
(١٧) هەمان سەرچاوە ، ل ص .



Scanned with CamScanner

سەبارەت بەم بەلایە رەشبینی و بێن تەنگی لنگی دەسەر داهێنا . ناکرێ ئەدەبەکەی لەگەڵ (میلتۆن ١٦٠٩ – ١٦٧٤)ی ئینگلیزی بەراورد بکەین ، کە ئەویش هەمان دەردی چێشت و دوچاری عەینی رەشبینی و قیچکە تەنگی بۆ . چونکە ئەمەی دوایی ئاگای لەوەی بەرایی نەبوە . نەکەوتۆتە بەر کاریگەری ئەوەوە . ئەوەی هەیە تەنیا رێکەوتە . ئەگەر وێکچوونێ لە نێو ئەدەبەکەیاندا بەدی بکرێ بۆ رێکەوت دەگەڕێتەوە نەك کاریگەر ...[18]).

بەم جۆرە ئەدەبی بەراوردکاری خۆی بۆ شیکردنەوەی وێکچوونی بە رێکەوت و شتی وا تەرخان ناکا . گرانایی ئەرکی خۆی دەخاتە سەر شوێنی بەیەك گەیشتنی مێژوویی ئەدەبەکانی جیهان (ئەم پێك گەیشتنە روون دەکاتەوە و ئەنجامەکەی دەداتە دەست . هەروەها بزووتنەوەی نوێخوازی لە ئەدەبدا ئاراستە دەکات و لایەنی رەسەنی ئەم نوێخوازییە دەست نیشان دەکا..[19])، کەواتە دۆزینەوەی سەرەداوی کاریگەری ئەدەبی و پەیوەندی مێژوویی بۆ داڕشتنی چوارچێوەی لێکدانەوەی بەراوردکاری ئەرکێکی سەرەکی و پێشەکی بەراوردکارە . هەر بەراوردێ لایەنی مێژوویی تێدا رەچاو نەکرێ لە سنووری باسێکی زانستی دەردەچێ . وەکو بەراوردکردنی شاعیرێکی کوردی وەکو (کوردی) و شاعیرێکی ئۆکرانی وەکو (شێفچینکۆ)[20] ، ئەمە هەرگیز ناکەوێتە بەر سایە و سێبەری ئەدەبی بەراوردکاری . بۆ ؟ چونکە ئەم دوو شاعیرە . با شیعرە وەسیەتنامەکەشیان لەیەك بکا ، بەلام خۆ هیچ پەیوەندییەکیان لە نێودا نەبوە (ئەم دووە لە سەردەمێکا ژیاون ، بەلام ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە هەردووکیان تا مردنیش ناوبانگی یەکتریان

---

(١٨) طه ندا : الادب المقارن ، دار النهضه العربیه . بیرۆت ، ١٩٧٣ . ل ١٤ .

(١٩) د. محمد غنیمی هلال : دور الادب المقارن . القاهره . ١٩٥٦ . ل ١١ .

(٢٠) د. مارف خەزنەدار : (لە شاخەکانی کوردستانەوە بۆ دەشتەکانی ئۆکرانیا ) ، گۆڤاری برایەتی . ژ ١٢ . س ١ . خ ٢ . کانوونی دوەمی ١٩٧١ . ل ١٥ – ١٧ .



Scanned with CamScanner

نەبیستووە ، وە لەوانەیە ناوی نەتەوەی یەکتریشیان نەزانیبێ ...[21]) جا دیارە هۆی وێکچوونی شیعرەکانیان پەیوەندیێ مێژوویی نێوان ئەم دوو شاعیرە نیە ، بەڵکو هەر ئەوەندەیە ( ئەبێ خۆشەویستیی خاکی نیشتمان و دڵسۆزیێ بەرامبەر هۆز و نەتەوە ، لەگەڵ خوێندەواریێ و خەیاڵ ، ئەوەی شاعیران لە سەرچاوەی مرۆڤایەتیێ هەڵی ئەئێنجن ، ئەڵێم ئەبێ ئەم هەموو جەوهەرانە شاعیرێکی ئەو خوارەی شاخەکانی زاگرۆسی کوردستان و شاعیرێکی تری دەشتە پان و بەرینەکانی ئۆکرانیای لە یەکتر نزیك کردبێتەوە ...[22]) جا دیارە وێکچوونێ بۆ رێکەوت و باری وڵات و ژیان و زروفی رابواردن بچێتەوە و سەرەنجامی کاریگەریێ یەکێکیان نەبێ نابێتە بەراوردی زانستیێ (پێویستە بەراوردکار جیاوازیێ بخاتە نێوان کاریگەریێ ئەدەبیێ و ـ بۆهاتنی لا بەلای وەکو یەك ، توارد الخواطر ) و لەیەك چوونی هەست و بیر...[23]) بەم جۆرە ، بەراوردکردنی دوو بەرهەم و پشت گوێ خستنی پەیوەندیێ مێژوویی نێوانیان باسەکە لە مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاریێ زانستیێ وەدەر دەنێ .

مامۆستا (علاءالدین سجادیێ) لە (مێژووی ئەدەبی کوردیێ)دا بەشی کۆتاییێ بۆ (ئەدەبی عالەم) تەرخان کردوە و هاتوە ئەدەبی کوردیێ لەگەڵ ئەدەبی کۆنی هەندێ نەتەوەی کۆن و نوێدا بەراورد کردوە[24] ، لە هەموو بەراوردەکانیشدا پەیوەندیێ مێژوویی فەرامۆش کردوە ، نەك فەرامۆشی کردوە بەڵکو بیروڕای دژ و پێچەوانەی ئەم دەستورەی بەراوردی زانستییە ،

---

(21) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥ .

(22) هەمان سەرچاوە ، ل ١٥ .

(23) د. محمد غنیمی هلال : المواقف الادبیه ، القاهره ، ١٩٧٣ ، ل ١٦ .

(24) لەم کتێبەدا ، لە بەشی (بەراوردکاریێ لە ئەدەبی کوردیێدا) بە درێژیێ باسی ئەم بەشەی کتێبەکەی مامۆستا سجادیێ دەکەین و باوەڕ و شێوازی لێکۆڵینەوەکانی دەخەینە بەر تیشکی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستی بەراوردکارییەوە .

ئەو لای وایە . ئەو دوو ئەدەبەی بەراورد دەکرێن نابێ هیچ پەیوەندییان پێکەوە هەبێ (بەراوردکردنێ لە بەینی ئەدەبێ دوو قەومدا مەعنای بەراورد کردنی دوو قەومەکە خۆیانە ... بەڵێ ئەگەر بهێنرێ بەرانبەری ئەدەبی ئێستەی فەرەنسێ بکرێت لەگەڵ ئەدەبێکی وەکو چیندا ئەمە زۆر بێ جێیە، بۆیە بێ جێیە چونکە ئەو شاعیرە یا ئەو ئەدیبە کە ئەدەبەکەی ئێستەی فەرەنسە دائەنێ . لەبەر ئەوە کە ئێستە دەوری خوێندەوارێیە و چاپ هەمو شتێکی بلاوکردۆتەوە . کابرای ئەدیبی فەرەنسە ئەدەبەکەی چینێ خوێندۆتەوە . ئەگەر شتێکی وەکو ئەوی گوت ئەوە گومانی تێدا نیە کە لەوی وەرگرتووە ...[٢٥]) . ئەمەش مامۆستا سجادێ بە پێچەوانەی یاسای زانستێ بۆ بەراوردی ئەدەبێ دەڕوانێ . هەر بۆیەشە ئەو بەراوردانەی کردوونی نرخی زانستییان لێ دارناوە و ئەگەر ئەم لایەنە گرنگەی بەراوردی زانستێ رەچاو بکردایە ، دەست پێشکەرێ لە ئەدەبی بەراوردکارێ کوردیدا بۆ ئەو بوو .

سێیەم :

ئەگەر یەکێ دوو بەرهەمی ئەدەبێ لەگەڵ یەك بەراورد بکا . دوو بەرهەمەکە بەیەك بچن و یەکێ کاری لەوەی تر کردبێ جا چ لە ڕووی فۆرمەوە ، چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە . دەبێ ئەم دوو بەرهەمە بە دوو زمانی جودا نووسرابنەوە و یەکێ کاری لەوەی تر کرد بێ . بۆ ئەوەی بەراوردەکە بەچکەیەکی زانستێ لێ بکەوێتەوە . واتە دەبێ بەراوردکار لە دوو لاوە سەرنج لە دوو بەرهەمەکە بدا :

١ ــ ئەوەی لا دیار و شکرا و مسۆگەربێ کە ئەدەبی نەتەوایەتێ

---

(٢٥) علاءالدین سجادێ : مێژووی ئەدەبی کوردێ . چابی دووەم . بەغدا . ١٩٧١ . ل ٦٥٣ .

کەوتوونە ژێر کاریگەریی ئەدەبێکی بێگانە و کەڵکی لێ وەرگرتوە و پێڕەوی هەندێ لایەنی کردوە •

ب ــ ئەم کارتێکردنە ساغ بکاتەوە و بیسەلمێنێ ، سەلماندنەکەیشی وا دەبێ کە چۆنیەتی بەیەك گەیشتنی دوو ئەدەبەکە و سەردەمی پێك گەیشتنیان و هۆ و چۆنیەتی کارتێکردنەکە بە بەڵگەی مێژوویی بەرجەستە و زانستی بسەلمێنێ • واتە وەڵامی ئەمە بداتەوە ، بۆچی ئەم بەرهەمە یا ئەم نووسەرە کەوتوتە ژێر کارتێکردنی ئەویانەوە ؟ ئینجا سەرنج لەوە بدا ئاخۆ دوای ئاگاداربوونی بەرهەمەکە ، چ دوور بە دووری بێ و چ لە نزیکەوە ، چ راستەوخۆ بێ و چ لابەلا ، یەکسەر بەبێ زیاد و کەم ، بەبێ گۆڕین و داپۆشین و دەستکاریی ــ وەکو وەرگێڕانێك ــ بەرهەمەکەی خواستوتەوە و بە زمانی خۆی داپڕشتوە، یا بۆی زیاد کردوە و لێی دارنیوە و گۆڕینی تێدا کردوە و لە قاڵبی داوە و لەگەڵ ویست و خواستی گیانی نەتەوایەتی خۆی گونجاندویە، یا تەنیا هەندێ وێنە و خوازە و رووی هونەریی لێوەرگرتوە و لە داهێنانی ئەدەبییانەی خۆیدا کەڵکی لێ وەرگرتوون، یاخود بیر و هونەرەکە بوونەتە ئیلهامێك بۆ ئەوەی ئەدەبێکی نەتەوایەتی رەسەن و ناوازە بەرهەم بێنێ؟ بە کورتی پێویستە پاش دەستنیشان کردنی کار تێکردنی ئەدەبی وەك دیاردەیەکی زیندووی بەینی دوو نووسەر یا دوو بەرهەمی ئەدەبی و داوی ساغ کردنەوە و سەلماندنی پەیوەندیی نێوانیان، پێویستە بەراوردکار دوو بەرهەمەکە بەراورد بکا، لایەنی جودا و بەیەکچوویان دیار بکا، ئەوەش ساغ بکاتەوە داخۆ نووسەرەکە یەکسەر بەرهەمە بێگانەکەی بە زمانی زگماك خوێندوتەوە ، یا لە رێی وەرگێڕانەوە پێی گەیشتوە ، ئەگەر لە رێی وەرگێڕانەوە ئاشنای بوە ، ئایا بەرهەمەکە یەکسەر لە زمانە رەسەنەکەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی نەتەوایەتی ، یا داوی چەند وەرگێڕانێکی تر پێی گەییوە ••• لێرەدا دیارە دەبێ کاریگەریی ئەدەبی هەر هەبێ ، ( جا ئەم کاریگەرە چ بۆ پێوەندیی کەسێتی

بچێتەوە ، چ بـۆ سەرچاوەی هاوبەش ••• ) [٢٦] پەیوەندێ کەسێتی ئەوەیە یەکێ سوّدی لە یەکێ وەرگرتبێ وەکو کاریگەرێ شاعیری گەورەی ئینگلیز (تی• ئێس• ئیلیۆت) لە (سەیاب)، یا کاریگەرێ (والت ویتمان)ی ئەمریکێ لە (محمد مقدم)ی فارس . کاریگەرێ (مایکۆفسکێ) لـە ( نـاظم حکمت ) ، کاریگەری (عبدالحق حامد) و (نانم حکمت)، یا شاعیرە ئەوروپییەکانی وەکو (شیلێ) و (ویردزوێرث) و (هۆگۆ) و (ئوسکار وایلد) ، لە (گۆران)[٢٧]ی خۆمان ، کە بەم کارتێکردنەوە توانێ ببێ بەم شاعیرە گەورەیە و سەرکردایەتێ نوێخوازێ لە شیعری کوردێدا بکا •• ئەمە پەیوەندێ کەسێتییە ، سەرچاوەی هاوبەشیش ئەوەیە کە نوسەر دەری بخا چۆن ( ئیلیۆت ) کاری لە (سەیاب) و لە ( ینمایوشیج ) کردوە ، واتە چۆن هەردوکیان لە ئەنجامی ئەوەی سوّدیان لە ئیلیۆت وەرگرتوە ، ڕوّی هونەرێ بەرهەمەکانیان لێك نزیك بۆتەوە یـا وەکو رونکردنەوەی کاریگەرێ کورتە چیرۆك و تەکنیکی نوێ لە ئەوروپا ، لە پەیدابوّن و پەرەسەندنی ئەم هونەرە لە ئەدەبی کوردێ و عارەبێدا ••

**چوارەم :**

پێویستە ئاگامان لەوەش هەبێ کە مەیدانی ئەدەبی بەراوردکارێ هەر تەنیـا لێکۆڵینەوەی کارتیکردنی زەق و ئاشـکرا و بەرچاو نیـە ، وەکو پەڕینەوەی بیروڕاو ناوەڕۆك و ژانر و پاڵەوان و داڕشتنی هونەرێ ••• لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی دیکە ، بەڵکو جۆری ئـەم کار تێکردنەش شـی دەکاتەوە چونکە ئەو کاتەی نوسەرێ ئەدەبی نەتەوەیەکی تر دەخوێنێتەوە

---

(٢٦) د. محمد غنیمی هلال : دور الادب المقارن ، القاهره ، ٩٥٦ ، ل ١٦ .

(٢٧) ل، بەشی (بەراوردکارێ لە ئەدەبی کوردێدا) ی ئەم کتێبەدا . بەدرێژێ باسی ئەوە دەکەین کە گۆران سوّدی لە گەلێ ئەدەب و گەلێ نوسـەری جیهانێ وەرگرتوە ئینجا توانیویە ئەم ئـەرکە مێژوییـەی سەرشـانی جێبەجێ بکا • • •

بە پێی بۆچوونی خۆی ئەم بەرهەمە شی دەکاتەوە و تێی دەگات . چۆنیشی تێ دەگا هەر بەم شێوەیە لە بەرهەمەکانی رەنگ دەداتەوە ، ئەم جۆرە کارتێکردنە لە ئەدەب و لێکۆڵینەوەی رۆژئاوادا لاپەڕەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە و جێگایەکی باشی دراوەتێ و پێی دەڵێن « بۆچوونی خوێنەر » ، واتە چۆنیەتی بۆچوونی خوێنەر و تێگەیشتنی لە بەرهەمەکە .

زۆر جار وا رێدەکەوێ خوێنەر نەك هەر بە تەواوی لە مەبەستی نوسەرێ نەگا لە بەرهەمێکی ئەدەبییەوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە مەبەستی نوسەرەکە بگات و کورد گوتەنی (لە کلکیەوە لغاوی بکا) ، جا کە شتێکیشی نوسی کاریگەری بەرهەمەکە هەر بەو شێوەیە لە نوسینەکەی دەدرەوشێتەوە کە خۆی تێی گەییوە نەك بەو چەشنەی نوسەرەکە مەبەستی بوە . بۆ نموونە ( کارلیل )ی ئینگلیزی کە یەکەمجار بەرهەمەکانی ( گۆتێ )ی جەرمەنی خوێندەوە . لایەنی مستقوفی و قەشمەری و گاڵتەبازی لە بەرهەمەکانی نەکەوتە بەرچاو ، وای بۆ چو کە بەرهەمەکانی بە لایەنی ئاییندا دەشکێنەوە و لەگەڵ پەروەردەی ئایینی و خو و رەوشتی خۆیدا دەگونجێن ، وای زانی ( گۆتێ ) پیرێکە و داوای خواپەرستی و دینداری و رەوشتپارێزی دەکا ، بانگی خەڵك دەکا بۆ ئەوەی لە سێبەری یەکسانیدا بژین و کەس مرخ لەماڵی کەس خۆش نەکات و کەس نەزۆتێنێتەوە ، ئەم بۆچوونەی ( کارلیل ) لە بەرهەمەکانیدا رەنگی دایەوە و کارێکی زۆری کردە سەر رای گشتی ئینگلیزی دەرهەق بە ( گۆتێ ) ، ئەوە بۆ شاعیر و نوسەرە ئینگلیزەکان تا ماوەیێ ( گۆتێ )یان کردە سەر مەشق و پێش قەرەوڵی نوسین .[٢٨]

---

(٢٨) د. محمد غنیمی هلال : دور الادب المقارن ، القاهرە ، ٩٥٦ ، ل ٢٢ ـ ٢٣ .

پێنجەم :

جۆرە کار تێکردنێکی تریش هەیە ، ئەویش هەر دەکەوێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە ، کە پێی دەگوترێ «کاریگەرێ پێچەوانە . یا بەرپەرچ دانەوە . » ئەمەش وەتۆیە کە نوسەرێك یا شاعیرێك بەرهەمی نوسەر نەتەوەیەکی‌تر بخوێنێتەوە و بیروڕای نوسەرەکەی بەدڵ نەبێ . جا بچن بە زمانی خۆی بەرهەمێکی ئەدەبێ دابنێ ، لە هەمان جۆر یا لە هەر جۆرێکی‌تر ، و مەژگە و مانای گشتێ بەرهەمەکە بەرپەرچ دانەوەی بیر و باوەڕی نوسەرە بێگانەکە بێ . بۆ نمونە ، زۆر شانۆگەرینوس لە ئەورۆپا ( کلیۆپاترە )یان کردۆتەوە کەرستەی ئەدەبێ ، وەکو گۆدڵ ، سامۆییل دانیال ، شەکسپیر، جۆن درایدن، برناردشۆ، لاشابل، مارمۆنتیل، ئەسکەندەر سۆمێ ، جیراردن .... بەلام ئەمانە هەر یەکە لە روانگەی خۆیەوە بۆ کلیۆپاترە چوە و بۆچونی هەمویشیان دژی بۆچونی شاعیرێکی بە داك و باب کوردی ، بە زمان و ئەدەب عارەبی وەکو ئەحمەد شەوقێ بوە ، بۆیە ئەحمەد شەوقێ هەستاوە بە شانۆگەرێ ( کلیۆپاترە ) وەلامی داونەتەوە و بیر و باوەڕی تایبەتێ خۆی دەرهەق کلیۆپاترە خستۆتە قاڵبی ئەم شانۆگەرییەوە و بە مەوەش بەرپەرچی بیر و راکانی ئەوانی هەمو داوەتەوە .

پوختەی ئەم بەشە :

لەم قسانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە هەمو چەشنە بەراوردکردنێك ناکەوێتە خانەی بەراوردی زانستییەوە ، بەراوردکارێ زانستێ دەستوری خۆی هەیە و چوارچێوەی خۆی دیار کردوە و لێی‌دەرناچێ .

بەراوردکردنی دو بەرهەم کە هەردوکیان بە یەك زمان نوسرابنەوە ، نابێتە بەراوردی زانستێ .

بەراوردکردنی دوو بەرهەم کە بە زمانی جوداش نوسرابنەوە بەلام پەیوەندییان لەنێودا نەبێ نابێ بە بەراوردی زانستی ، ئەگەر پەیوەندییەکەش لە راستیدا هەبێ بەلام بەراوردکار نرخی خۆی نەداتێ و لە لێکۆڵینەوەکەیدا سڕی بکات بەراوردەکەی تەواو و زانستی دەرناچێ . دەبێتە جێگەی رەخنە و تەشەر .

بێجگە لەمانەش دەبێ بەراوردکار نیازی پاك بێ لە لێکۆڵینەوەیدا ، چونکە هەموو زانستێك بە نیازی پاك نەبێ سەر ناگرێ و هەر کاتێ هەولی بەدنیاز رێگای کەوتە مەیدانی هەر زانستێك ، زانستەکە دەشێوێنێ و لە باتی بەرزی بکاتەوە دایدەشکێنێ . ئەرکی زانستی بەراوردکاریش زۆر بەرز و پیرۆزە ، بریتییە لە نزیك کردنەوە و متوربە کردن و دەولەمەند کردنی ئەدەبەکانی دونیا لە پێناوی هێنانەدی ئەدەبێکی مرۆڤایەتی بەرزی وا کە بەشدارییەکی راستەقینە لە مسۆگەر کردنی بەختیاری مرۆڤ بکات . بۆیە ئەو لێکۆڵینەوەی کە بەراوردکار لە بواری شارەزایی خۆیەوە دەیکا دەبێ مەبەستی پێ بەرزکردنەوەی نرخی ئەدەبەکە بێ ، هاندانی نوسەران بێ بۆ ئەوەی سود لە ئەدەبی بەرزی مرۆڤایەتی وەربگرن و ئەدەبی خۆیان پێ بە پیت بکەن ، نەك مەبەستی ئەوە بێ لە نرخی نوسەرێ کەم بکاتەوە و لە پایەی ئەدەبی نزم بکاتەوە و ببێتە کۆسپ و تەگەرە لە سەر رێگای پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی . و هەموو جۆرە وێکچوونێکی ئەدەبی بە دزی و فزی دابنێ و وەك پۆلیسی گومرگ لەسەر سنور رابوەستێ و هەموو هات و چۆ و پەڕینەوەیەك قەدەغە بکا و هێنان و بردنی کەرستەی مۆر نەکراو رابگرێ و هەموویان گل بداتەوە .

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

# بەشی چوارەم

## هۆی پەڕینەوەی کارتێکردنی ئەدەبی

ئەدەبی هەر نەتەوەیەك کـە شاکارێکی بڵندی لێهەڵکەوت و وەکو لوتکەیەك بەسەر بەرهەمی نەتەوەی خـۆی و نەتەوەکانی تریدا ڕوانی . کەم و زۆر کار لـە بەرهەمی ئـەدەبی نەتەوەکانی تر دەکا ، جا شـوێنی کارتێکردنەکەیشی ، کەم تا زۆر . بە گوێرەی زەوق و چەشـە و بەهرە و توانای نوسەرەکەوە ؛ بە ئەدەبەکەوە دیارە ، هەر ئەم ڕێ و شوێنەشە کە دەبێتە سەری تاڵـە دەزوێەك و بەراوردکار تا کۆتایی گلۆڵەکە هـەمۆی هەڵدەکاتەوە . پێشتر ئەوەشمان گوتوە کە ئـەگەر وێکچونەکەی نێو دۆ بەرهەمەکە ڕێـکەوت بێ و کەس ئاگای لـە کەس نەبۆ بێ لێکۆڵینەوەکە ناکەوێتە خانەی بەراوردی زانستی و بایەخێکی وای نابێ . گرنگ ئەوەیە ئەدەبەکان . یەکێ ئاگاداری ئەوەیتر بۆ بێ ، پەیوەندییەکی مێژۆییان لە نێودا هەبێ وەکو پردێك ئەم لاو ئەو لا بەیەکەوە ببەستێ . جا هەر ئەوەندە بەس نیە کە بەراوردکار پەنجە بۆ کاریگەرەکە و پەیوەندییەکە درێژ بکا ، دەبێ ئەوەش رون بکاتەوە چۆن ئەم دۆ ئەدەبە دەستیان گەیشتۆتە یەکتر و کێ ، یا چ شتێ بۆتە پێناوی بەینیان و پێکی گەیاندۆن ؛ دەبێ ئەو هۆیانە بدۆزێتەوە کە کارتێکردنەکەیان گواستۆتەوە ، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەش لە بواری بەراوردکاریدا شـوێنێکی تایبەتی هەیە و وەك باسـ و لایەنێکی



Scanned with CamScanner

سەربەخۆ لێی دەکۆڵدرێتەوە . و پێی دەگوترێ ( میزۆلۆجیا ) .

میزۆلۆجیا بریتییە لە دۆزینەوە و یەکالا کردنەوەی هۆیەکانی گواستنەوەی کاریگەریی ئەدەبی لە نێو بەرهەمی ئەدەبی دوو نەتەوەی جیاوازدا کە یەکێ کەوتبێتە بن رکێفی کارتێکردن ئەوەی ترەوە .

بە شێوەیەکی گشتی . هۆیەکانی گواستنەوەی کاریگەریی ئەدەبی دەکرێن بە دوو جۆر : هۆی گشتی و هۆی تایبەتی .

**هۆی گشتی :**

بریتییە لەو هۆیانە کە بە شێوەیەکی گشتی ڕێ بۆ هات و چۆی کاریگەرەکە خۆش دەکەن و هۆی ڕاستەوخۆ نین ... ئەمانەش هەندێ لەم هۆیە گشتییانەن :

١ـ یەکێ لە هۆیە هەرە گرنگەکانی گۆزرانەوەی کاریگەری ئەدەبی ئەوەیە کە نووسەرە بەهرەدار و هەڵکەوتوە هەستناسکەکانی ئەدەبی نەتەوایەتی . لە ئەنجامی بەخۆداهاتنەوە و شارەزابوونی ڕادەی پێشکەوتنی ئەدەبی جیهانی . هەست بکەن کە ئەدەبی نەتەوایەتییان مەییوە و چەقیوە و وەك گۆمی وەستاوی بەسەر هاتوە . شان بە شانی پێویستییەکانی ژیانی سەردەم ناژوا و لە کاروانی ئەدەبی جیهانی دوا کەوتوە . جا لێرەدا ئەم ئەم بەهرەدار و هەست ناسکانە کە ئەم جۆرە هەست و سۆز و بیرکردنەوەیان بۆ پەیدا بوو لە ئەدەبی سواوی نەتەوایەتی کەوەڕێ دەبن و پشوویان لێ تەنگ دەبێ و وا هەست دەکەن هەر چوار دەوریان تەنراوە و ڕێگەی دەرچوون و گرانەوەیان لێ بەربەست کراوە . ئیدی بە دوای هەوایەکی پاك و بێ گەرد و بۆنێکی نوێ و خۆش و ئاوێکی سازگار و تەوژمێکی بە خوڕەمدا دەگەڕێن، دەزانن هەر تەنها کروشکە کردن و خۆ خورادنەوە دادیان نادا ، بۆیە پێ



Scanned with CamScanner

لەسەر زەوی خۆیان دەچەقێنن و دەرگە و پەنجەرەکانیان بە رۆی ئەدەبی جیهانی دەکەنەوە تا هەوای گەنیوی ژووری بلۆزێ و بڕوا . هەناسەی پاکژی ئەدەبی بەرز و پێشکەوتنخوازی جیهانی بێنە ژوورەوە و خوێنی دەماریان خاوێن بکاتەوە و بیانخاتە جم و جۆڵ و چالاکییەوە .

بەم جۆرە ئەم تاقمە هەست ناسکە دەکەونە ناو ئەدەبی جیهانی جۆرا و جۆر و بە دوای بیری پێشکەوتوانە و هونەری دانستە و وێنەی بە نەزاکەت و داڕشتنی وەستایانەدا دەگەڕێن و شتی نوێ و نایابیان لێ‌دەخوازنەوە و ئیلهامی بەجۆشیان لێ وەردەگرن و ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیان دەوڵەمەند و بە پێز دەکەن ... بۆیە لێرەدا نوێخوازەکان هەمو لایەك بانگ دەکەن تا بە پێی توانا ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبی بێگانەدا پەیدا بکەن و کەڵك لە رووە روناك و لوتکە بەرز و لایەنە شیاوەکانی وەربگرن و ئەدەبی نەتەوایەتی پێ زاخاو بدەنەوە و پێشی بخەن . بۆی هەیە هەڵسڕینی زادەی بیری بەرزی مرۆڤایەتی و وەرگرتنی ئەدەبی گەشاوەی جیهانی هەنگاوی زن زن بە ئەدەبی نەتەوایەتی باوێت و بیخاتە بەردەم گۆڕانێکی بنجی و گەشەدارەوە .. جا وەکو دەستورێکی چەسپا وایە . لەگەڵ هەمو نوێبونەوەیەکی ئەدەبیدا کێشە و ململانە دەکەوێتە نێوان کۆن و نوێ . کۆنەکان وا تێ‌دەگەن وەرگرتنی شتی نوێ لە ئەدەبی جیهانی و نوێ‌کردنەوە و گۆڕینی باری ئەدەبی نەتەوایەتی مەترسی هەڵتەکان و داڕوخێنی بنج و بناغەی ئەدەبی نەتەوایەتی بە دواوەیە . ئەدەبی نەتەوایەتی بەم جۆرە کردەوەیە مۆرك و شەقڵ و نیشانەی رەسەنی خۆی دەدۆڕێنێ و دەکەوێتە ناو گێژاوی شەپۆلی ملەوەزی ئەدەبەکانی تر و سەری تێ‌دەچێ . بۆیە بەوان بێ ئەم هەوڵە رابگیرێ و ئەم تەقەلایە زیندە بەچاڵ بکرێ و پارێزگاری بەرهەم و شێوازە رەسەنەکە بکرێ کە سالەهای ساڵە دەقیان پێوە گرتوە و بۆیان بۆتە دەستوری موکەڕەم و نابێ بگۆڕێ ... بەرامبەر بەمانەش نوێخوازەکان

له سەرەتاوە زۆر بە توند و تیژێ دژی شتی کۆن دەوەستن ، هەمۆ کۆنێك ، چاك و خراپ . بە بیانوی کۆنێتێ دەدەنە دواوە ، هەمۆ نوێیەك ، بە چاك و خراپەوە ، دەپەرستن ، بەوان بێ بە لێشاو و شت بە شێوازی نوێ بنوسن و خۆیان لە شتی کۆنی خۆماڵێ نەگەیەنن . ئەم کێشەیە لە سەرەتاوە زۆر توند و تیژ هەڵدەچێ ، هەردۆ لا زیاتر لە پێویست پێ دادەگرن . بەڵام گومانی تێدا نیە کە ئەم کێشە سەخت و دژوارەیە بە سەرکەوتنی شتی نوێ و نوێخوازێ و بەزین و شکانی هێزی کۆن و کۆنەپەرستێ دەبڕێتەوە . ئینجا کە بزوتنەوەی نوێخوازێ چەسپا و کەوتە رەباس و مەترسێ بەربەرەکانێ کۆنی نەما ، لە سەرگەرمێ جارانی دێتە خوارەوە و هەڵوێستی بەرامبەر کۆن و نوێ . هەردوکیان . دەگۆڕێ ، چیتر هەمۆ شتێکی نوێ ناپەرستێ ، نوێیەك نرخ و سەنگێکی ئەدەبێ نەبێ و لە زەمینەی خۆماڵییەوە چەقێلەی نەدابێ . وەری ناگرێ ، چی تریش هەمۆ شتێکی کۆن بە هەنجەتی کۆنی توڕ نادا ، نرخی روە گەش و روناکەکانی کۆن دەزانێ و هەوڵ دەدا سودی لێ وەربگرێ ، لە ترۆپکەی هەرە بەرزی ئەم پنتکە روناکەی کۆنەوە دەڕوانێتە ئاسۆی داهێنانی نوێ و رەسەن و خۆیێ ، بە مەوەش هەم شەقڵی رەسەنایەتێ خۆی ناشکێنێ و هەم لە کەژاوەی ئەدەبی جیهانیش دوا ناکەوێ ، ئەم کێشە و مل ملانەیەش دیاردەیەکە لە هەمۆ سەردەمێکی راپەڕینی ئەدەبی نەتەوایەتیدا بەدێ دەکرێ (١) .

بەم جۆرە دەبینین مەسەلەی هەلکێشانی هەناسەی هەوای بێگانە و خۆ داڕشتنەوەی ئەدەبی نەتەوایەتێ بە قالبێکی هاوچانەوە ، مەسەلەیەکی پیرۆزە و ئامانجی هەمۆ ئەدەبێکی پێشکەوتنخوازە . لە هەمۆ قۆناغێکی

---

(١) لە ئەدەبی کوردیماندا بزوتنەوەی (روانگە) پۆپەی تەقینەوەی کێشەی نێوان کۆن و نوێ بو . لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە سەر دەستی تاقمێ شاعیر و نوسەردود سەری هەڵدا ..



Scanned with CamScanner

مێژوییدا ، بەو مەرجەی نەگاتە ئەو رادەیە کە هەناسـەی رەسەنایەتی تێدا خەفە بکا ، بە پێچەوانەوە ، دەبێ بە هێزتر و بێ لەکە تری بکا ، ئەم کارەش وەکو گوتمان بە دەستپێشکەریێ و جانفیدایی ئەو تاقمە دەکرێ کە بیرێکی فراوان و هەستێکی ناسك و لێکدانەوەیەکی وردیان هەیە و تێ دەگەن ئەگەر ئەدەبی نەتەوایەتی لە کاوێژ و جوینەوەی خۆی نەکەوێ سیس و پوت دەبێ و توشی مەترسی هەلوەران دەتێ ، بۆیە دەبێ شیلەی بەهرەیەکی نوێ و خوێنی تاقیکردنەوەیەکی نوێتری بکرێ بـە دەمارەکاندا تا خـۆی لـەم جغزە تەنگەبەر و گۆماوە بۆگەنە رابپسکێ و باوەشی بە ئاسۆی فراوان و ئاسمانی بەرین و هەوای کراوەدا بکا ..

٢ــ دەربەدەریێ و ئاوارەبون و کۆچی نوسەرێ یا کۆمەڵە نوسەرێك لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی ترەوە ، یا ناو نەتەوەیەکەوە بۆ ناو نەتەوەیەکی تر ، ئەمەش زیاتر لە سەردەمی کۆندا دەوری دەگێڕا ، کە بە هۆی شڵەژانی باری سیاسی و ئابوریێ کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە کۆمەلێ زانا و نوسەر لە هێلانەی کەنارای باب و باپیران لانەواز دەبون و بە ناو ولات و نەتەوەیەکی تـردا وەردەبون ، ئەمانە هەم کاریان لە باری رۆشنبیریێ نەتەوەکە دەکرد و هـەم خۆیشیان دەکەوتنە بەر کاریگەریێ ئەو بارە نوێ و رۆشنبیرە تازەیەی لە ولاتە بێگانەکەدا بەرەو روی دەبونەوە . بـۆ نمونە ( کۆچ کردنی پرۆتستانتییە فەڕەنگەکان ، بو بە هۆی پتـەو بونی پەیوەندیێ نێوان ئەدەبی فەڕەنکی و جەڕمەنی : هەر تەنیا شاری ــ هامبۆرگ ــ چل هەزار ئاوارەی فەڕەنگی تێدا گیرسابۆوە کە شانۆ و یانە و رۆژنامە و گۆڤاری تایبەتی خۆیان هەبو ، هەروەها فەڕەنگستانیش لـە سەردەمی شۆڕشدا ببو بـە دالدەی هەمـو نوسەرانی ئەوروپا ، ئەمەش کردیە کارێ کە رۆشنبیرییەکی نوێ بێتە کایەوە ، ئەمەش سەرەنجامی سەرکەوتنی هەمو شۆڕشێکە ...)[٢] .

---

(٢) د. محمد غنيمي هلال : الرومانتيكيه ، القاهرة ١٩٧٣ ، ل ٣٦ .



Scanned with CamScanner

دەتوانین ئەو جۆرە کار تێ‌کردنەی لە ئەنجامی ئاوارەبونەوە پەیدا دەبێ بکەین بە دو بەشـەوە

ا ــ یا وا دەبێ ئـاوارە زۆر بن و ئاسـتی رۆشـنبیریَ و زانـایی و لێکدانەوەی ژیرانەیان بەرز بێ و بتوانن کار لە ئەدەبی ئەو نەتەوەیە بکەن کە لە ناویدا دەگیرسێنەوە . و بەرەو پێشەوەی ببەن و بزوتنەوە و جم و جولێکی بخەنە ناو . وەکو ئەوەی . لە سەدەی شازدەم دوای روخانی بیزەنتە ، هەمو زانا و نوسەرەکان پەراگەندەی ئیتالیا بون و لەوێ کارێکی زۆریـان لـە بەرزکردنەوەی رادەی ئەدەب و رۆشنبیریَ ئیتالیَ کرد • یاخود وەکو ئەوەی چۆن دوای شۆرشی فەرەنگ . کە ناپلیۆن بە خۆ و بە هێزێکی قورسەوە شالاوی بۆ میسر و رۆژهەلات هێنا . کۆمەلێ زانا و نوسەر و شوێنەوارناسی لەگەل خۆی هەلگرت و چاپ و چاپخانە و چاپەمەنیَ پەراندەوە و کارێکی زۆری کردە سەر بوژانەوە و گەشەکردنی رۆشنبیریَ ولاتی میسر و سەراپای رۆژهەلاتی نزیك و ناوەراست •

ب ــ یا وا دەبێ ئەو نوسەر و شاعیرانەی هەلەتەی ولاتێکی تر دەبن . هەم ژمارەیان بە گوێرەی ژمارەی نوسەر و شاعیرانی ئەو ولاتە کەم بێت و هەم ئاستی رۆشنبیرییان لەوان نزمتر بێ . لێرەدا ئەم نوسەر و شاعیرانە . بەم کەمیَ ژمارە و نزمیَ پلەی رۆشنبیرییانەوە ناتوانن هیچ شتی تازە و ناوازە بەو نەتەوەیە ببەخشن . ئیدیَ دەکەونە بەر کاریگەریَ ئەوانەوە . چونکە هەر زو بۆیان دەردەکەوێ کە ئەم دونیا نوێیە زۆر شتی نوێ و بە سودی تێدایە کە ئەوان نەیاندیوە و پێی نەگەیشتون.جا وەك خۆیان دەکەونە بەر کاریگەرەکەوە دەشێ ئاواش کاریگەرەکە بۆ ئەدەبی نەتەوایەتیَ خۆیان بگوزنەوە و نەوەی نەتەوەکەیان پێرەوی رەوتی نوێیان بکەن • وەکو لە سەرەتای سەدەی بیستەم



Scanned with CamScanner

شاعیرە عارەبەکانی (مهجر) وەکو (جوبران [٣] و میخائیل نەعیمە و ئیلیا ئەبو مازیۆ و ...) دەربەدەری ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوون ، لەوێ کەوتنە بەر کار تێکردنی ئەدەبی رۆژئاوایی و ئەم کار تێکردنە زەق زەق بە ئەدەبەکەیان و بە شێوازی نوسین و بە جۆری لێکدانەوە و لایەنی هونەریی بەرهەمەکانیانەوە دیارە ، وە نەبێ ئەم کاریگەرەش هەر تا لای خۆیان هاتبێ و لەوێوە وەستابێ ؛ نەخێر ، بۆ نوسەرە تازە هەلاتوەکانی ئەوسای ئەدەبی عارەبیش پەڕییەوە کە لە ولاتی خۆیاندا دەژیان و کەوتنە لاسایی و پێڕەوکردنی نمونەی بەرزی ئەدەبی ئەوان مهاجیرانەوە •

یاخود ئەم جۆرە کار تێکردنە کە وەکو ئەوەی پاش جەنگی گەورەی یەکەم ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی تورکیا لەژێر زەبر و زەنگ و چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی نارەوادا ئاوارەی ولاتی سۆڤیەت بوون و لەوێ تاقمێ زانا و شاعیر و نوسەری باشیان لێ هەلکەوت کە هەمویان جێ پەنجەی ئەدەب و رۆشنبیریی پێشکەوتنخوازیی سۆڤێتییان پێوە دیارە •

٣ـ یەکێ لە هۆیەکانی تری پەڕینەوەی کاریگەریی ئەدەبی جەنگە•بۆی هەیە شەڕی گران و شوم و روخێنەر و کاولکار و بەشەر خۆر دەورێکی زۆری بێ لە گواستنەوەی کارتێکردنی ئەدەبی لەنێو ئەدەبی ئەم نەتەوانەی

---

(٣) دور نیە جوبران لە نوسەرە موهاجیرەکان ، لە هەمویان زیرەکتر و بە دەسەلات تر بو بێ ، ئەم کابرایە دەستێکی بالای لە زمانی ئینگلیزیی و عارەبیدا هەبو ؛ زۆر بەرهەمی نایابی بە زمانی عارەبیی و ئینگلیزیی نوسیوە ، ئینگلیزییەکانیشی هەمویان کراونەتە عارەبیی . جوبران شێوازی تایبەتیی خۆی هەبو لە نوسیندا ، جێگایەکی دیاریی لە نوێکردنەوەی ئەدەبی نوێی عارەبیدا هەیە ... خۆی لە داك و بابێکی گاور بو ؛ بۆیە یەکەمجار لە روی باوەڕی ئاینییەوە گاور بو ؛ پاشان وازی لێهێنا و بو بە ئیسلام ، پاشان وازی لەویش هێنا و باوەڕی بە دین نەما .. زۆر دلبەندی (هکذا تکلم زرادشت)ی نیتشە بو ، دەم و سعات ئەم کتێبەی لە گیرفاندا بو ، کتێبی (النبی) ، کە بە ئینگلیزی نوسیوە و پاشان کراوەتە عارەبیی ، رەنگدانەوەیەکی کت و متی باوەڕەکانی نیتشەیە .



Scanned with CamScanner

بەشداری شەڕەکە دەبن . بەتایبەتی ئەگەر شەڕەکە و ماکی شەڕەکە پشوو درێژی تێدا بنوێنرێ و ماوەیەکی دوور و درێژ بخایەنێ ؛ چونکە شەڕ دەبێتە هۆی لێك نزیك بوونەوە و ئاڵوگۆڕێکی تایبەتی و سەیر لەناو هەردوو بەرەی شەڕەکەوە . وا دەبێ نووسەران لەم شەڕەدا بەشداری ڕاستی بکەن و بەمەوەش زیاتر دەچنە ناخی ئازارەکە و باشتریش دەستیان بە بەرهەمی بیر و زادەی مێشکی بەرەکەی تر دەگا . شەڕی خاچییەکان کە دوو سەدە درێژەی کێشا . پردێکی پتەو بوو بۆ پەڕینەوەی هەندێ کاریگەری ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا . یا بە پێچەوانەوە . لەم ماوە درێژەیەدا کە ئاگری شەڕ لە هەڵایسساندا بوو . ئیسلام و گاور لە سەر خاکی فەلەستین لە بگرە و بەردەیەکی توند و بەردەوامدا بوون . کە ئەم شەڕە بە قازانجی بەرەی ئیسلام دامرکایەوە . زۆر شتی لە شوێن بەجێ ما . یەکێ لەمانە ئەوەبوو کە ئەدەبی عارەبی و فەڕەنگی دەستیان لە یەکتر گیر بوو و کەڵکیان لەیەك وەرگرت و سوودیشیان بەیەك گەیاند . ئەو شاعیرە فەڕەنگانەی بەشداری شەڕەکە بوون. بەش بە حاڵی خۆیان و نەتەوەکەیان سوودیان لە سوچێکی ئەدەبی عارەبی وەرگرت و بردیان ئەدەبی خۆیان پێ متوربە و دەوڵەمەند کرد ، بە مەوەش جۆرە شیعرێکیان خستە ناو ئەدەبی فەڕەنگییەوە کە پێی دەڵێن (ترۆبادۆر) (٤) و پێشتر نەیانبوو . یابەو ڕادەیە نەبوو .

لە هەمان کاتیشدا گەلێ زانا و پسپۆڕ و لێزان کە لە بنچ و بناوانی

---

(٤) ئەم (ترۆپادۆرە) لە ئەنجامی کار تێکردنی (موشح و زجل)ی عارەبی پەیدا بوە . لە بارەی کێش و دێڕەکان و ناوەڕۆکی دڵداری و کرۆزانە و ترسی ڕەقیب و لایەنی تری هونەری لەیەك نزیکن . (جیوم ـ ی نۆیەمینە) کە کوێخای ئەکتینا بوو ین شاعیری ترۆپادۆر ناوەڕۆك و دارشتنی هونەرییەوە لەگەڵ پڕۆشکتکی شەڕی خاچییەکانەوە م ترۆپادۆرە ، بە کەوتە ناو ئەدەبی فەڕەنگی . زۆری نەبرد لە ئیتالیا و ئینگلتەرە و هەموو ئەوروپادا بڵاو بۆوە . د. محمد غنیمی هلال لە (الادب المقارن)دا . بە دوور و درێژی باسی کردوە .



Scanned with CamScanner

هەندێ جۆری ئەدەبییان کۆلیوەتەوە . شـەڕی خاچییـەکان بە هـۆیەکی سەرەکیێ و ڕێگا و پردێکی بەرێن دەزانن بۆ پەڕینەوەی چیرۆکی ئەفسانەیێ و ئەوانەی لەسەر زمانی گیاندارانەوە گوتراون ، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و گەیشتنیان بە دەستی (لاڤۆنتێن)ی فەڕەنـسگێ کە بە وردەکاریێ خۆی ئـەم جۆرە ئەفسانانەی هەڵسەنگاند و بە شێوە و قـالبێکی نوێ دایڕشتنەوە و سێزدە بەرگی لێ نوسینەوە و دەرگایەکی نوێی لە ئەدەبی فەڕەنگێ کردەوە.

٤ ـ دەسەڵاتی سیاسیێ و داگیرکردن و ژێردەستەیێ :

داگیرکردن لە ئەنجامی پەلاماردانی وڵاتێك و شـکانی وڵاتێـکیتر پەیدادەبێ کە لە ئاکامدا وڵاتە بەزیوەکە ژێر دەکەوێ و سـەر بۆ ئەوەیتر شۆڕ دەکا . جا ئەو نەتەوەی لە لێکدانەکەدا دەباتەوە و سەردەکەوێ زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریێ خۆی بەسەر نەتەوە بەزیوەکەدا دەسەپێنێ و بە مەوەش زۆر کارێکی دژوار لە بەرهەمی ئەدەبی نەتـەوە ژێردەسـتەکە دەکا . لـە هەمـان کاتێشدا ئەم لایەنـەی کە زۆرانبـازییەکە دەبـاتەوە و جڵـەوی دەسەڵاتداریێ دەگرێتە دەست ، بۆ مانەوە و بەردەوام بونی خۆی و بە پێی قۆنـاغی مێژوییێ و بار و زروفی وڵاتی خۆی و وڵاتانی دەرەوە ، جـۆرە ئەدەبێکی وا دروست دەکا ، کە لەگەڵ بەرژەوەندیێ خۆیدا بگونجێ و ڕێگا لە هەر بەرهەمێکی تر دەگرێ کە دژی ئەم بەرژەوەندییە بێ .

داگیرکردنی (نۆرماندیێ) لە سەدەی یازدەم کارێکی زۆریێ کردە سەر ئەدەبی ئینگلیزیێ ، ئەوەبوێ زمانی فەڕەنگیێ تا دوێ سەدە لە ئینگلتەرە بوێ بـە زمانی بارەگا و شەرع و پەرلەمان و زمانی رەسمیێ ... بە مەوەش کارێکی زۆری کردە سەر زمان و ئەدەبی ئینگلیزیێ ، ئەم کاریـگەرە تا سـەردەمی (چۆسەر)ی بابە گەورەی ئەدەبی ئینگلیزیێ هەر زەق دیاربوێ ، (چۆسەر) تـا قوڕقوڕاگە کەوتبوە ناو ئەدەبی فەڕەنگییەوە «ئەم شیعرە نوێیەی چۆسەر و گاوەر نوێنەری بوێن ، پیاو دەتوانێ بڵێ ، شیعری فەڕەنگیێ بوێ بەڵام بە زمانی



Scanned with CamScanner

ئینگلیزی نوسرابۆوە ...» [٥] ، نەك هەر ئەوسا ئێستاش ئەم کاریگەرەی نێوان ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنگی هەر بەردەوامە ، سەدەها و بگرە هەزارەها وشەی وەکو یەك و لەیەك نزیکیان تێدایە ، بە سەدان شاعیر و نوسەریان سود لە بەرهەم و داڕشتنی یەکتر وەردەگرن ...

کاتێ لە دەوڵەتی عەباسی ڕوخا و تورکە عوسمانلییەکان هاتنە سەر تەخت و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلییان دامەزراند ، زمانی تورکییان بەسەر ئەم نەتەوانەدا سەپاند کە کەوتبونە ژێر نیری ئیمپراتۆرییەتەکەیانەوە . ئەمیش بو بە هۆی ئەوە کە ئەدەبی تورکی لەسەر حیسابی بەهرە و توانای هەمو نەتەوەکانی تر دەوڵەمەند ببێ و کاریش لە ئەدەبی نەتەوە ژێردەستەکان بکا...

با دور نەڕۆین ، زمان و ئەدەبی کوردی خۆمان وەربگرین . لەبەر ئەوەی لە عیراق زمانی عارەبی زمانی رەسمیە و هەمو خوێندن و نوسین و هەمو هۆیەکی راگەیاندن وەکو ئێستگە و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و گۆڤار بە عارەبییە . زمان و ئەدەبی کوردیش تا رادەیەك کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی زمان و ئەدەبی عارەبی ، کەچی لە ئێران زمان و ئەدەبی کوردی . لەبەر هەمان سەبارەت و هۆ . کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبی فارسی ؛ هەروەها بە گوێرەی زمان و ئەدەبی کوردی لە تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت [٦] ...

(٥) Herbert Grierson and J. C. Smith : A Critical History of English Poetry. London. 1966. P. 27.

هەروەها ئەم چۆسەرە (١٣٤٠ — ١٤٠٠) زۆر سەردانی ئیتالیای دەکرد ، بۆیە زۆر پەیوەندی لەگەڵ شاعیرە هاوچەرخەکانی ئەوسای ئیتالیا خۆش بو ، وەکو بۆکاشیۆ ، و پترارك ... ئەمەش دەوری زۆر بو لەو پایەی چۆسەر لە ئەدەبی ئینگلیزیدا پەیدای کرد .

(٦) نەك ئەم زمان و ئەدەبانە هەر کاریان لە زمان و ئەدەبی کوردی کردوە ، بگرە بە درێژایی مێژو زۆر نوسەر و شاعیر و زانای کورد هەڵکەوتون و خوێن و ئارەقە و مێشکی خۆیان بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی خۆیان تەرخان نەکردوە ، بونەتە خزمەتکاری ئەدەبی ئەم نەتەوانە ... ئێستاش ئەم جۆرە کەسانە نمونەیان کەم نیە .



Scanned with CamScanner

**٥ ـ هۆی ئایینی :**

زۆر جار وا دەبێ زمانێك دەبێتە زمانی ئایین و لەگەڵ بڵاو بونەوەی ئایینەکە زمانەکەش دەکشێ و پەل و پۆ داوێ ، رەگ لەناو ئەم نەتەوانەدا دادەکوتێ کە باوەڕ بـە ئایینەکە دێنن و بۆ تێگەیشتنی ئـەم ئایینە هەمو هەوڵ و کۆششیان دەخەنە سەر فێربونی زمـانەکە و فێربونی زمانەکەش بەرە و خوێندنەوە و چەشتنی تامی ئەدەبەکە رایان دەکێشێ . وەکو زمانی عارەبی کە زمانی قورئان و فەرمودەکانی خۆشەویسـت و ئایینی ئیسلامە • ( کە ئیسلامەتی گزنگی دا و عـارەب وڵاتی فـارسیان داگیر کرد ، هـۆی گەیشتنە یەك زیاتر بـۆ رێگای وەرگرتن و دان و بەخشین پتـر جۆری لێ پەیدابو ، گۆڕینەوەی کار تێکردن و کار تێکران فراوانتر و قوڵتر و ئاشکراتر بو ...) [٧] نەك هەر لەگەڵ زمانی فارسی ئەم جۆرە کارەیان لە یەکتر کرد . بەڵکو زمـان و ئەدەبی عارەبی کاری زۆری کردە سـەر زمان و ئـەدەب و هەست و سۆز و بیروباوەڕ و فەلسەفەی هەمو نەتەوەکانی تری وەکو کورد و تورك و ئەفغان و بلوچ و ..... کە ئەگەر بە خۆشی بو ، ئەگەر بە ناخۆشی ، بونە ئیسلام و ناچاربون بۆ تێگەیشتنی ئایینەکە خۆیان فێری عارەبی بکەن و لە ترسی خوا و رۆژی زینـدو بونەوە خۆشیان بوێ و لە سـەروی هەمو زمانێکی تری دابنێن چونکە ( کلام الله )یە و نابێ لەو پیرۆزتر و گەورەتـر هەبێ . ئیدی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە جۆرێ مێشکی خوێندەوارەکانی قانگدا کە جگە لە ئایین و زمـان و ئەدەبی عارەبی بەریان بە هیچ شتێ ، بگرە بە زمان و ئەدەبی خۆیشمان نەما . عەجەم (غەیری عارەب) بە هەزاران هەزار کتێبیان لە هەمو لقەکانی زانیاری مرۆڤایەتییەوە بە زمانی عارەبی نوسی ، یان لە زمانەکانی ترەوە وەریان گێڕایە سەر زمانی عارەبی ، هەمو توانا و بەهرە و سۆزی خۆیان لە زمانی عارەبی خەرج کرد ...

(٧) د. احمد محمد الحوفی : تیارات ثقافیة بین العرب والفرس . القـاهرە، ١٩٦٨ ، ل ٢٩٥ .



Scanned with CamScanner

بەم چەشـــنە ئایین و زمانی ئایین دەوری زۆری هەیە بـــۆ پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی . ئەدەبی سەر بە ئایینەکە گیانی ئەدەبەکانی تر هەڵدەمژێ و خۆی دەچەسپێنێ و کار دەکاتە سەر ئەدەبی ئەو نەتەوانەی باوەڕ بە ئایینەکە دێنن و بـــە شتێکی پیرۆز و ئاسمانی دەزانن و دەیپەرســـتن ، ئەم پیرۆزییە ئەدەبەکەیان لا خۆشەویست دەکات و خۆشەویستی ئەدەبەکەش لە ئەدەبی نەتەوایەتیدا رەنگ دەداتەوە .

**بـــازرگانی :**

زۆر جار بازرگانی دەبێتە هۆی پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی ، هاتوچۆ کردن و کڕین و فرۆتنی کوتاڵ و کەلوپەل و سەرکردن بە ناو زۆر نەتەوەی جۆرا و جۆر و جیاوازدا دەبێتە هۆی ئەوە کە هەندێ باسی ئەدەبی یا وێنەی شیعری یا داڕشتنی هونەری یا قاڵبی ئەدەبی یا داستان و ئەفسانە و چیرۆك و شـێوەی گێڕانەوە بەناو ئـەو ئەدەبە و نەتەوانەدا .بڵاوبێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی چالاکی بازرگانییەوە* . بە تایبەتی ئەو شـــار و شوێنـــانەی

---

* ١. عارف : (بەراوردێك لە نێوان کورتە چیرۆکێـــکی فۆلکلۆری روســـی و کوردیدا) ، نوسەری کورد ، ژ ــ٧ــ ، نـــەورۆزی ، ١٩٧٣ ، ل ٣٨ــ٣٩
کاك عـــارف لەم بـــاسەدا چیرۆکێکی فۆلکلۆری روسی و کوردی بەراورد کردوه . چیرۆکە روســـییەکە (تۆلستۆی) بە نـــاوی (دەولەمەندێـــك و هەژارێك) دایڕشتۆتەوە و چـــیرۆکە کوردییەکەش ئـــەوەیە کە بە نـــاوی (بازرگانێك و جۆلایەك) بەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە ... کاك عارف هەردوو چیرۆکەکەی بەراورد کردوە کە کتومت وەکو یـــەك وان تەنیـــا (لە روی داڕشتن و وشەوە نەبێت کە ئەویش وەك وشەی بەرگدرو لە جیاتی جۆلا، وە دەولەمەند لە جیاتی بازرگان ..) ئەمەش بۆ هۆی بازرگانی دەباتەوە : (بازرگانی لە نێوان روسیای قەیسەری و کوردستانی میر و بەگلەریـــدا زۆر لەمێژدوە هەبوە . و هێنان و بردنی کالا و شـــتومەك و ئـــالوگۆڕی بازرگانی ئەو سەردەمە لە برەودا بوە : بەو هۆیەوە وشە و زاراوەی ناوی شتومەکی روسی هەروەك خۆی هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە .) واتە کاك عارف لەم بەراورد کردنەیدا بۆ ئەوە نەچوە کە بـــازرگانی بۆتـــە هـــۆی



Scanned with CamScanner

سەرەڕێ و کاروانسەران و لە هەمو لایەکەوە قافلە و قەتاری بازرگانیان دێتەوە سەر وەکو ستێرێکیان لێدێ کە لە هە ; لاوە ئاوی سازگاری تێ بکاتەوە و لەبەری بڕوا ..

لەبەر ئەوەی بازرگانی ڕێگە بۆ شارەزا بون و ناسیاوی و ئالوگۆڕی بیر و باوەڕ خۆش دەکا ، دەبێتە مایەی فراوان بونی ئاسۆی ئەم ئەدەبانە و بڕۆتنەوەی دان و بەخشین و وەرگرتنیان لە نێوان بەهێز دەکات و هەر یەکە کەموکورتی خۆی بەوانەی‌تر پڕ دەکاتەوە و ڕوی گەشی خۆیان پیشان دەدات و سفرەی خۆیان لە بەردەم ڕادەخا . ئەمەش هەموی هۆیەکی گەورەیە بۆ گۆزرانەوەی کاریگەری ئەدەبی .

**هۆی تایبەتی :**

ئەمەیە کە نوسەرێ دەورێکی ڕاستەوخۆ ببینێ لە گواستنەوەی بابەتی ڕاستەوڕاست دەوری گواستنەوەکە دەبینن و دەبنە جۆگەلەی پێداڕۆیشتنی کاریگەرەکە ...

**١ـ دەوری تاکە کەس :**

ئەمەیە کە نوسەرێ دەورێکی ڕاستەوخۆ ببینێ لە گواستنەوەی بابەتی یا ڕویەکی هونەری یا شێوە و قالبێکی تایبەتی ... ئەمەش کە ئاگاداری ئەدەبەکە دەبێ و دەورەکە دەبینێ یا ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی ئەو نەتەوە یا ئەو نوسەرانەوە دەبێ کە کاریان تێ کردوە ، یا لە ڕێگای خوێندنەوەی نمونەی وەرگێڕدراوی ئەدەبەکە ، بۆ زمانی خۆی یا زمانێکی وا کە خۆی بیزانێ و شتی پێ بخوێنێتەوە ، زۆر لە چیرۆکنوسەکانی

---

بەڕینەوە و بلاوبونەوەی چیرۆکەکە ، بەلکو تەنیا گۆڕانی وشەکان بۆ ئەم هۆیە دەباتەوە ، دیارە ئەمەش تەسک کردنەوەی بەری فراوان و مەودای ئاوەلای لێکۆلینەوەی بەراوردکاریە .

کورد لە ڕێگەی زمانی عارەبییەوە دەستیان گەیشتە هونەری کورتە چیرۆکی ڕۆژئاوا و بێگانەی تر و ڕەگ و ڕیشەی ئەم هونەرەیان بۆ چیرۆکی کوردی دارشت .

یا لە ڕێگای ئەوەوە دەبێ کە نوسەرەکە هەوەسی لە گەڕان بێت و زۆر وڵات و شار و نەتەوەی جودا جودا ( چ بە ئەرك و چ هەر بە هەوای نەفەس ) بگەڕێ و سودیان لێ ببینێ ، ئەگەر چۆسەری ئینگیزی سەری لە ئیتالیا نەدایە و لەوێ بەرهەمی نوسەرە بەرزەکانی نەخوێندایەوە ، ئاخۆ دەیتوانی ببێ بە بابە گەورەی ئەدەبی ئینگلیزی و ئەو ڕەنگە بڕێژێ .

ئەمە لە بارەی چۆنیەتی شارەزا بونی نوسەرەکەوە بەسەر ئەو ئەدەبەی کە سودی لێ وەردەگرێ ، ئێستا دێینە سەر چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە ، کە گواستنەوەی کاریگەری ئەدەبییە .

ا ـ یا وا دەبێ نوسەرێ هەوڵ بدا ئەدەبێکی بێگانە بە ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بناسێنێ و لەسەر شێوەی ئەدەبە بێگانەکە بەرهەم بنوسێ ، ئەمەش بۆی هەیە :

ــ کابرا بە ئارەزوی خۆی شارەزایی لە ئەدەبێکی بێگانە پەیدا بکا ، شارەزایی پەیدا کردنەکەی بە ئەنقەست و بۆ مەبەستی ئاگاداری و بڵاوکردنەوەی ئاسوی بەهرە ئەدەبی خۆی بێ ، ئینجا بیەوێ نمونەی بەرز و ناو ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی ، یا تەکنیك و روی هونەری تازە ، لە ئەدەبە بێگانەکە بگوازێتەوە .

لە سەدەی هەژدەم (کارامزین)ی ڕوس نوێنەری ( ڕۆسۆ ) بۆ لە وڵاتی ڕوس ، ( بود )ی جەڕمەنی و ( تایلەر )ی ئینگلیزی ، هەر یەکە ئەدەبی نەتەوەکەی تری بە ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی ناساند .



Scanned with CamScanner

گۆرانی خۆمان کـه ئاگاداری ئەدەبی تورکیٚ و فارسیٚ و عارەبیٚ و ئەوروپیٚ بوٚ بوٚی لوا تەکانیٚك بە بزوٚتنەوەی وەستاوی شیعری نوێی کوردیٚ بدات و هەوبوٚ نوٚی‌کردنەوە داهێنەرانەکەی خوٚی هێنایە کایەوە •

ــ واش دەبیٚ ، کابرا مەبەستی پیٚشەکیٚ ئاگاداربوٚنی ئەدەب و سوٚد وەرگرتنەکە نەبیٚ ، بەلٚکو بە ناچاریٚ بە سەری‌دا سەپابیٚ و لە ملی ئـالاٚبیٚ ، روٚژگاری ناهەموار دەربەدەری ولاٚتێکی تری کردبیٚ و لەویٚ کەوتبیٚتە ناو ئەدەبەکەیان و ئاگادارییەکی باشی پەیـداکردبیٚ و پاشـان ویستبیٚتی لە رێی داهێنانی ئەدەبییەوە شتیٚك لە توٚژەن بخاتە ناو ئەدەبەکەیەوە ، وەکو شاعیرە مهاجیرەکانی عارەب ، خـوٚ ئەوان بـە کەیفی دلٚی خوٚیان و هەر تەنها بـوٚ ئاگاداربوٚنی ئەدەبی روٚژئـاوا سـەریان هەلٚنەگرتبوٚ ، گەردوٚنی چەپگەرد ئاوارەی کردن • مەدام دی ستال ، بە خوٚشیٚ خوٚی پەرەگەندەی جەرٚمەنستانیٚ نەبوٚ ، بەلاٚم کە چـوە ئەویٚ ئاگادارییەکی وای پەیداکرد توانیٚ دەورێکی مەیانە و پیٚناوانە لە نیٚو ئەدەبی جەرٚمەنیٚ و فەرٚەنگیدا بگیٚریٚ ، هەم کاریگەریٚ ئەدەبیٚ جەرٚمەنیٚ گواسـتەوە فەرٚەنگستان و هەم جەرٚمەنەکانیشی لە ئەدەبی فەرٚەنگیٚ هوشیار کردەوە •

دوٚبیلاٚیٚ فەرٚەنگ کاتیٚ ، بوٚ ماوەی پیٚنج سالٚ هەلٚدرایە ولاٚتی روٚما ، لەویٚ کەوتە ژێر کاریگەریٚ ئەدەبی ئەوان و دوٚ کتیٚبی دانا و هەردوٚکیشیان موٚری کاریگەرییان بە تەویٚلەوە دیارە •

حاجیٚ خوٚشمان ، کە ئاوارەی ئەستەمبوٚل بوٚ ، ئەدەبی پەرەسەندوٚی ئەوسای تورکیٚ و رێبازە ئەدەبییەکانی ئەوروپا، بە تایبەتیٚ ریبازی متنورەکان، تەوژمی دەگەیشتە تورکیـا و ئەمەش هەموٚی کارێکی تایبەتیٚ کردە سـەر حاجیٚ و کاریگەرەکە بە شیعرەکانیەوە دیارە •



Scanned with CamScanner

ب ـ یا وا دەبێ کە نوسەرێ یا شاعیرێ ، زمانێ یا کۆمەڵە زمانێکی بێگانە باش بزانێ و دەستێکی باڵای لە نوسین بەو زمانەدا هەبێ ، جا بۆ ئەوە خۆی تەرخان بکا کە ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی ، روە گەشەکانی ، لوتکە بڵندەکانی ، هونەرە نوێیەکانی ، داهێنانە تاقانەکانی ، بە ئەدەبێکی بێگانە بناسێنێ • ( ل• ئەلاماتی )ی ئیتالی لە سەدەی شازدەم و ( هاملتۆن )ی ئینگلیزی لە سەدەی حەڤدەم و ( کراکسیوی و گالیانی و ئواری و لبول و م • گریم )ی جەرمەنی لە سەدەی هەژدەم و ( تۆرجینیف )ی رۆس لە سەدەی نۆزدەم ، تا رادەیەکی زۆر توانییان ، ئەدەبی خۆیان ، ئەدەبی ئیتالی و ئینگلیزی و جەرمەنی و روسی لە فەرەنگستانێ بڵاو بکەوە •

ح ـ واش دەبێ ، یەکێ خۆی بە نەژاد و رەچەڵەك لە نەتەوەیەك بێت و لە ئەنجامی باری ژیان و قۆناغی مێژوویی نەتەوەکەی خۆی و زوڵم و زۆری رۆژگار ، ئەدەبەکەی خۆی فەرامۆش بکا ، بچێ پێناو بۆ دوو ئەدەبی بێگانە بکا و دەستیان بخاتە ناو یەك •

ئەم دۆخە زیاتر لە ناو نەتەوەی ژێردەستە و دواکەوتودا دەبێ کە لەبەر ئەدەب و بیر و رۆشنبیری نەتەوە دەست رۆیشتوەکە بایەخێکی ئەوتۆ بە ئەدەبی نەتەوە بەردەستەکە نادرێ ، یا هەر ئاوڕی لێ نادرێتەوە • ئیتر نوسەر و رۆشنبیرانی نەتەوە دواکەوتوە لێقەوماوەکە لە منداڵییەوە فرچك بە شیری زمان و ئەدەب و رۆشنبیری نەتەوە دەست درێژەکە دەگرن و کە پێش راگەیشتن ، یا دەرفەتیان نابێ ، یا خۆیان ئەو هەوەستەیان نابزوێ ، کە ئاوڕێ لە ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیان بدەنەوە ، جا بۆیە دەکەونە بەر خزمەتکردنی ئەدەبی بێگانە و خۆیان دەکەنە ئامرازێکی ئاڵوگۆڕی بیر و ئەدەب و رۆشنبیری نێوان دوو ئەدەب ، کە هیچێکیان کەم و زۆر پەیوەندییان بە زمانی خۆیەوە نیە •



Scanned with CamScanner

(مۆرالت)ی سویسریێ گەلێ وتاری لە بارەی ئینگلتەرە و فەڕەنگستان نوسیێ ، (ڤان ئیڤان) گەلێ وێنە و دیمەنی ئینگلیزیێ گواستەوە فەڕەنگستان .

ئەگەر کوردی کلۆڵیشت دەوێ ، ئەوا هەر مەپرسە ، گەلێ گەلێ ... نوسەر و شاعیر و زانای کورد خۆیان بۆ ئـەم دەورە تەرخان کردوە و هێز و توانای خۆیان لەم ڕێگایەوە سـەرف کردوە ... زۆر سوودیـان بۆ گەلێ نەتەوەی تر بوە ، تەنیا خزمەتی خۆیان نەبێ خزمەتی هەموو کەسیان کردوە .

دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە دەوری تاکە کەسدا ، ئەو جۆرە نوسەرانەی لە بەشی (ا)ەوە باسمان کردن ، هەر ئەوان سوودیان بۆ ئەدەبی نەتەوایەتیێ خۆیان هەیە ، کە ئامانجی ئەدەبی بەراوردییە ، هەر ئەوانیش توانیویانە هەنگاوێ دوان ئەدەبەکەیان بەرەو پێش بەرن و سەربەرزییەك بۆ خۆیان و بۆ کردەوە نەتەوایەتیێ و مرۆڤایەتییە نەمرەکەیان تۆمار بکەن ، کەچیێ ئەوانەی تر بە رادەی ئەمە گرنگ نین، خۆ ئەمەش شتی چاکە کە یەکێ بیەوێ ئەدەبی نەتەوایـەتیێ خۆی بە نەتەوەکانی تر بناسێنێ و نموونەی بەرزی لێ وەربگێڕێتە سەر زمانە زیندوو و پەرەسەندوەکانی دونیا ، بەڵام خزمەتەکە هەر لـەم ڕوانـگەیەدا دەمێنێتەوە و ناگاتە سنووری سوود گەیاندنێك بـە دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی نەتەوایەتیێ بۆیە لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا پایەی دێتە خوارێ .

بۆ بەشی (ج)یش کە ئەوانەن خۆیان دەقەبەر خزمەتی دوو ئەدەبی بێگانە دەکەن و زمان و ئەدەبی خۆیـان لەبیر دەکەن یا فەرامۆشی دەکەن ، ئەمانە ئەنجامیان بەوە دەگا کە ئەدەبی نەتەوایەتیێ و ئەدەبی بەراوردکاریێ لە بیریان دەکات و فڕێیان دەدات و ڕەنگە لەوە زیاتر چیان بە دەسـتەوە نەبێ دڵی خۆیان پێبدەنەوە کە بڵێن ئەوەی ئێمەش کردوومانە و دەیکەین خزمەتی ئەدەبی مرۆڤایەتییە و زمانی نوسینەوەی ئەدەبەکە هێندە گرنگ نیە ، ئەمانە هەقیانە ئەم بیانوە و بیانوی لەمەش سەیرتر بێننەوە ، بەڵام هەموو بیانوەکەیان (هـەر قسەی ڕووتە و قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە) .



Scanned with CamScanner

## ٢ ـ دەوری کۆڕ و کۆمەڵ و یانەی ئەدەبی :

قسەی لەسەر نیە کە کۆڕبەستن و ئاڵو گۆڕی بیروڕا و هەست و سۆزی ئەدەبــی و هاتوچۆکردنی یانــە و بارەگای ئەدەبــی ، هۆیەکی بەکارە بــۆ پەرەسەندن و بڵاوبونەوەی جۆرەها ڕێبازی ئەدەبی و هونەری و پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی دیکە ( پیرۆ ــ ١٥٥٠ ) یەکەم کۆمەڵەی ئەدەبییە کەلە مێژۆی ئەدەبیدا توانیبێتی ئەرکی کارتێکردنی ئەدەبی بگرێتە ئەستۆ • کۆمەڵەی ( فۆرفۆیست )ی سویسریش کارێکی بەرزی نواند لە پەخش و بڵاوکردنەوەی ڕەگەزی جوانکاری و ڕۆمانتیکیدا •

لە هەڕەت و پۆپەی جۆش گرتنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی زۆربەی هــەرە زۆری ئەو نوسەرانەی لە دەورەی ( فۆدمێ ) و ( هۆگۆ )دا ئەلقەیان بەستبۆ، ئاگاداری شەکسپیر و شیلەر و بایرۆن و سکۆت بون •••

لە ئەدەبی کوردیشدا ( ــ جمعیەتی زانستی کوردان لە سلێمانی ــ کە لە ســاڵی ١٩٢٦ لە ســلێمانی دامــەزرا دەســتێکی گەورەی هەبو لــە پەروەردەکردن و نەمردنی بزوتنەوەی شانۆگەری کوردیدا ، زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەم جمعیەتە هاتوچۆی ئەستەمبوڵیان کردبو، سەقافەتی ئەوێیان وەرگرتبو ، و لە بارەی گرنگی شانۆوە شتێــك فێر بــون •••)[٨] ئــەم جمعیەتە کارێکی زۆری کردە ســەر پێشخستنی بزوتنــەوەی شــانۆگەری کوردی و دەوڵەمەندکردنی تێکڕای ئەدەبی کوردی لە ڕێگای داهێنانی شتی نوێ و بڵاوکردنەوەی هەندێ وردە کاریگەری دەرەوە ، بە تایبەتی ئەوەی لە ڕێی ئەدەبی فارسی و تورکی و عارەبییەوە ئاگاداری بون •

بێجگە لەو کۆمەڵانەش یانە و سالۆنی ئەدەبی جێگای شیاو و تایبەتی خۆی هەبوە لە کۆکردنەوە و لێك نزیك کردنەوەی نوسەر و شاعیرانی خاوەن

(٨) حمەکەریم هەورامی : فالچی ، سلێمانی ، چاپخانەی کامەرانی ، ١٩٧٣ ، ل ١٣ •



Scanned with CamScanner

بیروڕای جیاجیا و شی‌کردنه‌وه و هه‌ڵسه‌نگاندنی ئه‌ده‌بی بێگانه و پێڕه‌وکردنی روه گه‌ش و روناکه‌کانی ئه‌ده‌بی جیهانیێ •

سالۆنه ئه‌ده‌بییه‌کانی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌می فه‌ڕه‌نگستان مه‌یدانێکی فراوان و گه‌وره بێ بۆ بلاوکردنه‌وه‌ی ئه‌و جۆره ــ ژانره ــ ئه‌ده‌بییانه‌ی له ئینگلته‌ره باویان هه‌بێ و هێشتا به زۆریێ له فه‌ڕه‌نگستان په‌ره‌یان نه‌سه‌ندبێ • سالۆنی (مه‌دام نێهل) و (مس ماری کلارك) له پاریس ؛ هه‌روه‌ها سالۆنی ( مـــه‌دام دی ستایل) له کۆشکی (کۆپێ)دا ده‌ورێکی بالآیان نواند له په‌ڕاندنه‌وه‌ی کاریگه‌ریێ ئه‌ده‌بیێ •

له ئینگلته‌ره‌ش سالۆنی خاتو (مازاران) له سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌م و سالۆنی خاتو (لای هولند) له سه‌ده‌ی هه‌ژده‌م ، بێجگه له کۆشك و دیوانی بـــه‌رزی شاهانه‌ی وه‌کو دیوانی فردریکی پێنجه‌م له دانیمارك ، فردریکی دوه‌م لـــه بروسیا ، کاترینی دوه‌م و میره گه‌وره‌کانی بارم ، له ســـه‌ده‌ی هـــه‌ژده‌م ، ئه‌مانه هه‌مێ کۆڕی گه‌رم و جێگای گفتوگۆی ئه‌ده‌بیێ و مه‌یدانی ئاگاداربێونی جۆره‌ها ئه‌ده‌بی جیاواز و به‌هره‌ی جۆراوجۆری په‌ره‌سه‌ندێ بێن •

له کوردێشدا ، یانه‌ی سه‌رکه‌وتنی به‌غدا ، که مـــاوه‌یێ له ســـه‌ره‌تای شه‌سته‌کاندا گۆڤاری هیوای ده‌رده‌کرد ، و نێسه‌رانی کوردی به‌غدا و هه‌مێ ناوچه‌کانی کوردستانی به یه‌که‌وه ده‌گه‌یاند، جێگایه‌کی باش بێ بۆ گۆڕینه‌وه‌ی بیروڕا و سێد بینین له تاقی‌کردنه‌وه‌ی یه‌کتر و بلاوبێنه‌وه‌ی ئاسۆی روانینه ئه‌ده‌بی بێگانه و وه‌رگرتنی شێوه و سیما و قالبی به‌رزی ئه‌ده‌بی بێگانه •••

بێجگه له‌مه‌ش له کوردستاندا ، بمانه‌وێ و نه‌مانه‌وێ ، ماوه‌ی سه‌دان سال بێ ، دیوه‌خانی ئاغا و به‌گ و میره‌کان و حوجره و مـــزگه‌وتی مـــه‌لا و موسته‌عید و فه‌قێکان و ته‌کیه و خانه‌قای شـــێخ و خه‌لیفه و ده‌روێشـــه‌کان ده‌ورێکی بالآیان له خۆش‌کردنی به‌زمی بلاوکردنه‌وه‌ی ئـــه‌ده‌بی خـــۆیێ و



Scanned with CamScanner

بێگانەدا دیوە • چونکە ماوەیەکی زۆر خەڵکی کوردستان هەر بە دەوری ئەم سێ بەرداشەدا دەسوڕانەوە و ئەم دیوەخان و حوجرە و خانەقـایانە سـاڵ دوازدەی مانگ جمەیان دەهات لە کۆمەڵانی خەڵك ، سـەرباری چەندەهـا جۆرە بەزم و گەمە و رابواردن و تەمسیلی سادەوە کە لەو شوێنانە دەکرا ، ئەمانە جێگای شیعر و ئەدەب و زانیاریش بوون • حوجرە کانگەی شـیعر و زانست ، خانەقا جێگەی ئەلقەی زیکر و دەف و شیعر خوێندنەوە و ئاوازی بەجۆش ، دیوەخان جێگای لاوك و گێڕانەوەی سەربردەی پـاڵەوانێتێ و قارەمانێتێ دێر و نەوجەوانان و خوێندنەوەی شیعری بـە تـام و بۆ بۆ •• چیرۆکەکانی شاهنامەی فیردەوسێ[9] مـاوەیەکی زۆر ویردی سـەر زاری چیرۆکخوان و گۆیندان بۆ ، کورد نیـە دەیان چیرۆکی قـارەمانێتێ نـاو شاهنامەی لە مێشکدا نەبێ ، شاعیری کلاسێ بە دەگمەنمـان هەیە نـاوی قارەمانەکانی شاهنامەی نەهێنابێ و باسی سوارچاکێ و دلێرێ و مەردایەتێ نـەکردبێ •••

ئەم سێ شوێنە قەوغە و قەڵەبالغە دەوریان لە بڵاوکردنەوەی شیعری هەر سێ نەتەوە دراوسێکانمان دیوە ، شیعری فارسێ و تورکێ و عارەبێ •

---

(٩) باس‌کردنی ئەو چیرۆکانەی شاهنـامەی فیردەوسـێ و رون‌کردنـەوەی چۆنیەتێ چەڕینەوەی کاریگەرێ ئەو چیرۆك و پاڵەوانانە بۆ ناو ئـەدەبی کلاسێ و نوێی کوردیمـان باسـێکی زۆر بـە پیـت و پـێزی ئـەدەبی بەراوردکارییە و هەڵدەگرێ پیاو کاتێکی زۆر و ماندوبونێکی زۆری لـێ خەرج بکا .. ئەم کاریگەرە یا لەوەدا دەدرەوشێتەوە کە ناوی پاڵەوان و قارەمان و کەرەستەکانیان کەوتبێتە ناو شیعری کوردێ ، یا چیرۆکەکان چ بە ئیشارەتێك بێ و چ هەموی وەرگیرابێ و بە گیانێکی کوردانەی نوێ دارژابێ .. شیرین و فەرهاد ، شیرین و خوسرەو ، رۆستەم و زۆراب ، رۆستەم و جیهانگیر ، شیرین و فەرهاد ، کاوە و دەئاك ٢ ... کە دیـارە ئەم چیرۆکانە هەندێکیان وەکو خۆیان چۆنن کەوتونەتە ناو ئەدەبەکەمان و هەندێکیشیان بە روانینێکی کوردانە ، لێرەدا خراپ نیە ناوی ( کاوەی ئاسنگەر)ی شیرکۆ بێکەس بێنم ، کە وەستایانە ئەفسانەی کاوە و دەئاکی کردۆتە کەرەستەی دەربڕینی باوەڕی تایبەتێ خۆیەوە ..



Scanned with CamScanner

فارسی زمانی حافظ و سەعدی و شاهنامە بو ، تورکی زمـانی دەسـەلاتی عوسمانلی و فەرمانڕەوای ئەو سەردەمە بو ، عـارەبی زمـانی قورئـان و فەرموودەی خۆشەویست و شەرع و دین بو ... ئەم سێ زمانە ماوەیـەکی زۆر وا تەنگیان بە زمانی کوردی هەڵچنیبو ، شـورەیی بو یەکێ ئـاوڕ لە زمانی لە بیرکراوی خۆی بداتەوە و وشەی بخاتە سەر کاغەز ؛ ئەمەش یـا ئەوەتە جۆری پەروەردەکە ئەم زمانانەی لا خۆشەویست و زمانی خۆی لا بێزەوەر دەکرد ، یان ئەوەتە دەسەلاتی زمانەکانی دەور و پشتی کە هەر یەکە بە هۆیەکی گەورە بەسترابۆوە کاریان تێدەکرد (١٠) .

لەبەر ئەم هۆیانە دەبینین کاریگەری زمان و ئەدەبی ئەم سێ لایە زۆر بە چاکی لە ئەدەبی کلاسـیمان و بگرە تا رادەیـەك لە ئـەدەبی نوێشمـان دەدرەوشێتەوە ئێستاش، کە دیوەخـانەکانی کوردسـتان بونەتـە کەلاوەی کوندەبو و تەکیەو خانەقاکان بونەتە تەمبەڵخانە و مزگەوت و حوجرەکان تاك و توك پیر و پەككەوتوەکانیان تێدا ماوە، زەمانە ڕوی بۆ لایەکی تر وەرگێڕاوە، جۆرە دام و دەزگا و بازاڕێکی تر هاتوتە پێشـەوە ، ئێسـتا دەور دەوری رادیۆ و رۆژنامە و تەلەفزیۆن و سینەما و یانەی ئەدەبی و بارەگای کۆمەڵـە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانە ... لە ماڵی خۆت دانیشە و میلی رادیۆ بـادە ، ئاگاداری باس و خواس و ئەدەب و رۆشنبیری هـەمو گەلانی سـەر ڕوی زەوی دەبی ، لە تەلەفزیۆندا دەیانبینی ، دەتوانی گەورەترین ریوایە بە وێنە و رەنگەوە لە سەر شاشەی سینەمادا بەدی بکەی .. رۆژنامەکان دەنگ و باسی هەمو دونیا و ڕێبازە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانت بۆ شی دەکەنەوە ، ئەگەر

(١٠) جێگەی داخە کە ماوەیەکی زۆر بو ، کوردستانی لەتلەت ، کەوتبوە بەر ژەهر بەسەرداکردنی دوژمنانی ، بە هەمو لایەك وایـان دەکرد زمـان و ئەدەبی کوردی قات و قڕ ببی ، یەکێ لەو هەوڵانە ئەوەبو ، لەنـاو نیمچـە خوێندەوارەکاندا بلاویان دەکردەوە ، گویا (عـارەبی جەوهـەرەست ، فارسی شەکەرەست ، تورکی هونەرەست ، کوردی ... ی خەرەست) .

هاتوچۆی یانەیەکی ئەدەبیێ ، یا بارەگایەکی رۆشنبیریێ بکەی ، هەر رۆژە و لەگەڵ تاقمێك هەڵدەستیێ و دادەنیشیێ و باسی ئەدەبی هەندەران دەکەی و تێیان دەگەی و دەکەویە شوێن ئەدەبی بەرزی جیهانییەوە ...

بۆیە ، بمانەویێ و نەمانەویێ ، ئێستا ئەم هۆیانە دەوری گەورە دەگێڕن لە دروستبوونی پشتۆکی ( خلفیه ) هونەریێ و ئەدەبیێ و فیکریمان ئەم شوێنانەش کە جێگای کۆبوونەوەی روناکبیر و زاناکانن ، پێشان و ئێستاش بە پانیێ و بەرینیێ کوردستاندا بلاوبوینەتەوە [11] بوونی ئەم جۆرە شوێنانە و ئەم چەشنە کۆڕانەش دیاردەیەکی دروست و بەجێیە و نیشانەی زیندوێتی بزوتنەوەی ئەدەبەکەمان و بە زەوقی توسەرەکانمانە و پێشکەوتنی ئەدەب و رۆشنبیریێ نەتەوەکەمانی بە دەمەوەیە .

**٣ ـ شار :**

وا دەبیێ شارێك بە هۆی شوێنی جوگرافیێ و بازرگانیێ و سیاسییەوە ببێتە هۆی بلاوبونەوەی ئەدەبێك و بە ئەدەبەکانی تری بناسێنێ ، یا وەکو جۆگا و روبار هەموو ئەدەبەکانی ئەم نزیکانە بڕێژێتە ناو دەریای ئەو ئەدەبەوە کە لە شارەکەدایە ، یا ببیێ بە هۆی لێك نزیکبونەوەی ئەدەبی گەلیێ نەتەوەی جیا جیاوە ، وا بکا کە ئەم ئەدەبانە کەڵك لە یەکتر وەربگرن و کار لە یەگدی بکەن .. وەکو شاری ( لیون ) لە سەدەی شازدەم ، ( جنێف و زۆریخ و فرانکفۆرت و پاریس ) لە سەدەی نویێکردنەوەدا ، ( بێروت و قاهیرە ) لە

---

(١١) حەزم لیێنەبو ئەم هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و یانە و گۆشە ئەدەبیانە بژمێرم کە لە کوردستاندا دەوریان گێڕاوە ، بەلام هەرکەس بیەویێ ئاگاداری هەندیێ لەم گۆشە ئەدەبیانە بیێ ، دەتوانیێ بڕوانێتە :
● محمود زامدار : (راپۆرتیێ لە بارەی گۆشە ئەدەبیەکانمانەوە) ، هاوکاریێ ، ژ ٢٧١ ، ١٩٧٥/٦/١٣ .
● کریم شارەزا : (گۆشە ئەدەبیەکانی کۆیە و ...) هاوکاریێ ، ژ ٢٨٥ ، ١٩٧٥/٩/١٩ .

Scanned with CamScanner

سەردەمی نوێدا .. هەروەها ( ئەستەمبۆڵ )یش لەبەر ئەوەی پایتەختی دەسەڵاتدارێتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلی بۆ ، ماوەیەکی زۆر قیبلەی زانا و نوسەر و شاعیرانی کورد بۆ ؛ هەر کەسێ خولیاو ئەڵهای زانیاری لە سەری بدایە ، ئەو سەرەی هەڵدەگرت و رووەو ئەستەمبۆڵ دەکەوتە رێ و خورشتی مێشکی خۆی پێ‌دادەخست .

بەمجۆرە ئەستەمبۆڵ دەوری زۆری دیوە لە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی نەتەوایەتێ و پێشکەتنخوازانە لەناو نەوەی ئەو نەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانلیدا بۆن . ئەدەبی کوردیتیش یەکێ بۆ لەو ئەدەبانەی (ئەستەمبۆڵ ) کاری تێ‌کردۆن و پێشی خستۆن . پیرەمێرد ، بە لاوێ چۆ و بە پیرێ هاتەوە ، بەڵام بە ئاسۆیەکی فراوانی ئەدەبێ و بە گەنجینەیەکی سەنگینی زانیارێ و بە هەستێکی پاکی نەتەوایەتێ هاتەوە و خۆی بۆ خزمەتی ئەدەب و زمان و رۆژنامەگەرێ کوردێ تەرخان‌کرد ... هەروەها حاجێش کە چوە ئەستەمبۆڵ ، باری ژیانی ئەوێ و ئەو رۆشنبیرییەی لەو سەردەمەدا لەوێ باو بۆ ، کاری کردە سەر هەست و هۆشی و گیانی خستە ناو جۆشی ئاگری نەتەوایەتییەوە ..

### ٤ ـ رەخنەگر :

هەندێ جاری وا هەیە رەخنەگرێك دەبێتە هۆی بڵاوبۆنەوەی کاریگەری ئەدەبێ . دێ بە زمانی نەتەوایەتێ خۆی لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی ژانرێکی ئەدەبێ یا رۆیەکی هونەرێ یا هەستێکی ناسکی ئەدەبی بێگانە پێشکەش دەکا ورد ورد شیدەکاتەوە ، ئەو رەگەزانە دەسنیشان دەکا کە بە گوێرەی ئەدەبی نەتەوایەتێ خۆی شتی نوێن ، ئەو رەگەزانەش کە شتی باو و ئاساین . قسە لەوەش دەکا کە چ شتێکە ئەم نوسەرەی کردۆتە نوسەرێکی جیهانێ و بۆچی بەرهەمەکانی وا ناویان داوەتەوە و چۆنەتە دلی هەمۆ کەسێکەوە و هەستی هەمۆ لایەکیان هەژاندوە .

ئەم جۆرە شی‌کردنەوەیە تا رادەیەکی زۆر ئەدەبی بێگانە بە ئەدەبی نەتەوایەتی و نوسەری هاوزمانی خۆی دەناسێنێ • جا نوسەرەکان بێ ئەوەی ئەدەبە بێگانەکەش ( چ بە زمانی زگماك و چ وەرگێڕانەکەی ) بخوێننەوە، لەسەر و سیما و رەگەز و ریشاڵە نوێکانی ئەدەبەکە دەگەن و دەتوانن لەبەر رۆشنایی ئەم شی‌کردنەوە زیرەکانەی رەخنەگرەکەوە بەرهەمی وا پوخت و بە پێز و هونەرمەندانە دابێنن کە هەم سوود لە ئەدەبە بێگانەکە ببینن و هەم پێیش لەسەر زەمینەی خۆماڵی هەڵنەگرن و شتی نوێی بۆ زیاد بکەن •• جا چ بەوە بێ کە ئەدەبە بێگانەکە بکەنە سەرمەشق و چ هەوڵ بدەن بەرپەرچی بدەنەوە ، چ لاسای بکەنەوە و چ هەر تەنها ئیلهامی لێ وەربگرن •

**٥ ـ وەرگێڕ و وەرگێڕان :**

مەبەست لە وەرگێڕان ئەوەیە دەقێکی ئەدەبی ـ مەبەست ئەدەبی داهێنەرانەیە ـ لە زمانێکەوە بخرێتە سەر زمانێکی‌تر ، بەو مەرجەی وەرگێڕانەکە تەواوبێ ، واتە بێ‌ئەوەی گۆڕان و دەستکاری و خستنەسەر و فڕێدانی (١٢) تێدابێ ، ئەو کەسەش کە ئەم ئەرکە رادەپەڕێنێ ( وەرگێڕ )ی دەبێژنێ • باشترین وەرگێڕان ئەوەیە زۆر لە دەقەکەوە نزیك‌بێ و یەکسەر لە زمانی زگماکەوە کرابێ ، و وەرگێڕەکە زۆر ئاگاداری هەردوو زمانەکە بێ ؛ ئەوەی لێی وەردەگێڕێ و ئەوەی بۆی وەردەگێڕێ •

---

(١٢) لێرەدا مەبەستمان وەرگێڕانی دروستە ، ئەوەی کە بە پێی توانا لە دەقە ئەسلەکەوە نزیك بێ ، ئەگەنا زۆر جۆرە وەرگێڕان هەیە وەکو وەرگێڕانی وشە بە وشە Wooden Translation و وەرگێڕانی بە دەستکاری و وەرگێڕانی بە کورت‌کردنەوە و خەستکردنەوە و وەرگێڕانی بە ئیلهام و زۆری تریش .

وەرگێڕان کارێکی وا ئاسان نیە، بە تایبەتی هەندێ تەگەرەی وردی وای تێدایە یا وەکو کابرا گوتەنی هەندێ (مار و دووپشکی) وای تێدایە ، وەرگێڕ زۆر وریا نەبێ بە سەلامەتی دەرباز نابێ .

Scanned with CamScanner

دەقی ئەسلی لێ‌دەربچێ . وەرگێڕانی دروست و بە تام و بۆ ، باشترین هۆیە بۆ گواستنەوەی کاریگەری ئەدەبێ . چونکە لـە کاتی نەبوونی دەقە ئەسلیەکەدا نموونەیەکی نزیکی ئەو دەقـە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر . بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە زۆر جار وا ڕێ‌دەکەوێ وەرگێڕانەکە یەکسەر لە زمانی زگماکەوە ناکرێ ، بەڵکو دوای چـەند وەرگێڕانێك و بێنـە و بەرەیەکی زۆر ئینجا دێتە نـاو زمانی نەتەوایەتێ و دەکەوێتـە نـاو ئەدەبی نەتەوایەتییەوە ، ئەمەش سەبارەت بەوەیە کە وەرگێڕەکە زمانی دەقەکە نازانێ، جا لە زمانێکی دی وەری دەگێڕێ کە خۆی بیزانێ و بەرهەمە مەبەستەکەش بەو زمانە هەبێ ( واتە وەرگێڕدرابێتە سەر ئەو زمانە ) ، بەڵام دیارە ئـەم جۆرە وەرگێڕانە پێیەك لە دەقە ڕەسەنەکە دوور دەکەوێتەوە و زیاتر ڕێگای دەسـتکاریێ تێ‌دەکەوێ ... تا بەرهەمەکە زیاتر ئەم زمان و ئـەو زمانی پێ‌بکرێ پتر دەشێوێ و نرخی ئەدەبێ دەدۆڕێ تا لـە ئاکامدا وای لێ‌دێ ناناسـرێتەوە .

جێگەی داخە ئـەم دیاردەیە لـە کوردێدا زۆر باوە ، زۆرینەی ئـەم بەرهەمانەی دەکرێنە کوردێ لـە عارەبیەوە وەردەگێڕدرێن ، بۆی هەیـە بەرهەمەکە بە فەڕەنگێ بێ، لە فەڕەنگییەوە کرابێتە ئینگلیزێ، لە ئینگلیزیەوە کرابێتە عارەبی ، ئینجا لە عارەبییەوە بکرێتە کوردێ ، جا وەرە ئـەم هەمـوو سەین و بەین و وەرگێڕانە چەندی بە چەندی ؟ بەرهەمێ بـە ناو ئەوەندە مێشك و هەست و دڵ و قەلەمەدا بڕوا و بە ناو ئەو هەموو زمانە جۆراوجۆرە تێپەڕێ . ئاخۆ کە لەو سەرەوە دەرچوو چی بەسەر دێ و چۆن هەتك دەبێ ؟. لەوانەیە ئـەگەر جارێکی تر وەربگێڕدرێتەوە سـەر زمانە ئەسـلەکەوە ، خاوەنەکەی نە بیناسێتەوە . نە بەمەش ڕازێ بێ ئەو شتە عاجباتییە بدرێتە پاڵ ئەوەوە ...

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕین و دەستکارییەش ئەدەبی بەرز ڕەگەزە



Scanned with CamScanner

بەهێزەکانی هەر تێدا دەمێنێ و کەم و زۆر کاری خۆی هەر دەکا ...

بێ گومان وەرگێڕان دەورێکی زۆر پیرۆزی لە مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاریدا وەرگرتوە ، بە هۆی وەرگێڕانەوە نوسەران ئاگاداری هەمو ئەدەبێکی جیهانی دەبن و هەزمی دەکەن ، بەمەش ئەدەبەکەیان خوێنێکی تازە و تەوژمێکی تازەتری دەچێ بە دەمارەکاندا .. لە مێژوی ئەدەبی جیهانیدا دەبینین ئەو سەردەمەی نەتەوەیێ روی کردبێتە وەرگێڕان (١٣) و

---

(١٣) وا چاکە لێرە ، لەم دەرفەتەدا ، باسی ئەوە بکەین کە (بيت الحكمە)ی (مأمون) دەورێکی زۆر گەورەی هەبو لە کۆکردنەوە و هێنان و وەرگێڕانی بەرهەمی هیندی و فارسی و یۆنانی و رۆمانی و ... بۆ ناو زمانی عارەبی ... ( بيت الحكمة ) روناکییەکی گەش بو لە رێگای بزوتنەوەی وەرگێڕان و تەکانێکی باش بو بۆ پێشخستنی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و مێژو و هەمو باسەکانی تری زانیاری لە لای عارەبەکانەوە ...

(بيت الحكمة) لە سەردەمی (مأمون)ی حەفتەمین خەلیفەی عەباسی دامەزرا . مامون قوتابی « يحيى بن مبارك و تمامه بن اشرس»ی معتزلە بو .. بایەخێکی زۆری بە وەرگێڕان دا ، رێ و شوێنی تایبەتی بۆ بزوتنەوەی وەرگێڕان دانا .

(بيت الحكمة) دەزگایەکی زۆر گەورەی رۆشنبیری بو ، ئەرکی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی زانیاری رادەپەڕاند . زۆر بەش و لکی لێ دەبۆوە، هەر بەشە و سەرۆکێکی تایبەتی و کۆمەڵە وەرگێڕێکی هەبو و بایەخی بە لقێکی زانیاری دەدا . دەزگای (بيت الحكمه) بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوە دەچو :

١- خاوەنی بيت الحكمة .
٢- سەرۆکی بەشەکان .
٣- وەرگێڕەکان .
٤- لێکدەرەوەکان .
٥- نوسەرەکان ( ئەوانەی شتەکانیان تۆماردەکرد ) .
٦- ئەوانەی بەرگیان لێ دەنا .
٧- لێپرسراوانی کۆگاکان .
٨- چاودێرەکان .
٩- ژمێریارەکان .

بەناوبانگترین وەرگێڕەکانی ( بيت الحكمه)ش ئەمانە بون :



Scanned with CamScanner

بەرهەمی بێگانانی هێنابێتە سەر خوانی ئـەدەبێ خۆیەوە ئەدەبەکەی زۆر پێش کەوتوە و بۆژاوەتەوە ، ئەو سەردەمەش کشابێتەوە ناو قاوغ و قەپێلك و عەرێفی خۆیەوە و خۆی لـە ئەدەبی بەرزی جیهانێ دوورەپـەرێز گرتبێ ، ئەدەبەکەی بەرەو کزێ و لاوازێ کشاوە .

ئینجا ئەگەر ( بەراوردکار )ی ئەدەبێ ویستی . کاریگەرێکی ئـەدەبی نێوان دوو بەرهەمی ئەدەبێ ساغ کاتەوە کە بە هۆی وەرگێڕانەوە ئـاگاداری یەکتر بوو بن . دەبێ لـە پێنـگاڤی یەکەمـدا ئەوە سـاغ بکاتەوە داخـۆ وەرگێڕانەکەی پشتی پێ بەستراوە وەرگێڕانێکی دەست پاك و دروست و لەجێیـە و راسـتەوخۆ لە زمـانە ئەسـلەکەوە کراوە ، یـا دوای چەنـد وەرگێڕانێکی تر کراوە و بە مەوەش رەونەقی جارانی نەماوە ، ئایا وەرگێڕەکە چۆنی وەرگێڕاوە . دەستی پاك بوە یا پیس ، واتە وەرگێڕانەکەی دروستە یا بە دەستکارییەوە کردوویە . ئەوکاتەش ئەمەی بۆ رون دەبێتەوە کە زمانە ئەسلییەکە بزانێ و دەق و وەرگێڕانەکە لەگەڵ یـەك بەراورد بکا ؛ هـەر بۆیەشـە زمانزانین یەکێکە لە پێویسـتیەکانی ( بەراوردکار )ی زرنگ و سەرکەوتوو .

---

( احمد بن محمد الفرغانی . بختیشوع بن جرجیس ، جبرائیل بـن بختیشوع ، جبرائیل المامونی ، الحارث المنجم ، الحسن بن سهل بـن نوبخت . زکریا الطیفوری ، سهل بن سابوری کوسج ، عیسی بن الحکم ، سند بن علی ، سلمون بن بنان ، صالح بن بهلـه ، العبـاس بن سـعید الجوهری . عبدالله بن سهل بن نوبخت ، ابو الحفص عمر بن القرخـان الطبری ، موسی ابن شاکر وبنوه محمد واحمد وحسن ، ماشاءالله المنجم، میخائیل بن ماسویه ، یحیی بن ابی منصور ، یعقوب بن اسحق وتلامیذه: ( حسنویه ، نفطویه ، سلمویه ، رحمویه) ، احمد بن الطیـب ، یوحنـا البطریق ، یوحنا بن ماسـویه ، عیسـی الصـیدلانی ، آل ثـابت ، آل ماسرجویه ، آل الکرخی ، ابن دهن الهندی ، منکه الطبیب ) .

که مامون چوو ، (بیت الحکمه)ش رۆژی ئاوابوو ، بوو بە کۆگایەکی کتێب پاراستن و هیچی‌تر ، مێژوونوسەکان زۆر جار بە ناوی (خزانة المأمون) نـاوی دەبەن . . .

# بەشی پێنجەم

## باسەکانی ئەدەبی بەراوردکاری

مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاری زۆر بەرین و فراوانە ، باسێکە گەلێ لق و پۆپی لێدەبێتەوە • بێشك هەر شتێ پەیوەندێ بە کارتێکردنی ئەدەبێ و پەیوەندێ مێژوویی ئەدەبەکان و پەرەسەندنی بزوتنەوەی دان و بەخشینەوە هەبێ دەکەوێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە ، بەو مەرجەی لە سەر هێم و بناغەیەکی زانستێ دامەزرابێ و ڕێبازێکی دروستی گرتبێتە بەر ، بۆیە ئەو باسانەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکارێ باڵیان بەسەردا دەکێشێ ئەوەندە زۆرن نایەنە ژمار . بەقەد چل و لق و کون و قوژبنی ئەدەبەکە ، خـوٚی ، زۆرن ، بەڵام ئێمە لێرەدا پەنجە بۆ هەندێ باسی گەورە و سەرەکێ رادەکێشـین کە ئەدەبی بەراوردکارێ لە ڕێڕەوی زانستانەیدا بایەخی زۆریان پێ دەدا ، و نەتەوە پێشکەوتوەکانی هەندەرانیش دەمێکە پێیانەوە خەریکن و کردویانە بە کەرەستەیەکی بەپیتی لێکۆڵینەوەکانیان ، بە کورتێ ئەم باسانەی لێـرەدا وەك نمونە باسیان دەکەین ئاوڕێکی باشیان لە لایەن زانا و لێکۆڵەرەوەکانەوە (مەبەستی هی نەتەوە پێشکەوتوەکانە) لێدراوەتـەوە ، و جێـگای بەرز و دیاریان لە ئەدەبێ بەراوردکایدا گرتوە •



Scanned with CamScanner

یەکەم :

## هۆی پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبێ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی‌تر

ئەدەبی بەراوردکاری تەقەلای زۆر دەدا بۆ ئەوەی پەیوەندیێ نێوان دوو بەرهەمی ئەدەبیێ ، بە زمان جودا . رۆن بکاتەوە کە یەکێ ئاگاداری ئەوەی تر بوبێ و شوێن پێی کەوتبێ یا ئیلهامی لێوەرگرتبێ •

بۆ رونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە بەراوردکار پەنا دەباتە بەر زۆر شت:

● بۆی هەیە پشت بە قسەی نوسەرەکە ببەستێ . چونکە لەوانەیە نوسەرەکە ، خۆی ، لە پێشەکی یا لە داوێنی بەرهەمێکیدا ئیشارەتی بەوە دابێ سودی لە فلان کەس وەرگرتوە ، یا لەوانەیە لە گفتوگۆیەکی ئەدەبیدا . پرسیاری لێکرابێ چ دەخوێنێتەوە و رای لە کێیە و کێ کاری تێکردوە . لە وەلامدا باسی ئەو کەسانە. یا ئەو بەرهەمانەی کردبێ کە کاریان تێکردوە، یا بۆی هەیە لە وتارێکیدا ، لە تاقیکردنەوەی ئەدەبیێ خۆیدا ، باسی ئەوە بکا کە کێ سەرنجی ڕاکێشاوە و ئیلهامی پێبەخشیوە و چ جۆرە بەرهەمێکی بە چ زمانێکەوە خوێندۆتەوە و چۆتە دوو کام رێبازی ئەدەبیێ و رۆشنبیریێ و کامەی رەتکردۆتەوە و بۆچی ؟ ئیتر ئەمانە هەمو بەلگەی بێ سێو دوون کە نوسەرەکە پەیوەندیێ بە ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبیێ ترەوە هەبوە ، و کاریان تێکردوە و جێپەنجەیان بە بەرهەمەکانیەوە بەجێ هێشتوە •

● وا دەبێ نوسەرەکە بە زمانێکی بێگانە بەرهەمی ئەدەبیێ هەبێ ، ئەم بەرهەم هەبونە بەلگەیە بۆ ئەوە کە نوسەرەکە ئاگاداری زمان و ئەدەبی ئەو نەتەوەیە بوە و تێیدا کولاوە ، بۆیە توانیویە ، یا زەوقی بزوتوە کە بەرهەمی ئەدەبیێ بەو زمانە دابنێ •

تەماشا دەکەی ، کاتی خۆی ، زۆربەی شاعیرە کلاسییەکانمان زمانی عارەبیێ و تورکیێ و فارسییان زانیوە و شـان بە شانی زمانی کوردیێ . بەو



Scanned with CamScanner

زمانانەش شیعریان داناوە . جا ئەمە هەر هیچ نەبێ بەڵگە و نیشانەیەکە کە ئەم شاعیرانە ئەو زمـــانانەیان زانیوە و ئەدەبەکانیان خوێندۆتەوە و بـۆ شیعری کودیی سودیان لێوەرگرتون ، ئەم دیاردەیە ئێســتاش هەر ماوە . بەڵام بـه جۆرێکی تر . نوســەرە کوردەکانی عێراق عـــارەبی دەزانن و هەندێکیان بە عارەبیش دەنوسن . نوسەرەکانی تورکیا و ئێران و یەکێتی سۆڤیەت تورکی و فارسی و روسی دەزانن و کەڵك لە بەرهەمی ئەدەبی ئەو نەتەوانە وەردەگرن ..

● وەرگێڕان بەڵگە و نیشـــانەی زمان زانین و متأسربونە . ئـــەگەر شاعیرێ یا نوسەرێ بەرهەمێکی ئەدەبی لە زمانێکەوە بۆ زمانی نەتەوایەتی خۆی وەربگێڕێ . ئەمە بەڵگەیەکی پتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم شاعیرە رای لەم بەرهەمە یا ئەم شاعیرە بوە . بۆیە بەرهەمەکەی وەرگێڕاوە[1] و پاشانیش لە بەرهەمەکانی خۆیدا سودی لێوەرگرتوە .

ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی هەیە بۆ ئەوەی بەهۆی تۆژینەوەی وەرگێڕانەوە بتوانین کاریگەری ئەدەبی جیهانی لە ئەدەبی خۆماندا بدۆزینەوە .

لێرەدا یەکێکمان دەوێ . لە بواری لێکۆڵینەوەی ئـــەدەبی کوردیدا خۆی بۆ ئەم ئەرکە سەختە تەرخان بکا کە ماندوبونێکی زۆری گەرەکە . بۆ ئەوەی هەوڵ بدا بزوتنەوەی وەرگێڕان هەڵبسەنگێنێ و ساغی بکاتەوە . وەرگێڕان لە کوردیدا کەی دەستی پێ کردوە ؟ سەرەتا چۆن و لە ســەر دەستی کێ چۆزەرەی دەرکردوە ؟ و ئەم بزوتنەوەیە لە چ سەردەمێك لە برەودا

(1) زۆر لە جێی خۆیدایە لێرە ناوی (ابن المقفع) بێنم ، ئەم نوســەرە دوای ئەوەی کە (کلیلە و دمنە)ی کردە عـــارەبی . وا لەناو چـیرۆك و پـــەند و ئامۆژکارییەکان توایەوە . دو نامیلکەی بچوکی دانا بەناوی (الادب الصغیر ، الادب الکبیر) کە هەمان پەند و ئامۆژکاری چیرۆکەکانی (کلیلە ودمنـــە)ن خەستی کردونەتەوە و بە رستەی کورت کورت دەری بڕیون ...

بوە و لە چ رۆژگارێك رۆ لە كزێ بوە ؟ و هــۆی ئەم بردو پەیــدا كردن و كزبونە چی بوە . تا ئێستا بە زۆرێ چی وەرگێردراوەتە سەر زمانی كوردێ؟ كێ بون و كێن ئەو كەسانەی بەشدارێ بزۆتنەوەی وەرگێرانیان كردوە ؟ لە چ زمەنێكەوە بەرهەمەكانیان وەرگێراوە؟ تا چ رادەیەك لە وەرگێرانەكانیان سەركەوتون ؟ ئەم گۆڤار و رۆژنامانە كامانەن كە بــەرهەمی وەرگێراویان بلاوكردۆتەوە و ئاگری وەرگێرانیان جۆش داوە ؟

هــەر كاتێ توانیمان وەلامی ئەم پرســیارانە بە وردێ بدەینــەوە و لێكۆلینەوەیەكی وا فراوان و زانستیمان هێنایە كایەوە[٢] ، ئەو حەلە لە پەنا ئەم لێكۆلینەوەی بزۆتنەوەی وەرگێراندا بۆمان دەردەكەوێ داخۆ ئەدەبی كوردیمان بە شــێوەیەكی گشتێ و هــەر ژانرێكیش بە تایبەتێ و هــەر نوسەرێكیش بەتایبەتیتر لە هەر قۆناغێكی پێشكەوتنی ئەدەبیماندا كەوتوتە بەر كاریگەرێ كام ئەدەب و كام نوسەر ...

● هەروەها ئەوەی لەم بارەیەوە یــاریدەی بــەراوردكار بــدات و ئەركی قورسی سەرشانی سوك بكا ، یا بەلگە و ترۆسكایێ بەلگەی بخــاتە بەردەستەوە ، ئەم كتێبە رەخنــەیێ و ئەم وتــارە ئەدەبیــانەن كە گۆڤــار و رۆژنامەكان لە بارەی ژیان و بەرهەم و دەوری شاعیر و نوسەرە بلیمەت و سەرامەد و هەلكەوتوەكانی جیهانێ بلاویان دەكەنەوە .

لە ئەدەبی كوردیدا . هــەر لە سەردەمی گەلاوێژەوە تا بــە رۆژی ئەمرۆمان دەگا . رۆژنامەگەرێ كوردێ دەورێكی مەزن و بەركەتی لــەم بوارەدا گێراوە و زۆر نوسەر و شاعیری گەورەی بێگانەی بە كورد و ئەدەبی كوردێ ناساندوە . ئەگەرچی ئەم ســەرەقەلەم و وردە وتارانە خۆیان لــە

(٢) زۆر لە جێیــە كە لێكۆلینــەوەیەكی وا فراوان لەبــارەی بزۆتنــەوەی وەرگێرانی ئەدەبییانەوە ئامادەبكرێ ، بێ‌گومــان راپــەراندنی ئــەم كارە دەرفەتێكی زۆر و خۆتەرخان كردنێكی باش و گەرانێكی بێ‌وچانی دەوێ.



Scanned with CamScanner

خۆیـانەوە شتی هێنـدە گرنگ نـین ، بەڵام گرنگییەکەیـان لەوەدایـە دەرگایەك بۆ خوێنەر والا دەکەنەوە بۆ ئەوەی بـەو دەرگایەدا بچێتە ناو دونیای ئەدەبی نوسەرەکە و ئەدەبی جیهانی . خوێنەر کە نوسەرێکی بەدڵەوە نوسا ئیتر خـۆی بە دوای بـەرهەمەکانیدا دەگەڕێ و پەیـدایان دەکاو دەیانخوێنێتەوە و ئۆخژنی دڵی خۆیان پێدادەخا .

● سەرباری ئەمانەیش هەمو . لێکۆڵینەوەی ژیانی نوسەرەکە یارمەتی دۆزینەوەی ریشاڵی رۆشنبیری دەدا ، چونکە بـە هۆی شارەزا بونی ژیانی نوسەرەکەوە تێدەگەین ئاخۆ ئەم نوسەرە کەی و چۆن و لە کوێ ژیاوە ؛ پەیوەندی بە وڵات و نەتەوەکانی ترەوە چی بوە ؟ چەند زمـانی زانیـوە ؟ هەڵسوکەوتی لەگەڵ کێدا بوە ؟ چۆن شارەزای وڵاتی بێگانان بوە ؟ سەر بە کام رێباز و هاتوچۆی کام یانەی ئەدەبی کردوە؟ ئەمەش هەموی سەر دەکێشێ بۆ ئاگاداربونی باری ئەم وڵاتەی نوسەرەکەی تێدا ژیـاوە و ئەم وڵاتـەی پەیوەندی لەگەڵدا هەبوە و کاری تێ کردوە .

**دوەم :**

**لێکۆڵینەوەی ( جۆرەکانی ئەدەب ــ ژانرا )**

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە . یا لێکۆڵینەوەی جۆرەکانی ئەدەب لە مەیدان ئەدەبی بەراوردکاریدا پێی دەگوترێ ( جینۆلۆجیا )

**مەبەست** لە جۆری ئەدەبی ــ ژانر ــ ئەم قالبە هونەرییەیە کە نوسەر بۆ دارشتنی هەست و سۆز و بـیرو باوەڕی خـۆی هەڵیدەبژێرێ . وەك : شانۆگەری . چیرۆك . رۆمان . شیعر . چیرۆکی ئەفسانەیی ، داستان . ....

ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامی پرسیاری ئاوها دەداتەوە : چـۆن چیرۆکی شانۆیی و شوانکارەیی لە ئەوروپادا سەری هەڵداوە ؟ بۆچی شانۆگەری لە سەدەی شازدەم لە فەڕەنگستانی گەشەی سـەند و لە سەرەتای سـەدەی



Scanned with CamScanner

حەقدەم پشتی تێ‌کرا ؟ بۆچی چیرۆکی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم چەقیلەی‌دا ؟ سەبارەت بەچی بو ، لە ناوەڕاستی هەمان سەدەدا ، وازیان لێ‌هێنا ؟ کەی ئەم جۆرە چیرۆکە مێژووییانە گەیشتنە ناو ئەدەبی ئێمە و بۆچی وا درەنگ پێمان گەیشتن و کێ ڕێنمایی هاتنەکەیان بو و سەبارەت بە چی ڕوی کردە ئەم هونەرە ؟ ..

بە کورتی ئەم لقەی ئەدەبی بەراوردکاری لەوە دەکۆڵێتەوە کە هەر جۆرێکی ئەدەبی چۆن‌پەیدا بوە ؟ چۆن بڵاوبۆتەوە ؟ چۆن کز بوە و لەناو چوە ؟

ئەم جۆرە ئەدەبیانە ( پەیدا دەبن و پێ‌دەگەن و دەمرن ، ڕەنگە ئەمەیان هەندێ جار هۆی بەرچاوێ نەبێ ، بۆ نمونە بۆچی ئێستا تراجیدیای شیعری پێنج پەردەیی دانادرێ ؟ و بۆچی خەڵکی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم ڕۆمانی مێژووییان دەتوستی ؟ و بۆچی هەمو شاعیرانی سەردەمی ڕاپەڕین بەم جۆرە ئەوینی خۆیان دەردەبڕی کە پێی دەگوترێ ــ سۆێتە ــ ) (٣)
سودی لێکۆڵینەوەی جۆرەکانی ئەدەب بۆ مێژو دەگەڕێتەوە . بەڵام پەیوەندی بە باری ئێستاوەش هەیە . ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەبێ دو مەرجیان تێدا بێتە دی :

ا ــ دەبێ جۆرەکە زۆر بە تەواوێ دیار کرا بێ ،

ب ــ ئەو مەڵبەندەش دیار کرابێ کە بەرهەمەکەی وەرگرتوە و کەی وەری‌گرتوە ؟

بێ‌گومان ئەگەر بەراوردکار لە یەك وڵاتدا سۆراغی یەك جۆری ئەدەبی بکا ئەرکەکەی ساناترە . بە تایبەتی کە ئەم جۆرە ڕەگەز و ڕەچەڵەکی

(٣) جویار : الادب المقارن، ترجمة الدكتور محمد غلاب، القاهرة، ١٩٥٦ ل١٤ .



Scanned with CamScanner

ناسرابێ که له کوێوه پەیدابوه و پەرەی سەندوه •• وەکو لێکۆڵینەوەی (کومێدیای ئەسپانیێ) له فەڕەنگستان له سەدەی حەڤدەم • بڵاوبونەوەی ( سۆنێتات ) بە سەراپای ئەوروپادا • پەیدا بونی کورتە چیرۆکی کوردیێ •

لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا پرۆگرامی کارەکە بەم چەشنە دەبێ :

ا ـ دەست نیشان کردنی جۆرە ئەدەبیەکە • بە تایبەتیێ کە ئەم جۆرە ئەدەبیە پێ گەیشتو بێت و قالبی خۆی گرتبێت و یاسای تایبەتیێ خۆی هەبێ • وەکو سۆنێتەی پترارکی و تراجیدیای راسینی و رۆمانی مێژوییێ •••

ب ـ دەبێ وەرگرتنەکە بسەلمێنیێ ، وەرگرتنەکەش یا راستەوخۆ دەبێ یا لا بە لا ، کە فیکتۆر هۆگۆ بڕیار دەدا کارەساتەکانی شەکسپیر بباتە سەر شانۆی فەڕەنگستان ، ئەمە راستەوخۆیە ؛ بەلاّم کە شاگردەکانی هۆگۆ رێگای هۆگۆ دەگرنە بەر ، ئەمە لابەلایە •

ح ـ هەڵسەنگاندنی کاریگەری نێوان جۆرە ئەدەبیەکان ••• ئەمەش بەوە دەبێ کە بۆچی نوسەرەکە ئەمەی هەڵبژاردوە و شتێکی تری هەڵنەبژاردوە ؟ •••(٤)

( بەراوردکار )ی کورد دەتوانێ بەم پێودانگەوە پەیدا بونی کورتە چیرۆکی کوردیێ هەڵسەنگێنیێ ، هەر لە سەردەمی ( جمیل صائب ) و (احمد مختار)ەوە تا دەگاتە بلەو شاکر فتاح و علاءالدین سجادیێ و مەم و محرم و مصطفی صالح کریم و کاکە مەم و حسین عارف و چیرۆکنوسەکانی ترمان••

دیارە هۆی سەرەکیێ پەیدا بونی ئەم جۆرە . واتە کورتە چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا بۆ ئەوە دەچێتەوە ، کە نوسەرانی کورد هەستیان کردوە ئەم جۆرە هونەرە لە ئەدەبی کوردیدا نیە . کەچی لە ئەدەبەکانی تردا باوی

---

(٤) جۆیار : الادب المقارن • ترجمة د. محمد غلاب ، القاهرە، ٩٥٦ ، ل ١٧ .

سەندوە و نرخی زۆری هەیە ، ئیدیَ هەولیان دا لــە ریَگەی ئاگاداربوَنی نوَنەی چیرۆکی هونــەری ئەوانەوە ئەم جۆرە ئەدەبیە بیَننــە ناو ئەدەبی کوردیمانەوە ، ( ئەدیبانی کورد ، ئەدەبی بیَگانەیان ناسی و بە تایبەتیَ ئەدەبی گەلانی رۆژاوا ، سەیریان کرد چیرۆك لە ریزی پیَشــەوەی ئەدەبەکەیانە . بۆیە ئاواتیَك لەم بابەتەوە کەوتە کەللەی ئەمانیشەوە ... )[٥] ئەم ئاواتەش دیارە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کەوتە کەللەیانەوە . کە شەرەکە هەست و سۆزی هەموَ مرۆڤایەتیَ هەلتەکاند و باریَکی دەروَنی و ژیریَ و فیکریَ نویَی هیَنا پیَشەوە و میللەتان زیاتر ئاگاداری یەکتر بوَن و باشتر لە یەك گەیشتن. ( چــیرۆك هونەریَکی ئەوروپاییە ، پیَویســتیَ ژیــان وای کردوە . وەکو روخساریَکی هونەریَ لەناو هەموَ نەتەوەکانی جیهاندا بلاَوبیَتەوە . لەپــاش جەنگی جیهانیَ یەکەم کەوتە ناو ئیَمە شەوە . بە دەیەها قوتابخانە و ریَرەو لە چیرۆکی ئەوروپادا دروست بوە ، ئەمە لە میَژوَی نەتەوەکانی ئەویَدا توَمار کراوە ... )[٦] .

ئەمە بە گویَرەی چیرۆك . با ئیَستــا جۆریَکیتر وەربگرین چــیرۆکی ئەفسانەییَ و ئەو چیرۆکانەی کە لەسەر زمانی گیانداران داندراون .. ئــەم جۆرە ئەدەبیە لە لیَکۆلینەوەی بەراوردکاری زانســتیَ جیهانیدا جیَگایەکی تایبەتیَ بۆ تەرخان کراوە و زۆری لیَکۆلراوەتەوە ( هــەموَ نەتەوەیەك لــە رۆژگاری سەرەتاییدا ئــەم چیرۆکانەیان بیستوە کە بــە زمانی گیانداران دەگوترین . بە ناوبانگترین گەلیش ــ بۆ ئەم چــیرۆکانە ــ هیندو گریکە . ئەفسانەی هیندیَ و گریکیَ دوَ سەرچاوەی سەرەکیَ ئەفسانەکانی (لافوتین)ن یەکەم سەرچــاوە هیندیە : ئەم ئەفسانانە لە ســەربردەی سەنسکریتیــدا

---

(٥) حسیَن عارف : ( چیرۆك و چیرۆکی شانۆییَ لە نیو سەدەی رابردوَدا ) بلیَســە ژ ۱۰ ، مایســی ۱۹٦۰ .

(٦) د. مارف خەزنەدار : (هەندیَ لە شیرازەکانی دەفتەری رەخنەم) دەفتەری کورددواریَ ژمارە (۳) ل ٥۲ .



Scanned with CamScanner

هەن و بۆ سەدەمی دەیەمی پێش مەسیح دەگەڕێنەوە ، لە سەدەمی شەشەمی مەسیح بە ناوی کلیلە و دیمیە کرانە فارسی ، پاش دوو سەدە کرانە عارەبی ، پاشان لە عارەبییەوە کرانە عیبری ، لە سەدەی سێزدەمیش لە عیبریەوە کرانە لاتینی ــ رۆمانی ــ . دوای سێ سەدەی تریش لە وەرگێڕانە لاتینیەکەوە ، زۆر کتێب لە بارەی ئەفسانەوە ، بە زۆر زمانەوە نوسران . یەکێ لەمانە زمانی فەڕەنگی بو . لاڤونتین لەم کتێبانــە ، کتێبی جبریل گۆتی خوێند بۆوە کە سالّی ١٥٦٦ بە ناوی ــ گفتوگۆی گیانداران ــ بلاّو کراوەتەوە ، هەروەها کتێبی ــ بیر لاریفی ــ ش کە سالّی ١٥٧٩ بە ناوی ــ کتێبی فەلســەفەی ئەفسانەیی ــ چاپکرابو . سالّی ١٦٤٤ بۆ جاری یەکەم چاپێکی ــ کلیلە و دیمنە ــ بە فەڕەنگی بلاّو کرایەوە کە لە فارسییەوە وەرگیرابو . ــ داڤید ساهید ــ لە ئەسفەهانەوە بە ناوی ــ کتێبی روناکی، یا ، رەوشتی پاشایان ــ وەری گێڕابو . دوەم سەرچاوەی یۆنانییە : یۆنانیش لە هیند بێ ئەفسانەتر نــین ... ) [٧] .

ئــەم ئەفســانانە گەیشتــونەتە نــاو ئەدەبی کوردیــش ، گەلێ لەم چیرۆکانەی لاڤۆنتین کە بە کۆمەلێك . بەرگ بلاّوی کردونەتەوە ، چ بــە دەقەکەی خۆیان بێ ، چ بە دەستکارییەوە ، چ راستەوخۆ بێ و چ بە ناو ئەدەبی تورکی و عارەبی و فارسیدا بێ گەیشتونەتە ناو ئەدەبی کوردی ..

ئەرکی (بەراوردکار)ی کورد ئەوەیە بچێتە بنج و بناوانی ئەم چیرۆکانە، بزانێ نوسەرەکان لە کوێیان وەرگرتون و ئەم چیرۆکانە بە کوێدا هاتون و کەی هاتون و کە هاتون چ گۆڕانێکیان بەسەردا هاتوە .

هەندێ لــەم چیرۆکانە کە لــە ئەدەبی کوردیدا هــەن ، شــاعیر و نوسەرەکانمان وەریان گرتون و بــە زمانی کوردی و لــە قالبێکی ئەدەبی

---

(٧) د. علی درویش : دراســات في الادب الفرنسی ، القــاهره ، ١٩٧٣ ، ل ٨٧ ــ ٨٨ .



Scanned with CamScanner

خۆمانەدا دایانڕشتوون ، زۆر بــاون و وەکو چیرۆکی خۆماڵیان لێ‌هاتوە .
هەندێکیش ئەوەندە باو نین بەڵام زۆر بە تامن . لەم چیرۆکە ئەفسانەییانە هەیانە نوسەرەکە پەنجەی بۆ ئەوە درێژ کردوە کە وەری‌گرتوە ، هەشیانە نوسەر هیچ ئیشـــارەتی نەداوە. وەك ئەوەی هی خـــۆی بێ وای داناوە .
وەکو : ( کۆترو راوکەر ) [٨] ، ( سێ هاوڕێی چاو برسی ) [٩] ، ( مــەرگ و دارکەر )[١٠] ، ( دوو رێوی تەمەعکار )[١١] ، ( تەمەعکاری ــ دوو پشیلە و مەیموون )[١٢] . ( یەکێتی ــ پاشـــا و کوڕەکانی )[١٣] ، ( جوتێك کۆتر و بۆقێك )[١٤] ، ( شێر و منداڵ و مار )[١٥] ، ( قەل و رێوی )[١٦] ، ( بەیتی مشك و پشیلە )[١٧] . ( لەغاوی شەیتان )[١٨] ، ( چاوبرسی )[١٩] ، (خەیاڵ پلاو )[٢٠] ، ( پەندی باڵندە )[٢١] ... و سەدانی تریش ...

ئەگەر بێت‌و بەراوردکاری کورد خۆی لەم باسە بدا ، بیەوێ بچێتە بنج و بناوانی ئەم جۆرە ئەدەبیە لە کوردیدا ، دەبێ لـــەوە بکۆڵێتەوە ئەم

---

(٨) سەلام : دیوانی سەلام ، چاپخانەی تمدن ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ١٢٨ــ١٢٩
(٩) زیوەر : سۆزی نیشتمان ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغـدا ، ١٩٥٨ ، ل ٧٤ ــ ٧٥ .
(١٠) سەرچاوەی پێشوو ل ٨٢ ــ ٨٣ .
(١١) سەرچاوەی پێشوو ل ٩٧ ــ ٩٨ .
(١٢) محمدی مەلا کەریم : دیوانی بێ‌کەس ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ١٣٩ ــ ١٤٠ .
(١٣) سەرچاوەی پێشوو ل ١٤١ ــ ١٤٢ .
(١٤) سەرچاوەی پێشوو ل ١٤٣ ــ ١٤٤ .
(١٥) سەرچاوەی پێشوو ل ١٤٥ ــ ١٤٦ .
(١٦) دلدار : دیوانی دلدار ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، ١٩٧١ ، ل ٣٤
(١٧) محمد رسول هاوار : پیرەمێردی نەمر ، چاپخانەی العانی ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٤٠٨ ــ ٤٠٩ .
(١٨) سەرچاوەی پێشوو ل ٤١١ ــ ٤١٢ .
(١٩) سەرچاوەی پێشوو ل ٤١٢ ــ ٤١٣ .
(٢٠) سەرچاوەی پێشوو ل ٤١٨ ــ ٤٢٠ .
(٢١) سەرچاوەی پێشوو ل ٤٢٢ ــ ٤٢٣ .



Scanned with CamScanner

شاعیرانه ، ئەو چیرۆکانەیان چۆن و لە کوێ دەست کەوتوە ؟ کەی و بە چ زمانێك خوێندوێیانەتەوە ؟ کە بە کوردێ توسیویانەتەوە چیان لێ گۆڕیون ؟ ئایا ئەم کارە زەرەری لە ئەدەبی کوردێ داوە یا بۆی بە قازانج گەڕاوە ؟

وەکو ئەمە دەبێ لە لێکۆڵینەوەی جۆری ئەدەبێ ، ئەوەش هەر دەبێ کە بەراوردکار بە جۆرێکی‌تر و لە سوچێکی ترەوە بـۆ جۆرەکانی ئەدەب بڕوانێ ، وەك ئـەوەی جۆرێکی ئەدەبی بگرێ و لـە نێوان دوو نەتەوەدا هەڵیسەنگێنێ ، لێکۆڵینەوەی چیرۆکی مێژوێێ لـە ئـەدەبی ئینگلیزێ و فەڕەنگیدا ، یا عارەبێ و کوردیدا •••

سـێیەم :

**لێکۆڵینەوەی ( نموونە ــ Type )ی بەشەرێ و ئەفسانەیێ لە ئەدەبدا**

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لـە ئەدەبی بەراوردکاریـدا پێی دەگوترێ ( تیماتۆلۆجیا ) • ئەمەش بە تایبەتێ جەڕمەن زۆر بایەخی پێ‌دەدەن و ناویان لێ‌ناوە ( مێژووی باسەکان ) •••

ئەم جۆرەش وا دەبێ کە ــ بۆ نموونە ــ کەسێتێ کابرایەکی مێژوێێ یا ئەفسانەیێ وەربگرێ و لە دوو ئەدەبدا بەراوردی بکاو لێی‌بکۆڵێتەوە ، وەکو ( فاوست ) لە ئەدەبی فەڕەنگێ و جەڕمـەنیدا ، ( دون‌جوان ) لـە ئەدەبی ئەسـپانێ و فەڕەنگیدا ، ( کلیوپاترە ) لـە ئەدەبی عارەبێ و ئینگلیزیدا ، ( ئۆدیب ) لە ئەدەبی ئینگلیزێ و فەڕەنگێ ، یا یۆنان و عارەبێ یا ••• دا ، هەروەها ( پرۆمیتوسـس ) ، ( سـیزیف ) ، (بچمالیون) ، ••• هـەزاران نموونەی وا ••

کەواتە بەراوردکار سەیری پاڵەوانە گەورەو ناسراوەکانی ئەدەب دەکا، کە نوسەران لە ژێرەوی مێژووی ئەدەبدا ویستوویانە یەك لە دوای یەك بـە چاویلکەی خۆیان تەماشایان بکەن و لە روانگەی بیروڕای خۆیانەوە وێنەیان



Scanned with CamScanner

بکێشن • ئەمەش هەندێ نموونە لەم جۆرە پاڵەوانانە :

ا ـ پاڵەوانی ئاینی . کە لە کتێبە ئاینییەکاندا ناویان هاتوە ، وەکو کەسێتی (قابیل) لەلای (بیرون) و (هۆگۆ) ، یا شەیتانەکانی میلتۆن رەنگی داوەتەوە •••

ب ـ ئەو پاڵەوانە رەمزیانەی کە لە گریك پەیدا بوون و تا رۆژی ئەمڕۆش پیز و تەوژمی رەمزی خۆیان پاراستوە و وەکو کەرەستەیەکی بە پیت لە ئەدەبدا بەکاردێن ، وەکو هیلینا ، ئیفیجینا ، ئەنتیگۆنا ، ئۆدیسە ، ئەخیلۆس . کریێۆن . دیسەکایس . سیزیف . ••• کە بە درێژایی مێژوو گەلێ نوسەری گەورەی رۆژهەلات و رۆژئاوا باسیان کردوون و وەك کەرەستەیەکی خاوی ئەدەبی بۆ دەربڕینی هەست و نەست و بیروڕا و روانینی خۆیانەوە بە کاریان هێناون •

ج ـ ئەو پاڵەوانانەی لە رویەکی باری نەتەوایەتیەوە ، چ میللی بێت و چ روداوێکی گەورە بێت، ناویان دەرکردوە.بە رێکەوت ناویان بەرز بۆتەوە و ناوبانگیان رۆیشتوە و بە ناو خەلکدا بۆتەوە ، و بۆتە باسێك لە ئاستێکی جیهانی ناسراوە و بایەخێکی ڕەمزی وەرگرتوە ، لەم جۆرە کەسانە ، وەکو : فاوست ، دون جوان ، و هی‌تر •

د ـ پاڵەوانی مێژوویی ، زۆر جار پاڵەوانێك لەبەر کردەوەیەکی قارەمانانەی دەبێتە ویردی سەرزاران و دەکەوێتە بەر نوکی قەلەمی نوسەران و وەکو ئەدەب مامڵەتی لەگەڵدا دەکرێ ، ناپلیۆن زۆر جار بۆتە پاڵەوانی بەرهەمێکی ئەدەبی ، وەك رەمزێك نوسەرەکە بۆ ڕاگەیاندنی مەبەستێکی تایبەتی خۆی بەکاری هێناوە •

لێرەدا حەز دەکەم بە بیر شاعیر و نوسەرەکانی بێنمەوە کە بە داخەوە ئەدەبی کوردیمان لەم بارەیەوە زۆر لە دواوەیە • ئەگەر تەماشای میرات و



Scanned with CamScanner

کولتورو کەلەپوری بێسنوری نەتەوایەتی خۆمان بکەین دەبینین هەزاران هەزار پاڵەوانی مێژوویی و ئەفسانەیی وامان هەن کە باشـــترین و پوختە و تەکوزترین کەرستەن و نوســـەری بەهرەوەر و لێهاتو دەتوانێ بەرزترین شانۆگەری ، یا چیرۆك ، یا رۆمانیان لێدروست بکا • نەتەوەکانی تری دونیا بە تێر و پڕی لەسەر ئەم باسەیان نوسیوە ، گەورەترین شاکاری ئەدەبیان لە بچوکترین کەرەستەی رەســەنی خۆمـــانە وەرگرتوە ، کەچی ئێمەمـــانان گەورەترین و بەهێز و بێزترین کەرەستەمان لەبەر دەست و کەمێکی یەکجار زۆر کەم نەبێ هیچ سودمان لێ نەبینیوە •

**چوارەم :**

**کاریگەری نوسەرێك لە نوسەرێکی نەتەوەیەکی تر**

لێرەدا بەراوردکار دو نوسەر وەردەگرێ کە هەریەکە سەر بە تەوەیەك بێت و یەکێ کاری لەوەی تر کردبێ ، یا نوســـەری نەتەوایەتی ســـودی لە نوسەرە بێگانەکە وەرگرتبێ و ئیلهامی لێهەڵمژیبێ • وەکو رون کردنەوەی کاریگەری شەکسپیر لە ڤولتێر، ئیلیۆت لە سیاب، والت ویتمان لە ئەدۆنیس، مایکۆفسکێ لە ناظم حکمت ، •••

**پێنجەم :**

**کاریگەری نوسەرێك لە سەراپای ئەدەبی نوســـەرێکی‌تر**

ئەم لقەی ئەدەبی بەراوردکاری لە هەمو شوێنێ زیاتر لە فەڕەنگستانێ بوژاوەتەوە و پەرەی سەندوە و پەلو پۆی هاویشتوە و ئیشی تێدا کراوە « ئەم رێبازە لە لایەن بەراوردکارەکانی فەڕەنگ بە سەرۆکایەتی ــ فرنان بالدنسبیرجیە ــ بایەخی زۆری پێدراوە ••• »(٢٢) •

(٢٢) ئوستین وارین و رینیە ویلیك : نظریة الادب ، ترجمة محی‌الدین صبحی، مطبعة خالد الطرابیشی ، ١٩٧٢ ، ل ٥٢ .

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە پێویستی بە پشوودرێژی و سنگفراوانی و ئاگاداریی زۆر هەیە ، پێویستی بە زیرەکی و بیرتیژی و زەین روونی هەیە . پێویستی بە خوێندنەوەی بەردەوام و ئیش کردنی بێپشانەوە و پچڕان هەیە .

دەبێ بەراوردکار جاری یەکەم ترووسکایی کاریگەریی نووسەرەکە بدۆزێتەوە پاشان شیی بکاتەوە ، وەکو کاریگەریی شەکسپیر . یا هۆگۆ ، یا چیخۆف ، یا نیرۆدا ، یا ناظم حکمت ، یا حافظی شیرازی . یا ت. س ئیلیۆت . یا ویلیەم سارۆیان . یا ... پاشان دەست بخاتە سەر ئەو ئەدەبەوە کە نووسەرەکە کاری تێکردوە ، ئینجا بە شوێن لێکدانەوەکەیدا بچێ . وەکو رونکردنەوەی کاریگەری ت. س. ئیلیۆت لە شیعری نوێ و هاوچەرخی عارەبی . والت ویتمان لە شیعری تازەی فارسی . چیخۆف لە کورتە چیرۆکە کوردی ، سارتەر لە چیرۆك و رۆمانی عارەبی . حافظی شیرازی لە شیعری کلاسیی کوردی ، شانامەی فیردەوسی لە ئەدەبی کوردی ...

ئەم جۆرە کاریگەرەش بۆی هەیە :

ا ــ لە رووی کەسێتیی نووسەرەکەوە بێ وەکو رۆسۆ ، کە زیاتر لایەنی کەسێتیی کاریی کردبوە سەر ئەوانەی پێڕەویان دەکرد .

ب ــ لە بارەی هونەری و چۆنیەتی داڕشتنەوە بێ وەکو کاریگەری شەکسپیر . چونکە ئەوانەی پێڕەوی شەکسپیریان کردوە و شوێن پێی کەوتوون زیاتر لایەنە هونەریەکەیان مەبەست بوە و ئەوەندە گوێیان بە کەسێتیی شەکسپیر نەداوە ، ئەوەندەی لە لایەنە هونەرییەکانی ورد بوونەتەوە .

ج ــ لە ڕوانگەی بیروڕای کۆمەڵایەتیەوە ، وەکو ڤۆڵتێر .
لێرەدا دوو شت هەن دەبێ لێکیان جودا بکەینەوە :

ا ــ بلاوبۆنەوەی بەرهەمی نوسەرێ بە زۆری و لە چوارچێوەیەکی فراوانـدا •

ب ــ رادەی کاریگەری نوسەرەکە •

دەبێ ئەوە بزانین کە مەرج نیە بلاوبۆنەوە و کاریگەری بەرهەمێکی ئەدەبی شان بە شانی یەکتر بڕۆن • بۆی هەیە نوسەرێك بەرهەمەکانی بە فراوانی لە ناو نەتەوەیەك یا چەند نەتەوەیەکی تردا بلاوببنەوە و زۆر کەس بیانخوێننەوە ، بەلام لەگەل ئەمەشدا نابن بە سەر مەشقی نوسەران و مۆرکیان بە بەرهەمی ئەدەبی ئەو نەتەوەیەوە دیار نیە • بە پێچەوانەی ئەمەوەش دەشێ نوسەرێ بەرهەمەکانی ئەگەرچی زۆریش بلاو نەبۆبنەوە بەلام کارێکی زۆر لە ئەدەبی نەتەوەیەکی تر بکەن •

پێویستە ئەوەش بزانین و ڕەچاویشی بکەین کە بەرهەم هەیە بەرهەمی چاکە ، هەم بە فراوانیش بلاو دەبێتەوە و هەم کارێـــکی زۆریش لە ئـــەدەبی نەتەوەکانی‌تر دەکا ،بەلام وەکو گوتمان مەرج نیە،لە هەمو کات و سەردەمێك بلاوبۆنەوەی فراوان و کارتێ‌کردنی بەهێز هەمیشە هاوشان و ئاوقەران و هاوسەنگ بن •

**شەشەم :**

**کاریگەری سەراپای ئەدەبی نەتەوەیەك لە ئاقە نوسەرێکی نەتەوەیەکی‌تر :**

یاخود وەکو هەندێ پێی دەلێن : ( لێکۆلینەوەی سەرچاوە هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی نوسەر ) • وەکو کاریـــگەری سەراپـــای شـــیعری نوێی ئینگلیزی بە گشتی و شاعیرەکانی وەکو ئیلیۆت و عەزرا پاوند و ستیوارت بەتایبەتی لـــە سەیابی شـــاعیری نوێخوازی عارەبی ، کاریگەری شـــاعیرە ڕۆمانتیکییە ئینگلیزەکانی وەکو شیلی و کیتس و ویردزویرث و ویلیەم بلێك



Scanned with CamScanner

له گۆرانی خۆمان ، کاریگەری سەراپای ئەدەبی تورکی لە پیرەمێردی[٢٣]
شیعری نەتەوایەتی ...

لەم جۆرە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاریدا مەرج نیە بەراوردکار بۆ سەرچاوەی هونەری و رۆشنبیری نوسەرەکە هەر تەنیا یەك نەتەوە بپشکنێ . بەڵکو دەتوانێ قەرە بە قەرەی ڕۆیشتن و هەنگاو نانی نوسەرەکە هەنگاو بنێ و شوێن و دەوسی بدۆزێتەوە و بزانێ لە هەر باخچەیەك چ میوەیەکی رنیوە و چ گوڵێکی لێ کردۆتەوە و کەللەی بە چ بۆنێکەوە کراوەتەوە . وەکو دۆزینەوەی سەرچاوەی رۆشنبیری گۆران لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی . سود وەرگرتنی چۆسەری ئینگلیزی لە ئەدەبی فەرەنگی و ئیتالی . گۆتە لە ئەدەبەکانی ڕۆژهەلات ، وەك لە دیوانی (الدیوان الشرقی للمؤلف الغربی)[٢٤]دا رەنگی داوەتەوە ، دانتی لێجیری وەك لە (کومیدیای یەزدانی)دا سودی لە ئەدەبی عارەبی و بە تایبەتی بیری هەڵکشان و سەردانی ئاسمان و دۆزەخ و بەهەشت و ئەعرافی ئیسلامی وەرگرتوە .

بەم جۆرە ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە گرنگی بە رون کردنەوەی کاریگەری ئەدەبی نەتەوەیەك دەدا لە تاقە نوسەرێکی نەتەوەیەکی کە، یاخود دەتوانین بڵێین ئەوە رون دەکاتەوە چۆن نوسەرێك توانیویە بە هۆی شارەزابونی وردەکاری ئەدەبێکی بێگانە کەڵك لەو ئەدەبە وەربگرێ و شتێکی نوێ بخاتە سەر خەرمانی ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیەوە .

---

(٢٣) بۆ پیشاندانی ئەم کاریگەرەی ئەدەبی تورکی لە پیرەمێرد سەیری :
محمد رسول هاوار : پیرەمێردی نەمر ، چاپخانەی العانی ، بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٦٠ ، ٧٦ بکە .

(٢٤) گۆتە : الدیوان الشرقی للمؤلف الغربی ، ترجمة عبدالرحمن بدوی ، القاهرة ، ١٩٦٧ .

حەفتەم :
## لێکۆڵینــەوەی ڕێبازەکانی ئــەدەب

ئەدەبی جیهانی بە درێژایی مێژو ، لــە ئەنجامی گۆڕانی باری ژیان و گوزەران و گۆزرانەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە قۆناغێکی مێژوییەوە بـۆ قوناغێکی‌تر و بەیەك گەیشتن و تێکەڵ بونی ئەدەبەکانی جیهان و ئالوگۆڕی بیروڕای نوســەرە گەورەکان و روداوی وەکو کۆچ و رەو و گەشــت و گوزاری زانا و نوسەران لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە ناو کۆمەڵێکەوە بۆ ناو کۆمەڵێکی‌تر ، بێجگە لە داهێنانی زانستی و روداوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری گەورە گەورە ، ئەمانە هەمو کردیانە کارێ کە زۆر ڕێبازی جۆر بە جۆری ئەدەبی ، بە پێی سەردەم و شوێن و زروفەوە ، یەك لە دوای یەك سەر هەڵبدەن •

ئەم ڕێبازانە هەر یەکە زادەی قۆناغێکی تایبەتی و کۆمەڵ و زروفێکی تایبەتییە ، هەمو پێکەوە نەهاتون بەڵکو یەك لە ناو پزدانی ئەوەی پێشوەوە پێ گەییوە و یەك تۆوی یەکێکی‌تری پێ بوە • وەکو ڕێبازی کلاسی و کلاسی نوێ و ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی و سوریالی و ڕیالیزمی ڕەخنەیی و ڕیالیزمی سۆشیالیست ••••

کاری بەراوردکار و ئەدەبی بەراوردکاری ئەوەیە کە ڕێبازێکی ئەدەبی بگرێ و بــە ورد و قوڵی بچێتە بنج و بناوانیەوە ، بزانێ هــۆی مێژویی پەیدابونی ئەم ڕێبازە چی بــوە ؟ یەکەم جار لای کێ و ســەبارەت بە چی چەکەرەی داوە و سەری دەرهێناوە؟ چۆن پێ گەیشتوە و خۆی چەسپاندوە و سنوری ئەدەبی نەتەوایەتی بەزاندوە و گەیشتۆتە نــاو نەتەوەکانی‌تر ••• چونکە بێ گومان هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی لە خۆیەوە چۆزەرە دەرناکا ، دەبێ هەندێ هۆی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بەدواوە بێ و ڕێ‌خۆشکەری تــایبەتی خۆی هەبێ ••



Scanned with CamScanner

ئینجا کار و پیشـــەی ئەدەبی بەراوردکار ، ســاغ‌کردنەوەی رەگ و ریشەی ریبازی ئەدەبییە لە روانگەی مێژوویی و کارتی‌کردنی ئەدەبییەوە •

**هەشتەم:**

**شی‌کردنەوەی باری ولات و نەتەوەیەك وەك لە ئەدەبی نەتەوەیەکی‌تردا رەنگ دەداتەوە**

شی‌کردنەوەی باری ولات و نەتەوەیەك وەك لە ئەدەبی نەتەوەیەکی‌تردا رەنگ دەداتەوە • جا ئەو رەنگ دانەوەیە چ لە سەراپای ئەدەبەکە بێت و چ لە بەرهەمی تاقە نوسەرێك و چ لە تاقە بەرهەمێکی نوسەرێك •

دیارە ئەگەر نوسەرێ لەبارەی ولات و نەتەوەیەکی تر بنوسێ دەبێ تا رادەیەکی زۆر ئاگاداری ئــەم ولات و ئــەم نەتەوەیە بێ . رای تایبەتی و هەلویستی سەربەخۆی بەرامبەر بەم ولات و میللەتە بە بەرهەمێکی ئەدەبی پیشان بدا ، هەست و سۆزی خۆیان دەربارەوە دەرببڕێ ؛ وەکو توژینەوەی چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ولاتی ئینگلتەرەی ســەدەی نوزدەم لــە ئەدەبی فەڕەنگیدا ، وێنەی ولاتی میسر لــە بەرهەمەکانی ( جیراردی نیرڤال )دا ، ئەسپانیا لە شیعرەکانی ( شەوقی )دا ، تێکۆشانی گەلی نەبەردی ڤێتنام لە ئــەدەبی کوردیدا ، دروشانەوەی باری شــارێکی ئازارخوردەی وەکو لینینگراد و سەراپای باری ولاتی سۆڤیەت لە کانی شەڕی دووەمی جیهانی لە ( بوکەشوشە )ی د. مارف خەزنەداردا (٢٥) •

---

(٢٥) د. مارف خەزنەدار : بوکەشوشە ، بەغـدا ، ١٩٦٩ . د. مـارف ئــەم چیرۆکەی سالی ١٩٦٤ لە لینگراد نوسیوە ، پیــاو کە دەیخوێنێتــەوە یەکسـەر کورتە چیرۆکی سوڤیتی دێتەوەیاد، چونکە کەسەکانی چیرۆکەکە. دونیاکەی ، دارشتنەکەی ، باسەکەی • ... کت‌ومت ئەوانەن کە لــە کورتە چیرۆکی سوڤیتیدا باسیان کراوە و دەکرێ ، بۆیــە ئەگەر ئــەم چیرۆکە وەرگیردراویش نەبێ تا بناگوێ لە کاریگەری چیرۆکی سوڤیتیدا خنکاوە ، لە زمانەکەی بترازێ هیچ پەیوەندی بە کوردەوە نیە .



Scanned with CamScanner

ئەم کورتــە چیرۆکەی دە مارف خەزنەدار کە باســی ماڵ وێرانی و دەربەدەری و برسێتی و قات و قڕی شــارێکی وەکو لینینگراد دەکا ، هەم کاریگەری کورتە چیرۆکی سۆڤێتی پێوە دیارە و ئەگەر بکرێتە رۆسی کەس نازانی کوردییە و هەم نەهامەتی و کوشتن و بڕین و کاولکاری و جانفیدایی و تێکۆشانی ئەو کاتەی شاری لێنینگراد پێشان دەدا •

یاخــود وەکو رەنگدانەوەی تێکۆشــانی گــەلی کورد لــە رۆمانی گاڵتەبازی لە شەڕ ــ چەكــدا، Mockery in Arms ی جیمس ئولدرج[٢٦] دەرەخشانەوە دەربەدەری و ئاوارەیی و چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی کورد لە چیرۆکی ( شقة في شارع أبي النواس )ی[٢٧] برهان الخطیب ، خۆ خواردنەوە و تێك بەربوونی گەلی عەرەب لە لوبنان لــە چیرۆکی ( درەختی ئورزیش پوازی لــە خۆیەتی )ی[٢٨] محمد رشــید فتاح • دیمەنی ژیانی مۆسکۆ و هەندێ شاری تری سۆڤێتی لە شیعرەکانی ( گۆران )دا ( گۆران دوو جار بۆی لواوە سەر لە یەکێتی سۆڤیەت بــدا ، جاری یەکەم لە پایزی ساڵی ١٩٥٩ ، کە وەکو ئەندامێکی وەفدی نوێنەری ئەنجومەنی ئاشــتی عیراق هاتە ســەردانی وڵاتەکەمان ، گۆران لەم گەشتەیدا بو بــە مێوانی هەندێ شارە گەورەکانمان ، لەوانە شاری باکۆ ، پاشان سەردانێکی چین و کوریــای کرد و ئینجــا بە رێگەی مۆسکۆدا گەڕایــەوە عــیراق • ئــەم گەشتە پیرۆزە زۆر سەرنجی لە دەروونی شاعیرەوە بەجێ هێشت ، ئەو هۆنراوە جوانانەی لــە باری باکۆ و مۆســکۆ و لێنینەوە داناون بەرهەمی ئــەم قۆناغەن ••• )[٢٩] •

---

(٢٦) James Aldridge : Mockery in Arms. London. 1974.

(٢٧) برهان الخطیب : شقة في شارع ابی النواس ، دار العودة ، بیروت ، ١٩٧٢

(٢٨) ئەم چیرۆکەی محمد رشید فتاح باسی ئەوە دەکا چۆن لوبنان بوبو بــە گۆمی خۆێن و خوێنڕێژو خۆێنڕژاوەکە هەردوك برابوون ... خۆیــان ببوونە پواز بۆ قەدی خۆیانەوە . هاوکاری ، ژ ــ ٣٠٤ ــ ١٣/١٢/١٩٧٦ .

(٢٩) حسین علی شانۆف : شعر الشاعر الکردی المعاصر عبدالله گۆران ، ترجمة شکور مصطفی ، مطبعة الجاحظ ، بغداد ، ١٩٧٥ ل ١٧ .



Scanned with CamScanner

لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەدا پێویستە بەراوردکار زۆر چاك لە بیر و ڕاو هەڵوێستی نوسەرەکە بکۆڵێتەوە ، بزانێ پەیوەندێ بەم وڵات و نـەتەوەیە چۆن بوە کە لە بارەی نوسیون و هەست و سۆزی خۆی دەرهەق پێشـان داون ، چۆن ئەم زانیاری و ئاگادارییەی چنگ کەوتە و تاچ ڕادەیەك ئەمەیان لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێ ؟ ئاخۆ خۆی چۆتە وڵاتەکە و تێیدا ژیاوە و لـە نزیکەوە دیمەنەکانی بینیوە و هەستی بە ڕوداوەکان کردوە ؟ یا تەنیـا شتی لەبارە خوێندۆتەوە و دەنگ و باسی بیستوە . ئەم وێنەی کە کێشـاویە و ئەم هەڵوێستەی کە گرتویە تا چ ڕادەیەك ڕاست و تا چ ڕادەیەکیش لەگەڵ ژیان و تێکۆشانی وڵاتەکەدا ڕێك دەکەوێ ...

دەبێ بەراوردکار بە بنی زمانی نوسەرەکە بکەوێ و بزانێ مەبەستی لەم نوسینەدا چی بوە ؟ ئاخۆ ویستویەتی وێنەیەکی دەقا و دەقی وشك و برینگی وڵات و نەتەوەکە بخاتە ڕو ؟ یا هەوڵی داوە بەم نوسینە پەلاماری وڵاتەکە بدات و لەبەردەم ڕای نەتەوایەتێ و جیهانیدا ڕسوای بـکا ، چونکە خۆی باوەڕی بە ڕژێمەکە نیە و ڕەتی دەکاتەوە ؟ یا مەبەستی ئەوە بوە لە سەر ئەم وڵات و نەتەوەیە بکاتەوە و بە هاوزمانی خۆیان بناسێنێ و بەم نوسینە هانی هاووڵاتییەکانی خۆی بدا بۆ ئەوەی پشتگیرێ وڵاتەکە بکەن و لە هەمـان کاتیشدا لە تێکۆشان و ڕەوتی ژیان و نەبەردیدا بیانکەنە سەرمەشق .

گرنگێ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە ڕێگا بۆ هەمو گەلانی سەر زەمین خۆش دەکا تا لەیەك بگەن و یەکتر بناسن و ئاگاداری بیروباوەڕ و هەڵوێست و ڕەوشت و ڕژێمی دەسەڵات و باری ژیانی یەکتر بن و پەیوەندێ نێوانیان پتەوتر و مکومتر بێ و هەست و سۆزیان بەرامبەر یەکتر گەرمتر و بەجۆشتر بێ و یەکتریان خۆش بوێ و لەسەر یەك بکەنەوە و پارێزگاری نرخی مرۆڤ بکەن ، ئەمەش ئامانجی هەرە گەورەی ئەدەبی بەراوردکارییە و



Scanned with CamScanner

گەورەترین خزمەتێکە کە ئەم زانستە ئەدەبییە نوێیە بە ئەدەب و مرۆڤـایەتی بـکات ٠

★ ★ ★

Scanned with CamScanner

# بەشی شەشەم

## بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا

ئەگەر لە ئەدەبی کوردیماندا باسی دیاردەی کاریگەری ئەدەبی نەتەوەدەرو جیرانەکانمان بکەین دەبینین ، بە خۆشی بێ یا بە خورتی ، بە کەمی بێ یا بە زۆری . ئەم ئەدەبانە رەنگی خۆیان لە سەر و سیمای ئەدەبەکەمان هەڵسویوە و بە درێژایی لێك نزیك بونەوەی ئەدەبی ئێمە و ئەدەبی ئەوان ، تا رادەیەکی زۆر کاریان لە ئەدەبەکەمان کردوە ، لەوەتی ئەدەبی تۆمارکراومان هەیە ، ئەو ئەدەبە مۆرك و شەقڵ و شوێنی ئەدەبەکانی تری بە تێو چاوەوە دیارە . هەر لە بابا روخ و بابا تاهیری هەمەدانییەوە تا مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و بێسارانی و مەولەوی و حاجی و شێخ رەزا و نالی و کوردی و سالم و مەحوی و پیرەمێرد و بێکەس و دڵدار و گۆران و هەمو شاعیرە کۆن و نوێکانی تریشمان ، بە شێوەیەکی راستە و خۆ بێ یا لابەلا کەوتونەتە بەر زەبری کاریگەری تۆسەرانی تورك و فارس و عارەب و سەراپای جیهان ...

ئەدەبی کوردیش وەکو هەمو ئەدەبێکیتر ، لە دەستوری زیندوی ژیان و کەون و کۆمەڵ و سروشت لای نەداوە و بەردەوام لە گۆڕان و پێشکەوتن و نوێبونەوە دا بوە ، لەگەڵ گۆڕانی ژیان و هەل و مەرجی



Scanned with CamScanner

ڕۆژگار و باری ژیانی سەردەم قۆناغ بە قۆناغ پەردەی گۆڕانی بەسەردا کشاوە ، ڕەنگی ئەو سەردەم و ئەم زرۆفە گشتی و تایبەتییەی گرتوە کە تێیدا هاتۆتە کایە . لەپاڵ ئەمەشدا ئەدەبە نزیك و دوورەکانی بێگانان دەستیان بۆ درێژ کردوە و لە ڕەوتی داهێنانی ئەدەبیدا مۆرکی خۆیان بە ناوچاوەوە ناوە ...

نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەم کارتێکردنە و سوود وەرگرتنەی ئەدەبەکەمان بە خۆیەوە دیوە نەك هەر عەیب و شوورەیی نەبوە وەکو هەندێ ساویلکە و نابینا بۆی دەچن بەڵکو بە پێچەوانەوە . نیشانەی زیندوویی و بە توانایی ئەدەبەکەمانە و بەڵگەی ئەوەیە کە ئەدەبەکەمان ڕەگەزی پێشکەوتن و گۆڕان و خۆپاراستنی تێدایە و مەترسی چورچ و سیس بوونی کۆشەگیری و لاتەریکی لێ ناکرێ . بەڵام وەکو لە شوێنێکی تریش ئیشارەتمان بۆ کرد کە ئەدەبێ باوەش بۆ ئەدەبەکانی دی دەکاتەوە و هەمبێزیان تێوەردێنێ نابێ خۆی لە بیر بکات و ڕەسەنایەتی خۆی بدۆڕێنێ . نابێ لەگەڵ تەوژمی کاریگەرەکەدا بشێوێ و تێك بچێ بەڵکو دەبێ خۆی پێ تەواو بکات و کەم و کورتییەکانی پێ پڕبکاتەوە .

ئەم کاریگەرە . ئەم هەروەدەر بوون و باوەش کردنەوە . نیشانەی ئەوەیە کە ئەدەبی ئێمەش وەکو ئەدەبەکانی تر توانای بەردەوام بوون و خۆڕاگرتنی هەیە . توانای ئەوەی هەیە پەیتا پەیتا خۆی پێ بگەیەنێ و لەگەڵ ئەدەبەکانی تردا لە ڕەوتی مێژوو دوا نەکەوێ ...

بەم جۆرە کە تەماشا دەکەی کاریگەری ئەدەبی . وەکو دیاردەیەکی دیار و بەرچاو . لە ئەدەبی کوردیدا هەبوە و هەیە و هەر دەشبێ . بەڵام ئەوەندە هەیە لە ئەدەبی کوردیماندا تا ئێستا بایەخ و گرنگی بە لێکدانەوە و شی کردنەوەی ئەم دیاردەیە نەدراوە . و مافی خۆی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا

به تـەواوی وەرنەگرتوە ، ئـەم بەشـەیش وەکو هـەمو بەشەکانی تری لێکۆڵینەوەی ئـەدەبی و لەوانیش زیاتر هـەتیو کەوتوە و بێ‌کەس و کار ماوەتەوە و تا ئێستا کەسی وا خۆی لێ بەساحێب نەکردوە و خزمەتێکی وای نەکراوە شایەنی خۆی بێت •

ئێمە ، لێرەدا ، مەبەستمان ئەوەیە پاش ئەوەی کە لە بەشەکانی پێشوتردا هەندێ دەستوری زانستی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەمان خستە رو ، ئێستا بێینە سەر ئەو باسانە[1] یا هەندێ لەو باسـانەی لە ئەدەبی کوردیدا بـۆ بەراوردی ئەدەبی تەرخان کراون ، یا بۆنی بەراوردی ئەدەبییان لێ دێ ، بـۆ ئەوەی بە پێی توانـا و بە گوێرەی پێودانـگ و رێ و شـوێن و مـەرجی زانستانەی بەراوردکاری ئـەدەبی هەڵیانسـەنگێنین و نرخی ڕاستەقینەیان پێشان بدەین ، قسە لەوەش دەکەین داخۆ ئەم لێکۆڵینەوانەی لـە کوردیـدا کراون تـا چ رادەیەك لـە رووی زانسـتیەوە دەکەونە خانـەی ئـەدەبی بەراوردکاری و تـا چ مەودایـەك لێی دور دەکەونەوە ، و باشـترین و زانستانەترین هەوڵێ کە تا ئێستا لە مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاریدا درابن کامانەن ، باشی و سەرکەوتنەکەیان لە چی دایە ؟

ئەگەر بۆ ئەو باسانە بگەڕێینەوە کە لـە کوردیدا بەراوردیان تێـدا کراوە ، جا بەراوردەکە هەرچی و چۆنێك بێت ، ئەوا پـاش بژکردن و جیـا کردنەوەی ئەم باسانە دەگەینە ئەم قەناعەتە کە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بـە شێوەیەکی گشتی لەم بەشانەی خوارەوە زیاتر نازۆن :

١ــ یا پەڕەگراف و ئیشارەتێك بێ بۆ کاریگەری ئەدەبی ، جا چ لە

---

(١) نەمانویستوە و نامانەوێ لەم کتێبەدا بیبلۆگرافیا بۆ ئەو باسانە بکەین کە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا بۆ بەراوردی ئەدەبی کراون، بەلکو تەنیا چەند نمونەیەك بۆ ئەم جۆرە هەولانە دێنینەوە کە لەم بوارەدا دراون و بە پێی توانا ، بە گوێرەی پرۆگرامێکی زانستی هەڵیاندەسەنگێنن •

ناو لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی دوور و درێژ و چ لە پێشەکی کتێبێك و چ لە ناو وتارێکی سەرەڕۆدا بێ [٢] .

٢ــ یا وتارێکی بۆ تەرخان کرابێ و لە گۆڤارێ یا ڕۆژنامەیێ بڵاو کرابێتەوە [٣] .

٣ــ یا بەشێکی لە کتێبێك بۆ تەرخان کرابێ [٤] .

٤ــ یا کتێبێکی سەربەخۆ بێ [٥] .

٥ــ یا باسێکی زانستی بێ و لە کۆڕێکی زانیاری گەورەدا پێشکەش کرابێ [٦] .

جا ئەم باسانە کامەیان باسی تەواو و پێگەییون و کامەیان چرۆك و بێ کاکڵن ، ئەمە شتێکی ترە و پاشان لێی دەکۆڵینەوە ، بەڵام با جارێ ئەوە بزانین کە ئەم باسانەی ناومان هێنان یا ئیشارەتمان بۆ کردن هەمویان زانستی نین و ئەو ئەرك و تەقەلایەی لە بواری ئەدەبی بەراوردکاری کوردیدا دراون لە ڕوی پێ گەیشتن و پێ نە گەیشتنەوە دەکرێنە سێ بەش :

---

(٢) وەکو ئەو ئیشارەتانەی لە پێشەکی هەندێ کتێب و دیواندا کراون ، یا هەندێ شاعیر و نوسەر خۆیان درکاندویانە .

(٣) وەکو وتارەکەی (کامل بصیر) لە ڕۆژی نوێ . مارف خەزنەدار لە برایەتی . ڕەئوف عوسمان لە هاوکاری . کەریم شارەزا لە نوسەری کورد . ئەمین حاجی عبداللە لە (هاوکاری) ئەمین موتابچی لە گۆڤاری کولیجی ئەدەبیات . عومەر مارف بەرزنجی لە ڕۆژی کوردستان ، صادق بهاءالدین لە هاوکاری . کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەین .

(٤) علاءالدین سجادی . لە (مێژوی ئەدەبی کوردی)دا . بەشی کۆتایی بۆ ... عالەم) تەرخان کردوە ، کە بریتیە لە بەراوردکرنی ئەدەبی کوردی لەگەڵ زۆر ئەدەبی کۆن و نوێی بێگانە .

(٥) وەکو . دلشاد مەریوانی : خاوەن شکۆو دو چیرۆکنوس . سلێمانی . ١٩٧٢ .

(٦) وەکو ئەو دو باسەی د. محمد عارف و د. ئیحسان فوئاد لە کۆڕی ڕۆژ هەڵاتناسانی فەرەنگیدا ساڵی ١٩٧٣ خوێندیانەوە .

ا ــ یا تەنها بریتین لە هەندێ ئیشارەت و سەرە قەڵەم بۆ کارتێکردنی ئەدەبی و هەیکەلی گشتی باسێکی تەواویان وەرنەگرتوە . ئەمانە نە کاریگەرەکەیان بە بەڵگەی مێژوویی سەلماندوە ، نە ئەنجامەکەیان شیکردۆتەوە و نە شتێکی بەکەڵکیان بەدەستەوە داوە . ئەم بەشەمان ناو ناوە ( سەرەقەڵەم ) .

ب ــ یا باسی وان کە دوو بەرهەمیان بەراورد کردوە ، بە قەناعەتی خۆیان لە بەراوردەکەدا ئەنجامێکیان دەرهێناوە کە لەگەڵ مەبەستەکەیان بگونجێ . بەڵام لەبەر هەندێ کەم و کوڕی بنجی و زانستی ناکەونە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە . وایە بەراوردن بەڵام مادام ئامانج و مەبەستی بەراوردی زانستییان نەهێناوەتە دی و مادام پەیڕەوی پرۆگرامێکی زانستییان نەکردوە لە بەراوردەکەدا ، بەراوردەکەیان تەقەلایەکی نازانستی بێ سوود دەرچوە و ئامانجی نەپێکاوە . ئەم بەشەمان ناو ناوە (بەراوردی نازانستی) .

جـ ــ یان باسی تەواو زانستین و هەموو مەرجێکی بەراوردکاری زانستیان لێ هاتۆتە دی و ئامانجی بەراوردکارییان پێکاوە و شتی بەکەڵکیان پێشکەش کردوە و بە ڕاستی شتی بە سوود و بە جێن و لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیان زۆر کەمە و لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕێ بەڵام بناغەیەکی زۆر پتەوی زانستین بۆ ئەدەبی بەراوردکاری داهاتومان کە لە سەر بنچینەیەکی زانستی ڕۆنرابێ و سوودێ بە ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیان بگەیەنێ . ئەم بەشەیەشمان ناو ناوە ( بەراوردی زانستی ) .
ئێستاش یەکە یەکە ئەم کۆششانە شی دەکەینەوە .

**سەرەقەڵەم :**

گومانی تێدا نیە . ئەو سەرەقەڵەمانەی مەبەستمانە و بریتییە لە ئیشارەتی بۆ کاریگەری ئەدەبی یەکەم هەنگاوی دەست پێ کردنی بزوتنەوەی

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکارییە • چونکە بەراوردکار دەبێ لە یەکەم هەنگاوی لێکۆڵینەوەکەیدا پەنجە بۆ دیاردەی کاریگەری ئەدەبێ درێژ بکا ، ئینجا تێ بکۆشێ ئەم کاریگەرە بە بەڵگەی ئەدەبێ و مێژوویێ بسەلمێنێ و لە کۆتاییدا ئەنجامی کارتێکردنەکە شێ بکاتەوە •

زۆر نوسەر لە ناو وتار و پێشەکێ دیوان و کتێب و لە کاتی رەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا دەستیان بۆ دیاردەی کاریگەرێ ئەدەبێ درێژ کردوە ، زۆر جاریش وا بوە کە شاعیرێ یا نوسەرێ خۆی پێی لێناوە کە رای لە فلان شاعیر یا نوسەر بوە ، یا سودی لە فلان کەس وەرگرتوە ، یا کەوتۆتە بەر تەزوی بەهرەی فیسارەوە • ئەگەر لە نوسینی کوردێ بگەڕێین رەنگە هەزاران سەرەقەڵەمی وا بدۆزینەوە ، جا ئێمە لێرەدا خۆمان بە هەموویانەوە خەریك ناکەین و تەنیا چەند نمونەیەك دەخەینە بەر چاوان •

ــ حسێن عارف کاتی خۆی وتارێکی درێژی لە گۆڤاری ( بڵێسە )[٧]دا بڵاوکردەوە ، باسی پەیدابونی چیرۆکی کوردێ و هۆی گەشەسەندن و چەسپانی دەکا ، هۆیەکی گەورە و سەرەکێ بۆ ئەوە دەباتەوە کە نوسەرانی کورد لەو سەردەمەدا ئاگاداری ئەدەبی بێگانە بون و ئەم هونەرە نوێیەیان تێدا بینێ و تاسەی لاساکردنەوەیان کەوتە کەللەوە ( ئەدیبانی کورد . ئەدەبی بێگانەیان ناسی و بە تایبەتێ ئەدەبی گەلانی رۆژ ئاوا . سەیریان کرد چیرۆك لە ریزی پێشەوەی ئەدەبەکەیانە ، بۆیە ئاواتێك لەم بابەتە کەوتە کەللەی ئەمانیشەوە •• )[٨] . هەر چەندە ئەم سەرنجەی حسێن عارف زیرەکانە و بە جێیە . بەلام باسێکی ناتەواوە یا سەرەتای رێگای شێ کردنەوەی بەراوردکارانەی دۆزیوەتەوەو پێیدا نەچوە . نە گواستنەوەی کاریگەرەکەی

---

(٧) حسێن عارف : ( چیرۆك و چیرۆکی شانۆیی کوردێ لە نیو سەدەی رابردودا ) بڵێسە ، ژمارە ١٠ • مایسی ١٩٦٠ .

(٨) سەرچاوەی پێشو ل ٤ .

بە بەڵگە سەلماندوە . نە نسۆنەیشی بەراورد کردوە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی زانستانەی لێ دەربێنێ . وانە نەیکردوە ئەم نوسەرانە کێ بوون سەیری ئەدەبی بێگانەیان کرد و ئەم هونەرەیان تێدا بینی و ئەو ناوانە کەرمەیان پەزیبە کەلە . ئەوەشی رۆن نەکردۆتەوە بە کێ متاثر بوون . متاثر بونەکە لە چ روویەکەوە بو و تا چ رادەیەك رۆیشتبو . چیرۆکنوسانی کورد تا چ رادەیەك . لەبەر رۆشنایی تێ گەیشتنی چیرۆکی بێگانەدا گەشەیان بە چیرۆکی کوردی دا .

ــ محمد رسول هاوار لە ( پیرەمێردی نەمر )[٩]دا . زۆر جار باسی ئەوە دەکا کە پیرەمێرد چۆنە ئەستەمبوڵ و تێکەڵاوی رۆشنبیرانی ئەوسای ئەوێ بوە و ئاگاداری باری ئەدەبی و رۆشنبیری تورکی و نەتەوەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بوە لە رێگەی زمانی تورکییەوە.هەستی نەتەوایەتی بە هۆی ئەم هەمو ریبازە بە تەوژم و سەرگەرمانە . بزواوە کە ئەوسا دونیایان داگرتبو . ئەمەش هەموی بو بە هۆی پێشکەوتنی بەهرەی شیعری و تەقینەی کانی سۆزی دەرونی و کرانەوەی زەینی ئەدیبانەی و هانی دا بۆ ئەوەی گیانی نەتەوایەتی تێدا کڵپە بسەنێ و رێچکەیەکی رۆمانتیکی نوێ بگرێ و زو بۆ لای ئەدەب و هەست و نەستی نەتەوایەتی خۆی وەربگێرێ . هەوڵی پاك کردنەوەی زمانەکەی لە وشەی بێگانە و دارشتنی سۆزی نیشتمانی و نەتەوایەتی و زیندو کردنەوەی فۆلکلۆر و کەلەپوری دەڵەمەندی کەونارای باوك و باپیرانی دەدا : پیرەمێرد . ئەو سەردەمەی لە تورکیا بو . لەو ماوەیەدا هێزی نەتەوایەتی لە تورکیا جوڵەی تێ کەوتبو . بە هۆی ئەو گۆڤار و رۆژنامانەوە کە ئەوێ دەر ئەچو . یا لە رۆژئاواوە ئەگەیشتە تورکیا و ئەیبیست و ئەیخوێندەوە کە چۆن هەمو نەتەوەکان هەر یەکە لە شوێنی خۆیەوە راپەریوە . لاوەکانیان ئاڵای سەربەستی و ئازادییان هەڵکرد بو . گەلێك کۆمەڵی نەهێنیان پێك

---

(٩) محمد رسول هاوار: پیرەمێردی نەمر. چاپخانەی العانی. بەغدا. ١٩٧٠ .

هێنا بۆ بۆ ڕزگار کردنی گەل و نیشتمانەکەیان ...) [١٠] بەم جۆرە پیرەمێرد هەستی نەتەوایەتی بزوت و کڵپەی ئازادیی کەوتە دەرونەوە ... ئەمە لە بارەی هەستی نەتەوایەتیەوە ، لە بارەی رونکردنەوەی چۆنیەتی سود وەرگرتنی پیرەمێرد لە تاقی کردنەوەی چونە تورکیا و ئاگادار بونی ئەدەبی بێگانەوە ، لە شوێنێکی‌تردا دەڵێ: «هەتاکو لە تورکیا بوە ، شیعری شاعیرە کۆنەکانی فارس و تورک کارێکی تەواویان تێ‌کردوە بە تایبەتی شیعرەکانی شێخی سەعدیی و حافظی شیرازیی . وەکو هەمو جارێك لە زمانی خۆشیەوە بیستومە ، شیعرەکانی عبدالحق حامد و نامق کمالی تورك زۆر کاریان تێ‌کردوە و دڵبەندی هەڵبەستەکانیان بوە..) [١١] ، لە بارەی ئەم کارتێ‌کردنەی پیرەمێرد و بە تایبەتی دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان ، دەڵێ : (کە وەختێ پیرەمێرد گەڕایەوە بۆ کوردستان هەوێنی رۆمانتیکیەتی شاعیرە تازە پێ‌گەیشتوەکانی ئەوسای تورکیای لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ . وەکو مەستێکی بادەنۆش ، خوماری بادەی رۆمانتیکیەتی هێشتا لە کەللەدا مابو و لەگەڵ ئەوەشدا کە باری کوردستان سارد و سڕ بو ، جوڵەی لێوە نەئەهات ، تاك و تەرایەك نەبێ کە ئەوانیش بە هۆی گۆڤار و رۆژنامەوە شیعری رۆمانتیکی تازەی شاعیرەکانی تورکیا کاریان تێ‌کرد بون وەکو توفیق فکرت کە کاری کردبوە سەر شێخ نوریی شێخ صالح و عبدالحق حامد کاری کرد بوە سەر پیرەمێرد و ناظم حکمت سەر عبدالواحد نوریی و گۆران و گەلێکی‌تر..) [١٢]. محمد رسول هاوار زیاتر لە باسەکەی رۆدەچێتە خواریّ و پتر لێکی دەکێشێتەوە . ئەم روانەی باسەکەی زۆر گەش و باش و روناکە کە باسی کارتێ‌کردنەکەی کردوە . بە بەڵگەی مێژوویی کاریگەرەکەی سەلماندوە کە

---

(١٠) هەمان سەرچاوە . ل ٣٥ .
(١١) سەرچاوەی پێشو ل ٦٠ .
(١٢) سەرچاوەی پێشو ل ٧٦ .



Scanned with CamScanner

چونی پیرەمێردە بۆ تورکیا و تێکەڵاوبونیەتی لەگەڵ شاعیرو نوسەرانی ئەوێ شارەزابونی جۆرەها ڕێبازی فیکری و ئەدەبی بە هۆی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەوە کە لەوێ دەر دەچون . جگە لەوەش بەڵگەیەکی ئەتەر هەیە ئەویش ئەوەیە کە پیرەمێرد خۆی دانی پێدا ناوە کە کەوتۆتە بەر کاریگەری هەندێ شاعیری ئەوسای تورکیاوە .

بەڵام باس و سەرەقەڵەمەکانی محمد رسول هاوار ئەوەیان لێ دەگیرێ کە بەراوردەکەی بە نیوەچڵی بە جێ هێشتوە و تەواوی نەکردوە . هیچ نمونەی نەداوە بە دەستەوە و وێنەو دیمەن و ڕۆی هونەری و ڕێبازی فیکری هاوبەشی باس نەکردوە کە لە ئەنجامی کاریگەرەکە داکەوتبێ . هیچ شەقڵ و نیشانە و جۆری ئەدەبی پیرەمێردی نەهێناوە بڵێ ئەمەی لە ئەدەبی تورکیەوە یا لە ڕێی ئەدەبی تورکیەوە هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی . بۆیە هەر چەندە بەراستی ئەدەبی تورکی و ڕێبازە فیکری و ڕۆشنبیریەکانی ئەوسای تورکیا کاریان لە پیرەمێرد کردوە . بەڵام چونکە مامۆستا محمد رسول ئەم کاریگەرەی شی نەکردۆتەوە و ئەنجامەکەی پیشان نەداوە . لێکۆڵینەوەکەی هەر بە ناتەواو و نەکامڵ دەمێنێتەوە .

– محمدی مەلاکەریم لە پێشەکی (شیرین و خوسرەو)[131] ی خانای قوبادیدا باسی ئەوە دەکا کە خانا تا ڕادەیەکی زۆر کەوتۆتە بەر کاری کردنی نیزامی گەنجەوی : (شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی وەك لە خوێندنەوەی تێکستەکەیەوە بۆ هەر ( گۆرانی ) زانێك دەر دەکەوێ تەنها جەرگ کێشکێ دلداری شیرین و خوسرەو و کارەساتی فەرهاد و سەرەنجامی تراژیدیایان و خۆتێهەلقورتاندنی پڕ لە نەگبەتی شیرۆی کوڕی خوسرەو نیە ئەوەی

---

[131] خانای قوبادی : شیرین و خوسرەو . ئامادەکردنی محمدی مەلا کەریم . چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد . بەغدا . ١٩٧٥ .

باوکیا ، بەر لە هەرچی شاکارێکی ئەدەبیە لە شێوەی داستانێکا ــ ئەوەی فارسێ و گۆرانێ بزانێ و بەراوردێکی خوسرەو و شیرینەکەی شاعیری بەناوبانگی بە دایك کورد و بە باوك ئازەربایجانێ و بە زمانی ئەدەبێ فارسێ : ــ نیزامی گەنجەوێ ــ بکا لەگەڵ ئەم کارەی شاعیرێکی ناو و نیشان کورد کردێیەتی کە بە داخەوە هەر ئەوەندەی لێ ئەزانین پێی ئەڵێین (خانای قوبادێ) ، یاخود وەك خۆی لە شوێنێکی کتێبەکەیا بەخۆی ئەڵێ : (خانای خان قوباد) ، بۆی دەر ئەکەوێ کارەکەی نیزامی گەنجەوێ لە چاو کارەکەی ئەما وەك ئەسکالتێك دێتە پێش چاو خانا بە پێشاندانی دیمەنی جوان و وەسفی ورد و دەربڕ و رەوانبێژییانەی گۆشت و دەمار و پێستی پێپۆشیبێ و خوێنی تێزاندبێ و گیانی کردبێ بە بەرا ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کارەکەی خانا ( ٥٥٢٦ ) بەیت و هینەکەی نیزامێ بە گوێرەی چاپی ١٩٦٠ی ئەکادیمیێی ئازەربایجانی لە باکۆ ٦١٨٨ بەیتە و ئەبێ ئەمی نیزامێ بالآتر بوایە چونکە قەوارەی رازەکە لای هەردوکیان تێکڕا وەك یەکە ... ) [١٤] مامۆستا محمدی مەلاکەریمیش لێرەدا هەر ئیشارەتی بۆ ئەوە کردوە کە لە ئەنجامی بەراوردکردنی ئەم شاکارە بەرزەی فارسێ و کوردێ پیاو بۆی دەردەکەوێ کارەکەی نیزامێ گەنجەوێ لە چاو کارەکەی خانا وەك ئەسکالتێك وایە ئیدی لەمە زیاتر رون ناکاتەوە ، ناچێتەوە سەر هۆ و بنج و بناوانی وەرگرتنی کارەکە و دوو بەرهەمەکەش لەگەڵ یەکدا بەرانبەر ناکا ، تا رادەی لاساکردنەوە و داهێنانی خانامان پێشان بدا .

بێجگە لەمانە وا دەبێ شاعیرێ یا نوسەرێ سود لە بەرهەمێکی بێگانە وەربگرێ ، و خۆیشی دانی پێدابنێ و بە نوسین باس لەوە بکا کە فلانە کەس یا فلانە بەرهەم یا فلانە ئەدەب کاری تێکردوە ، ئەم باس کردنەش چ

---

(١٤) سەرچاوەی پێشو ل نۆ و دە .

لە وتارێکـدا بێ و چ لە گفتوگۆیەکی ئەدەبیدا و چ لە پێشـەکی دیوانێ یـا شیعرێ بێ .

ـ گۆران لە پێشەکی ( بەهەشت و یادگار و فرمێسك و هونەر ) [(١٥)] دا . باسی شێوازی نوسینەوەی شـیعرەکانی دەکات و دەڵێ ( ئەو جـۆرە ئوسلوبەیان تیا کراوە بە سەرمەشق کە مامۆستا م . نوری و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی عوسمانیان وەرگرتوە لە سەردەمێکی سـنوردارا ( ٩٢٠ ـ ٩٣٠ ) شـیعری کوردی ناوچـەی سـلیمانیـان پـێ تـازە کردۆتەوە ... ) [(١٦)] . لەم دانیشتنەشدا کـە مامۆستا عبدالرزاق بیمار لە گۆڤاری بەیاندا [(١٧)] لەگەڵی کردوە . خۆی باسی ئەم کاریگەرە دەکات و دەڵێ : « نوسەر و شـاعیرانی ئەوسا . بەتایبەتی شێـخ نوری و رەشـید نەجیب و من کە پێکەوە بە ئەدەبی تورکی متاسر بوین و پێکەوە ئەمان نوسی بەڵام تەنها شێخ نوری شیعرەکانی بڵاو ئەکردەوە و ئەو لەم بارەیەوە نشاطی دەرئەکەوت . وە ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدا بوو کە پێیان ئەوترا ( ادبای فجری آتی ) لەوان توفیق فکرت و جلال سـاهر بوون وە ئەدیبێکی تری تورك کە عبدالحق حامدە ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبـو . بەڵام دیسان هەر پێی متاسر بوین ، کەوابێ هەموومان بەیەکەوە ئەمان روانیە یەك کلاورۆژنەوە ... [(١٨)] . لەم دوو نسونەیەی سەرەوە . گۆران چ خۆی پێشەکی نوسیبێ وەکو بۆ دیوانەکەی نوسیوە و چ لە گفتوگۆیەکی ئەدەبیدا بێ وەکو مامۆستا عبدالرزاق لێی پرسیوە .دانی بەوە ناوە کە ئەدەبی تورکی

---

(١٥) گۆران : بەهەشت و یادگار و فرمێسك و هونەر . چاپی دووەم . سلێمانی . ١٩٧١ .

(١٦) سەرچاوەی پێشوو ل ١١ .

(١٧) عبدالرزاق بیمار : دانیشتنێك لەگەڵ گۆراندا . گۆڤاری بەیان . ژ ٢ . [illegible] ١٩٧٠ .

(١٨) سەرچاوەی پێشوو .

کاری تێ‌کردوە و ئەو بزوتنەوەیەی سەراپای تورکیا و قەڵەمڕەوی عوسمانی گرتبۆوە هەستی گۆرانیشی بزواندوە و شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی تورك سەرنجیان راکێشاوە و ئەویش سوودی لێ‌وەرگرتون .[19]

ــ (دڵدار) چیرۆکی (قەل و ریوی)ی (لاڤۆنتین)ی فەڕەنگی وەرگرتوە و بە شیعر دایڕشتۆتەوە ، بەڵام وەك شاعیرێکی ئەمین و دەستپاك ، خۆی لە پێشەوەی شیعرەکەدا نوسیویە « یەك لە پەندە خۆشەکانی لاڤۆنتین ، شاعیری ئێسك سوکی فەڕەنسەیە کردومە بە کوردی . »[20] ، بەڵام نەیگوتوە لە چ زمانێکەوە کردومە بەکوردی ...

ــ (هێمن)ی مەهابادیش لە پێشەکی هۆنراوەی ــ لە بیرم مەکە ــ دا . پێی‌لێ‌دەنێ ، کە بیری شیعرەکەی لە چیرۆکی گوڵێکەوە وەرگرتوە کە چیرۆکەکە بە ئەسڵ فەڕەنگییە ، ئەوەندەش باشە کە باسی ئەوە دەکا چیرۆکەکە بە فارسی هەیە و دیارە ئەمیش هەر لە فارسییەوە کردویە بە کوردی . (گوڵێکی زۆر جوان هەیە بە فارسی پێی دەڵێن ــ گل فراموشم مکن ، گوڵ لە بیرم مەکە ــ چیرۆکێکی زۆر لەتیفی لەسەر هەیە ، من لەو چیرۆکە کە دەڵێن لە ئەسڵدا فەڕەنسەیی بوە ئیلهامم وەرگرت بۆ هۆندنەوەی ئەم پارچە شیعرە ، دیارە وەرم نەگێڕاوەتەوە ، بەڵکو بەرگی کوردیم لەبەر کردوە ، و ویستی کوردانەم تێدا گونجاندوە ...)[21] .

---

(19) گۆران ، ( لە شیعرە دڵدارییەکانیدا ، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەدەبی دیموکراسی تورکی خوێندەوە ، بە گیانێکی تەواو نوێوە دەدوێ . هۆنراوەی (سێبەری ئاوات) و (کچی‌جوان) و (ئافرەت) لاساکردنەوەی ئەدەبی عوسمانلیان پێوە دیارە ... ) بڕوانە : حسين علی شانۆف : شعر الشاعر الكردی المعاصر عبدالله گوران . ترجمة شكور مصطفى مطبعة الجاحظ ، بغداد ، ١٩٧٥ .

(20) دڵدار : دیوانی دڵدار ، چاپی دوەم ، هەولێر ، ١٩٧١ ، ل ٣٢ .

(21) هێمن : لە بیرم مەکە ، گۆڤاری رۆژی کوردستان ، ژ ٦ ، ساڵی ١٩٧٣ .



Scanned with CamScanner

دان پێدا نانی ئەم شاعیرانە ــ گۆران ، دلدار ، هێمن ــ و هەر دان پێدانانێکی تری وا کە خاوەنەکەی بلێ سوودم لە فلانە کەس یا فلانە بەرهەم وەرگرتوە ، نابێتە ئەدەبی بەراوردکاری • بەلێ ، راستە ئەم دان پێدانانە ئیشارەتە بۆ بوونی کارتێکردنی ئەدەبی و ڕێگا بۆ تەواو کردنی شێکردنەوەی زانستی خۆش دەکا ، ئەگەر یەکێ هەبێ مەبەستی بێ و بە پێی پڕۆگرامێکی زانستی بەراوردەکە بکا •

ئەم جۆرە دان پێدانانەی شاعیر و نووسەران دوو سوودی سەرەکی و گەورەی بۆ بەراوردەکار و ئەدەبی بەراوردکاری هەیە :

**یەکەم :**

بەهۆی ئەم قسەیەوە بەراوردکار بۆی دەردەکەوێ کە ئەم شاعیرە کەوتۆتە ژێر کاریگەری فلانە شت ، ئیتر گەڕان و خۆ هیلاك کردن و ڕەمل هاویشتنی بۆ دەگەڕێتەوە ، چونکە زۆر جاری وا هەیە دۆزینەوەی سەرەداوی کارتێکردنی ئەدەبی زۆر سەختە و کەلەفەکەی زۆر ئالۆزە. بۆیە ماندووبوونێکی زۆر و هێنان و بردنێکی ژیرانە و قووڵ بوونەوەیەکی وەستایانەی دەوێ تا قەناعەت پەیدا دەکا ئەم چەشنە کاریگەرە لە گۆڕێدا هەیە . جا دان پێدانانەکەی نووسەر ئەم هەموو ئەرکە بۆ بەراوردکار دەگێڕێتەوە و بڕیارەکەی بە پوختە و تەکوزی دەنێتە دەست •

**دووەم :**

ئەم قسەیەی شاعیرەکە دەیکات ، بەڵگەیەکی بە هێزە و لە هەموو بەڵگەیەکی تر بەهێزترە بۆ هەبوونی کارتێکردنی ئەدەبی . ئەگەر نووسەرەکە یا شاعیرەکە بەم جۆرە ئاشکرایە دان بە سوود وەرگرتن و کاریگەرەکەدا نەهێنێ. ئەوا ئەگەر سوود وەرگرتنەکە وەکو ڕۆژی نیوەڕۆش ڕوون بێ دەبێ بەلگەی مێژوویی هەر بۆ بدۆزێتەوە و هەوڵی سەلماندنی بدات . بەلام کە شاعیرەکە

خۆی دانی پێدا هێنا کەوتۆتە ژێر کاریگەری فلان شتەوە ، ئیدی هەموو گومان و دڕدۆنگ و دوودڵییەك دەڕەوێتەوە و هیچ قسەی لەسەر نامێنێ . جا کەواتە ئەم دان پێدا هێنانە هەنگاوێکی گەورە لە بەردەم بەراوردکاردا کەم دەکاتەوە و ئەرکێکی قورسی لە سەرشان دێنێتە خوارەوە کە ئەویش گەڕانە بە دوای سەلماندنی پەیوەندی مێژوویی و هەبوونی کارتێکردنێکی ئەدەبی ... ئیدی لەم حاڵەتەدا بەراوردکار یەکسەر دەست دەخاتە سەر هەر دوو بەرهەمەکە و بەراوردیان دەکا ، دوای شیکردنەوەشیان ئەنجامی بەراوردەکە دەخاتە بەردەست .

بەم جۆرە دەبینین کە سەرەقەڵەم و ئیشارەتی کاریگەری ئەدەبی، هەرچی بێت و لە هەر شوێنێ بێت ، دەبێ بە هەنگاوی یەکەم لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری ، چونکە یەکەم هەنگاوی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری دۆزینەوەی کاریگەرەکەیە ؛ پاشان سەلماندن و شی کردنەوە و پیشان دانی رووی وەکو یەك و رووی جیاوازی بەرهەمەکان دێ ، خۆ ئەگەر نووسەر خۆی باسی سوود وەرگرتنەکەی کرد بێت ئەوا هەنگاوی دۆزینەوەی سەرەداوی کاریگەرەکە و هەنگاوی سەلماندنی هەبوونی پەیوەندی مێژوییش دەرکەنار دەوەستن و بەراوردکار خۆیان پێوە ماندوو ناکا ...

بەڵام چ ئیشارەت کردن بۆ هەبوونی کاریگەری ئەدەبی بێت و چ دان پێدانانی نووسەرەکە خۆی بێ ، هیچێکیان بەراوردی تەواو زانستی نین . بەڵام حاشای لێ ناکرێ کە ئەم هەوڵانە سەرەتای چاك و روناکن ؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا کاڵ و نەکامڵن لە بواری ئەدەبی بەراوردکاری زانستی ، یاخود دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە شتانە چەند هەنگاوێکن بۆ ساغ کردنەوە و چەسپاندنی کاریگەری ئەدەبی نراون بەڵام بەنیوە چڵی بەجێ ماون و تەواو نەکراون ...



Scanned with CamScanner

## بەراوردی نـازانستی :

بێجگە لەم سەرەقەڵەم و وردە سەرنج و سۆکە تێبینی و ئیشارەتانەی لەسەرەوە باسمان کردن . هەندێ لێکۆڵینەمان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەکەوێتە بەرچاو . کە بریتین لە بەراوردکردنی دوو بەرهەم . بەڵام بەبەر ئەوەی ئەو لێکۆڵینەوانە هەندێ کەم و کورتییان تێدایە و لە هەندێ سیفەتی بنجی ئەدەبی بەراوردکاری زانستی شۆراون . لە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری کوردی دەرچوون . و هەر چەندە بە ڕواڵەت بەراوردیان تێدایە . واتە نووسەر هاتوە دوو بەرهەمی لە بەرانبەر یەك ڕاگرتوە و ویستویە لایەنی وەك یەك و لایەنی جیاوازیان بدۆزێتەوە و وێکچوونەکە بۆ کارتێکردنی ئەدەبێ بباتەوە بەڵام لەبارەی کاتێ و گەوهەری زانستیدا لە ئـەدەبی بەراوردکارییەوە دوورن .. ئەمەش چەند نموونەیێ لەم جۆرە لێکۆڵینەوانە :

ــ علاءالدین سجادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی) دا بەشی کۆتـایی بۆ (ئەدەبی عالەم تەرخان کردوە . ل ٦٢٧ ــ ٦٩٦ . لەم بەشەی کتێبەکەیدا ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەدەبی کۆن و نوێی گەلێ نەتەوەی بێگانەدا بەراورد کردوە . وەکو : (ئەدەبی کوردی و میسری کۆن. ل ٦٢٨). (ئەدەبی کوردی و فارسی کۆن . ٦٤٠) . ( ئەدەبی کوردی و چینی کۆن . ل ٦٥٠) . (ئـەدەبی کوردی و هیندی کۆن . ل ٦٥٣ ) . (ئەدەبی کوردی و عیبری کۆن ل ٦٦٨). (ئەدەبی یۆنانی و کوردی . ل ٦٧٦) . (ئەدەبی ڕۆمانی و کوردی . ل ٦٩٠) .

ئەمانە هەمووی بریتین لە بەراورد کردنی دوو ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی کە سەرنجیان ئەدەبی کوردییە و سەرەکەی تریان بە ئەدەبی بێگانەوە لکاوە . ئەم بەراوردیانە ئەگەرچی ئەوزدایەکی زۆر و تەقەلایەکی دەست پێشکەرین و خۆماندوو کردنێکی زۆری مامۆستا سجادییان پێوە دیارە . بەڵام هێچیکیان [illegible] و کەم و کورتی و ناتەواوییەکی [illegible] لە خانەی ئەدەبی بەراوردکاری زانستیدا

چۆتــه دەرەوە .

ناتەواویّ هەرە گەورە و زلی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەی مامۆستــا سجادیّ لەوەدایە کە ئەو دۆبەرهەمی هێناوە ، یەکێ کوردیّ و یەکێ بێگانە . هەردوکی شیّ کردونەتەوە و لایەنی وێکچوونی پێشان داون ، بەلام ئەوەندە هەیە لە هیچێکیاندا ئەوەی ساغ نەکردۆتەوە یا گوێی بەوە نەداوە کە ئەم دۆ ئەدەبە پەیوەندیّ مێژوییان لە نێودا هەبوە و بیەویّ ئەم پەیوەندییە دیــار بکات و بە بەڵگەش بسەلمێنێ ...

ئێمە ئەوەمان بۆ رون بۆتەوە کە هەر بەراوردێکی ئەدەبیّ لە نێوان دۆ بەرهەمی دۆ نەتەوەی جیاوازدا بکریّ ، ئەگەر بــەراوردکار لــە پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەیدا پەیوەندیّ هەردۆ جەمســەرەکە نەدۆزێتــەوە ، بەڵگەی مێژوییّ بۆ سەلماندنی نەهێنێتەوە ، لێکۆڵینەوەکەی هەر چەندە بە رواڵەتیش بەراورد کردنی تێدا بێ بەلام لە راستەقینە و گەوهەردا لە خانەی بەراوردی زانستیّ دەردەچیّ ئێمە ناڵێین ئەم جۆرە بەراوردانە هەر هیچ سوّدیان نیــە، بەلام دەڵێین بەراوردکاری زانستیّ نین و ئەو سوّدەیان نیە و ئەو ئامــانجە بەرزە ناپێکن کە بەراوردی زانستیّ دەیدا بە دەستەوە ، ئەگەنا بۆی هەیــە بەراوردی وا کە پەیوەندیّ لە نێــوان ئەمســـەر و ئەوســەریدا نــەبێ و بەراوردکاریش مەبەستی ساغ کردنەوەی ئەم پەیوەندە نەبێ ، دەڵێم بــۆی هەیە سوّدی خۆی هەبێ بۆ مشت و ماڵ کردنی چەشە و سەلیقەی ئەدەبیّ و تەقاندنەوەی کارێزی بەهرە و بەرزکردنەوەی رادەی تێ گەیشتنی ئەدەبیّ و جۆری بیرکردنەوەی ئەم دۆ نوسەرە یا ئەو دۆ شــاعیرە و رادەی بەرزیّ و نزمیّ یا پێشکەوتن و پاش کەوتنی بەرهەمە بەراورد کراوەکانیــان لە چــاو یەکتریەوە ، بەلام ئەگەر بێینە سەر بەراوردی زانستیّ دەبینــین ئەم جــۆرە لێکۆڵینەوانە هیچ نرخ و نموّدیان نامێنێ ، چونکە کار و کردەوە و هیوا و ئامانجی ئەدەبی بەراوردکاریّ شیّ کردنــەوەی بزوتنــەوەی کارتێکردنی



Scanned with CamScanner

ئەدەبی و سوود لەیەك وەرگرتن و نوێ بوونەوە و پێشکەوتنی ئەدەبییە . یەك بەراوردێکی زۆر و پەتی •• ئەدەبی بەراوردی زانستی بەراوردەکە بۆ سەرکەوتنی برای ئەدەبی نەتەوایەتی کەی دەستی بە ئەدەبی بێگانە گەیشتوە . و هەڵمژینی ئەو هەوا پاك و خاوێن و باوێنەوە بۆ زاوەنەوەوە و لە کارتەوە چەقیلەی داوەتەوە •••

مامۆستا سجادی لەو بەراوردانەدا کە کردوونی هیچ گوێی بەم پەیوەندییانە نەداوە . نەك هەر گوێی پێ نەداون . بگرە هەبوونی ئەم جۆرە پەیوەندییە مێژووییە کە دوو ئەدەبە بەراوردکراوەکە دەگەیەنێتە یەك . بە لە چ قۆناغێکدا دەرگەو پەنجەرەی بۆ هەوای دەرەوە کردۆتەوە و بە هۆی عەیبێکی گەورە دەزانێ • وا دەزانێ ئەگەر دوو ئەدەب بەراورد بکرێن و پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەبێ . بەراوردەکە زۆر و بێ بەر دەردەچێ . کەچی ئەم رایە و ئەم بیرکردنەوەیە تەواو پێچەوانەی بەراوردی زانستییە •• بەراوردکردنی زۆرت خۆی لە خۆیدا ئامانجی لێکۆڵینەوەکە نییە و هیچ دەرگایەك بۆ بوژانەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی ناکاتەوە . بەڵام بەراوردی زانستی ئەرکی ئەوەیە بزوتنەوەی دان و وەرگرتن بەهێز دەکات و لە جۆگەڵەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو ئەدەبەش رەوتی بزوتنەوەکە بە تەوژم دەکا ••• ئەوەتا رای مامۆستا سجادی ئەوەیە : « بەراورد کردن لە بەینی ئەدەبی دوو قەومدا . مەعنای بەراورد کردنی دوو قەومەکە خۆیانە ••• بەڵێ ! ئەگەر بهێنرێ بەرانبەری ئەدەبی ئێستەی فەرەنسە بکرێت لەگەڵ ئەدەبێکی وەکو چیندا . ئەمە زۆر بێ جێیە . بۆیە بێجێیە چونکە ئەو شاعیرە یا ئەو ئەدیبە کە ئەدەبەکەی ئێستەی فەرەنسە دائەنێ . لەبەر ئەوە ئێستە دەوری خوێندەوارییە و چاپ هەموو شتێکی بلاو کردۆتەوە . کابرای ئەدیبی فەرەنسە ئەدەبەکەی چینی خوێندۆتەوە . ئەگەر شتێکی وەکو ئەوی وت

ئەوە گومانی تێدا نیە کە لەوی وەرگرتوە ..»(٢٢)

واتە کتومت پێچەوانەی بەراوردکاریی زانستی بیردەکاتەوە . لە کاتێکدا کە ئەدەبی بەراوردکاریی هەبونی پەیوەندییەکی مێژوویی سەلماوی نێوان هەردوو ئەدەبەکە بە کۆلەگەیەکی پتەو و هەرە بەتینی لێکۆلینەوە و بەراوردکردنەکە دادەنێ ، مامۆستا سجادیی هەبونی ئەم جۆرە پەیوەندییە بە شتێکی بێ جێبیەدەداتە قەلەم .

ئەمە کەم و کورتیەکی بەراوردەکانی مامۆستا سجادییە ، کە پەیوەندیی بە بون و نەبونی پەیوەندیی ئەدەبییەوە هەیە ، کەم و کورتییەکی‌تری ئەوەیە کە پەیوەندیی بە هەلبژاردنی باس و پرۆگرامی بەراوردەکەوەیە و لەوێشدا بە تەواویی سەرنەکەوتوە .

لە شوێنێکدا دوو ئەفسانە ـ لەگەل ئەفسانەی یۆنانیی و رۆمانی ـ بەراورد دەکا . ئەوەی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا بڕاوەتەوە ئەوەیە کە بەراوردی دوو ئەفسانە ناکەوێتە بەر مەودای بەراوردکاری زانستیی ، بۆ ؟ چونکە راستە ئەم ئەفسانانە زۆر رەگەزی وەکو یەکیان تێدایە و زۆر لایان بە یەك دەچێ و هەندێ جار ئەوەندە لێك نزیك دەبنەوە تەنیا ناوەکان و هەندێ شتی بێ‌بایەخ دەگۆرێ و ئەوەی‌تر هەموی دەق وەکو یەك وایە ، بەلام ئەم لەیەك چونە سەبارەت بەوە نیە یەکێ لەوەی تری وەرگرتوە ، یا سودی لێ‌بینیوە ، تا بەراوردکار بیسەلمێنێ داخۆ کامە لە کامەی وەرگرتوە و چۆنی وەرگرتوە و لە کوێی وەرگرتوە و دەستکارییەکەی بۆ تێدا کراوە ، کە ئەمانە هەموو ئەرکی بەراوردی زانستین ، بەلکو بەیەك چونی ئەفسانەکانی دونیا بۆ ئەوە دەچێتەوە کە ئەفسانە خەونی میللەت و بەرهەمی بیرو لێکدانە و

(٢٢) علاءالدین سجادیی : مێژوی ئەدەبی کوردیی ، چاپی دوەم ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٦٥٣ .



Scanned with CamScanner

روانین و شی کردنەوەی ڕووداوەکانی گەردوونە لەلایەن بیری سادە و ساوای مرۆڤایەتییەوە .. جا لە هەرچی نەتەوە و خاکێك دابێ . بیری سادە و سەرەتایی ئادەمیزاد دیاردە جۆراوجۆرەکانی سروشت و کەون و کۆمەڵ و چارەنووس و بوون و مردن و ئەزەلیات و ئەبەدیات و ڕووداوە زل و مەتەڵەکانی تری بە ئەفسانە و بە پێی لێکدانەوەی خۆی دەربڕیوە. جا کە ئەفسانە بەرهەمی قۆناغی سەرەتایی بیری مرۆڤایەتی بێ . شتێکی زۆر ئاساییە کە هەموو ئەفسانەکانی دونیا بە یەك بچن . یا ڕەگەزی وەکو یەکیان تێدا بێ . چونکە بنیادەم لەم سەرزەمینەدا لە هەر کوێ بێ بەرەوڕووی هەمان نەهامەت و مەرگەسات و کارەساتی گەورە دەبێتەوە و هەمان دیاردەیە مێشکی دەخاتە بیر کردنەوە ، وەکو مردن . بوون . ئاسمان . ئەستێرە . با . باران . چیا . دەریا. بیابان . درەخت . دەعبا ....

مامۆستا سجادی کە داستانەکەی ( فرجیل )ی ڕۆمانی لەگەڵ شیعرە بەهارییەکەی حاجی بەراورد دەکا . خۆیشی لە کارەکەی خۆی بە گومانە و دەڵێ لەوانەیە ئەم کردووەیەم بە کەم و کورتی لێ وەربگیرێ ... بەڵێ ! ڕاست دەکا . گومانەکەی بە جێیە و دەبێتە ڕاستیش و کارەکەیشی لە ڕووی زانستییەوە بە کەموکورتی لێ وەردەگیرێ . چونکە داستانێکی پڕ کوشتن و بڕین و قارەمانێتی و سەرهەڵگرتن و بە هەراوهۆریا و پێکدادانی فرجیل لە کوێ . شیعرێکی وەسفی بەهارانەی حاجی لە کوێ . جگە لەوەش خۆ حاجی نەچووە لە هیچ ڕەگەز و لایەنێکی شیعرەکەیەوە سوود لە داستانەکەی فرجیل وەربگرێ . ئەگەر شتێکی لەو بابەتەی بکردایە و مامۆستا سجادیش لەو ڕوانگەوە بەراوردەکەی دابمەزراندایە . هەڵبەت بەراوردەکەی جێگای خۆی دەکردەوە ...

پێویست ناکا . هەموو بەراوردەکانی مامۆستا سجادی . یەك بە یەك شی بکەینەوە و بیانرخێنین . چونکە ئەو کوم و کورتانەی باسمان کردن

باڵ بەسەر هەمو بەراوردەکاندا دەکێشن ، هۆیەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مامۆستا سجادی خۆی لە بنەڕەتدا بە جۆرێکیتر لە بەراوردی ئەدەبی گەیشتوە کە لەگەڵ ڕەوتی زانستیدا ناگونجێ . خۆ ئەگەر بهاتایە مامۆستا ئەم بەراوردانەی بۆ دۆزینەوەی کارتێکردنی ئەدەبی تەرخان بکردایە ، بە بەڵگە بزوتنەوەی وەرگرتن و بەخشینی بەینی ئەو نەتەوانەی ساغ بکردایەوە، ئەو حەلە لێکۆڵینەوەکانی ڕێژگاوێکی زانستییان دەگرت و لـەم بوارەدا دەست پێشکەری بۆ مامۆستا سجادی دەبو .

ــ د. مارف خەزنەدار ، (لە شاخەکانی کوردستـانەوە بۆ دەشـتەکانی ئۆکرانیا . )[٢٣] ، شیعرێکی (کوردی)ی کوردستان و ( شـێفچینکۆ )ی ئۆکرانیای بەراورد کردوە کە ئـەم دو شـاعیرە یەکەو شیعریان دانـاوە و وەسێتیان بۆ نەتەوەی خۆیان بەجێ هێشتوە و باسی کوڵ و کەسەر و داغ و خەفـەتی دڵی خۆیـان کردوە ؛ پـەرۆشی خۆیـان بەرانبـەر دواکەوتن و ژێردەستەیی وڵاتەکەیان دەربڕیوە ، لە حـەژمەت نیشتمـان و لە شـروێ ڕۆڵەکانی میللەتەکەیان وەزگیان داوە ...

بێگومان ئەم دو شاعیرە ( کوردی و شێفچینکۆ ) ، ئاگاداری یەکتر بونایە ، یا هەر هیچ نەبێ یەکێ بیری نوسـینەوە و بەجێهێشتنی وەسـیەتە شیعرییەکەی لەوەیتر وەربگرتایە و دکتۆریش لە سێرە و نـۆڕینگی ئـەم پەیوەندییە بیڕوانیایە دو شـیعرەکە ، لێکۆڵینەوەکەی باسـێکی زانستی پوختە و ڕوختەی لێدەردەچو ، بەڵام دکتۆر خۆی باس دەکا ئەم دو شاعیرە شتاق سودیان لە شتاق وەرنەگرتوە ( ئەم دوە لە سەردەمێکا ژیاون ، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە هەردوکیان تا مردنیش ناوبانگی یەکتریان

---

(٢٣) د. مارف خەزنەدار : (لە شاخـەکانی کوردستـانەوە بۆ دەشـتەکانی ئۆکرانیا ) . گۆڤاری برایەتی ژ ١٢ ، خ ٢ ، کانـونی دوەمـی ١٩٧١ ، ل ١٥ ــ ١٧ .



Scanned with CamScanner

نەبیستوە . وە لەوانەیە نـاوی نەتەوەی یەکتریشـیان نەزانیبێ ٠٠٠ )[٢٤] کەوابێ مادام ئەم دوو شاعیرە ئاگایان لەیەك نەبوبێ و نـاوی یەکتر و نـاوی نەتەوەی یەکتریان نەزانیبێ ، هیچیان نەکەوتوتە بەرکاریگەری ئەوەی دیکە، هیچیان کەڵکی لەوەی دیکە وەرنەگرتوە ، بۆیە ئەم باسەی دە خەزنەدار لە سنوری زانستی دەردەچێ ، دەبێ بە بەراوردێکی ساکاری روت کە هیچ ئامانجێکی بەرزی بەراوردی زانستی ناهێنێتە دی ٠٠٠

دەمێنێتەوە سـەر شتێکیتر ئەویش ئەوەتا ، زۆر جـار لەیەك چونی زروفی دوو وڵات و بـاری ناهەمواری دوو نەتەوەی سـتەمزەدە و بـاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و چینایەتی و سایکۆلۆژی و تەندروستی دوو نوسـەر دەبن بە هۆی ئەوەوە کە دوو بەرهەمی ئەدەبی ، بە بێ ئەوەی خاوەنەکانیان ئاگاداری یەك بن ، بەیەك بچن ٠٠٠ ئەم بەیەك چونە بۆ ئاگاداربون و سـود بینین ناچێتەوە ، بۆ رێکەوت و رەنگدانەوەی بارێکی وەکو یەك دەچێتەوە ، لێرەدا بـەراورد کردنی روتی نێوان ئەم دوو بـەرهەمە ، مادام پەیوەندی مێژویی و وەرگرتن لە گۆرێدا نیە نابێتە بەراوردی زانستی ٠٠ بە گوێرەی کوردی و شێفچینکۆش ، راستە ( ئەبێ خاکی نیشتمان و دڵسۆزی بەرامبەر هۆز و نەتەوە ، لەگەڵ خوێندەواری و خەیاڵ ئەوەی شاعیران لە سەرچاوەی مرۆڤایەتی هەڵی ئەئێنجن ، ئەڵێم ئەبێ ئەم هەمو جەوهەرانە شاعیرێکی ئـەو خوارەی شاخەکانی زاگرۆسی کوردستان و شـاعیرێکی تری دەشتە پـان و بەرینەکانی ئۆکرانیای لە یەکتری نزیك کردبێتەوە ٠٠٠ )[٢٥] ، چ قەیدیە با ئەم جەوهەرانە لە یـەکی نزیك کردبنەوە ، با نزیکتریشـیان بکاتەوە تـا شیعرەکانیان دەبێتە یەك شت و وەك وەرگێرانی لێدێ ، دیسان ئەم چەشنە بەراوردەی خەزنەدار کردویە هەر سودی نابێ و نابێتە بەراوردێکی زانستی،

---

(٢٤) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٥ .
(٢٥) سەرچاوەی پێشو ، ل ١٥



Scanned with CamScanner

چونکە هیچ شتێکی نوێی تێدا نیە . لە بنەڕەتدا هیچ یەکێ لە دوو شاعیرەکە ــ بە هۆی ئاگاداربوونەوە ــ شتێکی تازەی نەخستوتە ناوەوە ...

راستە . ئەگەر ئەمانە پەیوەندییان هەبوایە و ئاگایان لەیەکتر بوایە و یەکێ ئەم هونەرەی ئەوەی تر وەربگرتایە و بیبردایە ناو ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی ، ئەو حەلە بەراوردەکە دەبوو بە باسێکی زانستی . چونکە ئەمە ئەرکی بەراوردی زانستی و ئەو ئەرك و پەیوەند و ئەنجامە بە هەموو باس و بەراوردێکی رووت و سەرەڕۆ دەستگیر نابێ .

ــ دلشاد مەریوانی . (پێشوازی خاوەن شکۆ و دوو چیرۆکنوس)[26] .

دلشاد چیرۆکی ــ پێشوازی ــ ی محمد موکری و ــ پێشوازی خاوەن شکۆ ــ ی دە مارفی بەرامبەر کردوە . لێرەدا هەقمان بەوەدا نیە داخۆ ئەو بەراوردەی دلشاد بەدەستیەوە گرتوە ، راستە یا نەخێر . خوێنەر کتێبەکە بخوێنێتەوە بۆ خۆی دەگاتە قەناعەتێك . بەڵام ئەوەندەی ئەم بەراوردە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێ و ئێمە مەبەستمان بێ ئاماژەی پێ بدەین داخۆ ئەو لێکۆلینەوەی دلشاد کردوە تا چ ئەندازەیەك دەکەوێتە بەر بەراوردی زانستی .. بێ گومان ئەم بەراوردەی دلشاد لە نێوان دوو بەرهەم کردوە کە دوو کورتە چیرۆکن و دوو نوسەر کە هەردووکیان کوردن.وانە زمانی نوسینەوەی هەر دوو چیرۆکەکە یەکە و ئەدەبەکەش هەریەك ئەدەبە . ئەوانەش کە زمان و ئەدەبی کوردین...تا ئەگەر گریمان ئەم دوو چیرۆکنوسە یەکێ ئاگای لەوەی تر بێ و سوود و ئیلهامیشی لێوەرگرتبێ لێکۆلینەوەکە نابێتە شتێکی زانستی چونکە ئەم چیرۆکانە هەردووکیان کوردین و لاساکردنەوە و ئیلهام وەرگرتنەکە ( ئەگەر هەبێ ) هیچ شتێکی نوێی بۆ کورد و ئەدەبی کوردی زیاد نەکردوە . هەر دوبارە بوونەوەیە و

---

(26) دلشاد مەریوانی ( پێشوازی خاوەن شکۆ و دو چیرۆکنوس) . سلێمانی . ١٩٧٣ .



Scanned with CamScanner

رەنگە ئەم دوبارەبونەوەیە بە شێوەیەکی وشك بێ و رەنگیشە داهێنەرانە بێ ، بەلاَم لە هەردو باردا چونکە زمانی نوسینەوەیان یەکە و سەر بەیەك ئەدەبن باسەکە نابێتە بەراوردێکی زانستی • لە بەشی دوەمی ئەم کتێبەدا قسەیەکی ( دوبیللی )مان هێنایەوە کە بە رەگەزێکی سەرەکی و بنەڕەتی ئەدەبی بەراوردکاری زانستی دادەنرێ (ئەی ئەو کەسەی گەرەکتە زمانەکەت بگەشێتەوە و خۆشت سەر هەلبدەی ، ئەگەر شوێن لاساکردنەوەی نەکامڵ بکەوی ، ئەگەر لاسای نوسەرانی زمانی خۆت بکەیتەوە ، کارەکەت شەت و پەت و بێهودە دەردەچێ ، هیچ خێری لێ نابینرێ ، شتێکی وا پێشکەش زمانەکەت دەکەی کە پێشتر تێیدا هەبوە •• ) جا دیارە لاسای کردنەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی هیچ خێری تێدا نیە ، هیچ شتێکی نوێ ناخاتە سەر سامانی ئەدەبی نەتەوایەتی ، بۆیە ئەو لێکۆڵینەوەیەش کە ئەو جۆرە بەرهەمانە بەراورد بکات خزمەتی گەشەکردنی بزوتنەوەی وەرگرتنی روی هونەری و فکری ئەدەبی بێگانە ناکات و بەشداری بەهێز کردن و پێشخستنی بزوتنەوەی نەش و نماکردن و رسکان و پێگەیشتنی ئەدەبی نەتەوایەتی ناکا بۆیە نابێتە بەراوردێکی زانستی •• بەراوردی زانستی ئامانجی هەرە گەورەی دەوڵەمەند کردن و متوربەکردنی ئەدەبی نەتەوایەتیە ، لە رێگای وەرگرتنی هەوای دەرەوە و هێنانی نمونەی بەرزی ئەدەبیجیهانی ••• بۆیە ئەدەبی بەراوردکاری تەنیا خۆی بە بەراوردکردنی ئەو شتانەوە خەریك دەکا کە سەرێکیان ئەدەبی نەتەوایەتی بێت و سەرەکەیتر ئەدەبی بێگانە بێ ، هیچ خۆی لە قەرەی ئەو بەرهەمانە نادا کە بەیەك زمان نوسرابنەوە ، با ئەو دو بەرهەمە کاریگەریشیان لە نێودا بێ و یەك پەیڕەوی یەکی کرد بێ ، بۆیە باسەکەی کاك دلشاد ، لەبەر ئەوەی بەراوردکردنی دو بەرهەمە کە هەردوکیان کوردین ، بە باسێکی زانستی نادرێتە قەلەم ••

ــ کامل حسن بصیر . ( مرۆڤایەتی لە شیعری کوردیدا )[٢٧] .

مامۆستا کامل لەم وتارە درێژەیدا هەوڵی داوە . بەراوردێك لە نێوان روانینی مرۆڤایەتی سێ شاعیری کورد بکا کە هەریەکە شیعرێکی بە کوردی بۆ گەلێکی چەوساوە و تێکۆشەر و خەباتگێڕ و کۆڵنەدەر نوسیوە . گۆران ــ لاوکی سور ــ ی بۆ کۆریای ئازا دەڵێ . هەژار ــ پەیام بۆ ماو ــ ماو ــ ی پێیە . کامەران بە خەباتی پیاوانەی جەمیلەی جەزایری هەڵدەڵێ .

بێ گومان رەنگە شتی باش بێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی . کە نوسەرێ یا رەخنەگرێ جۆری بیرکردنەوەی دوو یا سێ شاعیر بەرامبەر بە مەسەلەی ناوەوە و دەرەوە بەراورد بکا . بە تایبەتی ئەگەر ئەم سێ شاعیرە هەریەکە هەڵوێستێکی جودای بەرامبەر بە مەســەلەی عادیلانەی نــەتەوە چەوساوە و شۆڕشگێڕەکانی دونیا هەبێ . ئەمە وەکو گوتســان رەنگە بــۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی و دەرخستنی پلەی شــاعیرێتی و جۆری بیرکردنەوەی هەر یەکە لەمانە سوودی هەبێ . بەڵام لەبەر ئەوەی هەرسێکیان بە زمانێك نوسراون کە زمانی کوردییە . ئەگەر سوودیشیان لەیەك وەرگرتبێ بەو سود وەرگرتنە شتێکی تازەیان نەهێناوەتە نــاو ئەدەبی کوردی بۆیــە بەراوردەکە نابێتە بەراوردێکی زانستی .

بەڵێ ! ئەگەر مامۆستا هەوڵی بدایە چۆنیەتی رەنگ دانەوەی خەبات و تێکۆشان و شۆڕشی ئەم میللەتانە لە شیعری کوردیدا رون بکاتەوە . ئەو حەلە باسەکەی دەبوو بە باسێکی زانستی و دەکەوتە بەر ئەو بەشەوە کە بایەخ بە رەنگدانەوەی باری وڵات و میللەتێك دەدا وەك لە ئەدەبی میللەتێکی تردا رەنگ دەداتەوە ...

---

(٢٧) کامل حسن بصیر . (مرۆڤایەتی لە شیعری کوردیدا) . گۆڤاری رۆژی نوێ . ژ ٨ ــ ٩ سالی ١٩٦٠ .

بەڵام باسەکەی مامۆستا کامل بۆ ئەو لایەنە نەچوە . یا مەبەستی ئەم لایەنە نەبوە و مافی خۆی نەداوەتێ •

لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا زۆر وتاری لەم چەشنە بڵاوکراونەتەوە ، کە بریتین لە بەراوردکردنی دوو شاعیری کورد ، راستە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە سوودیان بۆ مێژووی ئەدەبی نەتەوایەتی هەیە ، بەڵام لە خانەی بەراوردی زانستیدا جێگەیان نابێتەوە ••• وا بۆ نموونە ناوی سێ وتار لەم وتارانە باس دەکەین و ئومێدەوارین خوێنەری بەڕێز خۆی ئەوانیتر لە ناو لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبدا دەسنیشان بکات ••

● کریم شارەزا : ( تارمایی شاعیریەتی حاجی قادری کوردی لەناو شیعرەکانی مەلا محمدی کۆیی‌دا ) [٢٨]

● صادق بهاءالدین : ( بیرهاتنا هۆزانڤانێ کوردستانێ بێ‌بەڤل حاجی قادرێ کۆیی نەمر ) [٢٩] •

● رؤوف عثمان : ( دوو شیعر و لێکۆڵینەوەیەك ) [٣٠] ، بەراوردکردنی شیعرێکی سەلام و شیعرێکی گۆرانە کە هەردووکیان شینیانە بۆ کوری کۆچکردوویان گێڕاوە •

**بەراوردی زانستی :**

تا ئێستا هەندێ سەرنجی بەراوردانەی نەکامڵ و هەندێ بەراوردی ئەدەبیسان باس کرد کە لەبەر هەر هۆیەك و کەم و کورتیەك بێ ناکەونە بەر

---

(٢٨) کریم شارەزا : (تارمایی شاعیریەتی حاجی قادری کۆیی لەناو شیعرەکانی مەلا محمدی کۆیی‌دا ) گۆڤاری نوسەری کورد ، ژ ١ سالی ١ ، ١٩٧٠ .

(٢٩) رۆژنامەی هاوکاری : ژ ــ ٢٢ ــ ٩٧١/٧/٣ ، ژ ــ ٢٤ ــ ٩٧١/٧/١٧ ، ژ ــ ٢٥ ــ ٩٧١/٧/٢٤ .

(٣٠) رۆژنامەی هاوکاری ، ژ ٣١٧ . ١٩٧٦/٥/١٣ .



Scanned with CamScanner

ئەدەبی بەراوردکارییــەوە • جا لێــرەدا هەندێ نموونــەی لێکۆڵینــەوەی بەراوردکاریێ دەخەینــە پێشــی چاو کە هەمــوو مەرجێکی بەراوردکارییان لێ‌هاتوتە دی و بە پێــی پرۆگرامێکی زانستانەی رێــك و پێك کراون ، و جێگــەی فیرازی خۆیان بە شانازییەوە لە ئەدەبی بەراوردکاریێ کوردیدا گرتوە ، و بوونەتە بناغە و سەرەتایەکی زانستانەی بە نرخ بۆ داڕشتنی رێرەوی بەراوردکاریێ لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی کوردیدا •

لێرەدا هەندێ لەم نموونانە دەخەینە پێش چاو و هەندێ لایەنیان شــی دەکەینەوە و روە گەش و بە نرخەکانیان پیشان دەدەین :

ــ ئەمین حاجیێ عبداللە ، ( بەراوردێك لــە نێــوان هەڵبەســتێکی پۆشکین و پیرەمێردا ) [31] ، ئــەم وتارەی کاك ئەمین ، ئەگەرچی وتارێکی بچکۆلانەیە ، بەلام تا رادەیەکی زۆر پەیرەوی رێ و شوێنی زانستیێ تێــدا کراوە و هەولێکی زیرەکانەیە بۆ رون کردنەوەی کار تێ‌کردنی ئەدەبیێ •
کاك ئەمین هەڵبەستێکی پیرەمێردی لەگەڵ هەڵبەستێکی پوشکین بەراورد کردوە ، ( بەیانی زستان ــ پوشکین ) و ( بەیانی ــ پیرەمێرد ) ، کە ئەم دوو شیــعرە هەردوکیان بەیەك بۆنــەوە گوتــراون ، ئەویشــی بەفر بارینــە ، هەردوکیشیان باســی یەك شت دەکەن کە وەسفی ســروشتە لە باوەشــی فریشتەی سپیێ بەفردا •

کاك ئەمین یەکەم جار سەرەداوی وێکچوونەکەی دۆزیوەتەوە ، هەندێ روی هونەری و بیروڕا و وەسفی گشتیێ دوو شیعرەکەی وەکو یەك یا لەیەکەوە نزیك بۆ دەرکەوتوە ، ئەمەش وای لێ‌کردوە بە دوای هۆی وێکچــوونەکەدا بگەڕێ ، بەوەندە دڵی ئاوی نەخواردۆتــەوە کە وەکو ئەوانــەی تر بڵێ ،

(31) ئەمین حاجیێ عبداللە : (بەراوردێك لە نێوان هەڵبەستێکی پوشــکین و پیرەمێردا) ، هاوکاریێ ، ژمارەی تایبەتیێ ، ساڵی سێیەم ، 1/1/972 •

وێکچوونی سروشتی هەر دوو وڵات و سروشتی سەخت و شاخاوی و بەفربارین.
حورپەی توسینی ئەم دوو شیعرەی خستۆتە دڵی ئەم دوو شاعیرەوە کە لە دوو وڵاتی لێك دوور و دوو نەتەوەی لێك جیاوازەوە ژیاون ، ئەگەر بەوەندە لێ‌بگەڕایە باسەکەی نەدەبوە باسێکی زانستی ، چونکە وەکو زۆر جارمان گوت و گوتەوە لە روانگەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە کە دوو بەرهەم بەراوردکران گرنگ ئەوەیە پەیوەندییان لە نێواندا بووبێ و یەکێ ئاگای لەوەی‌تر هەبووبێ ، جا کاك ئەمین هۆی وێکچوونی دوو شیعرەکە هەر تەنها بۆ رێکەوت و وێکچوونی باری ژیان و (توارد الخواطر) بەجێ نایەڵێ ، بەڵکو لە پەیوەندی نێوان دوو شاعیرەکە دەگەڕێ ، ویستویەتی بزانێ ئاخۆ پیرەمێرد ئاگاداری پوشکین بوە یان نا ، جا دوای گەڕانێکی باش گەیشتۆتە ئەم قەناعەتە کە پیرەمێرد ئاگاداری شیعرەکەی پوشکین بوە ، بەڵام رەنگە ئەم ئاگادارییە لە رێی زمانی روسییەوە نەبووبێ ، چونکە پیرەمێرد روسی نەزانیوە ، بەڵکو بە هۆی زمانێکی تری وەکو تورکی یا فارسی بووبێ ، پیرەمێرد شیعرەکەی خوێندبێتەوە و بۆ دانانی شیعرەکەی خۆی سوود و ئیلهامی لێ‌وەرگرتبێ ؛ ئەوەتا دەڵێ : « لەوانەشە پیرەمێرد لە پەنجەرەی زمانی تورکییەوە سەیری دیمەنی ئەو هەڵبەستەی پوشکینی کردبێت ، بە وەرگێڕان بۆ تورکی یا فارسی ...» (٣٢) بەڵام باسەکەی کاك ئەمینیش ئەوەی لێ‌دەگیرێ کە هەر تەنها ئیشارەتی بۆ پەیوەندیەکە کردوە ، ئیشارەکەش بە گومان و دڕدۆنگەوەیە (لەوانەشە..) ... لە باتی ئەمە دەبوا بە دوای بەڵگەی پتەوی داڕژاودا بگەڕێ ، تا بەڵگەکەی قایم و مکوم و تەکوزتر بوایە باسەکەی زیاتر بەباری زانستیدا دەشکایەوە و بەرەو پێ‌گەیشتن و تەواوی دەڕۆیشت ..

کاك ئەمین پاش ئەوەی پەنجەی بۆ پەیوەندی ئەدەبی درێژ کردوە و

---

(٣٢) سەرچاوەی پێشوو .

وێکچوونەکەی بۆ ئەوە بردۆتەوە کە پیرەمێرد ئاشنایەتی لەگەڵ شیعرەکەی پوشکیندا هەبوە ، هەردوو هەڵبەستەکەی بەراورد کردوە و زۆر وێنە و دیمەنی وەکو یەکی تێدا دۆزیونەتەوە ، لە هەمان کاتیشدا لایەنی جیاوازی نەخستۆتە پشت گوێ .

ــ د. ئەمین موتابچی : ( شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی ) (٣٣) .

ئەم باسەی د. ئەمین باسێکی زانستی زۆر پوختە و تەمیز و بە کەڵکە ، زۆر زانایانە پرۆگرامی بۆ باسەکەی داناوە و چۆتە ناو جەرگەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەوە ، ئەمەی د. ئەمین ، بە پێی ئاگاداری من ، یەکەم هەوڵی زانستانە و سەربەخۆیە (٣٤) بۆ رون کردنەوەی کارتێکردنی ئەدەبیاتی فارسی لە ئەدەبی کوردیدا ... ئەم باسە وەك لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێ ، باسێکی زۆر فراوانە و گەلێ پەل و پۆی لێ‌دەبێتەوە و خۆتەرخانکردنێکی چاکی دەوێ ، (لەم باسەدا بە ریز باسی چەند شاعیرێك دەکەین کە لە شیعرەکانیاندا کاریگەری شیعری شاعیرە فارسەکانی تێدا دیارە ، کەم یا زۆر ، هەروەها باسی ئەو شاعیرانەش کە جگە لەوەی پێڕەوی شێوەی شاعیرێك وەیا چەند شاعیرێکی فارسی کردوە بە فارسیش شیعری وتوە و تێیدا سەرکەوتوە ، زۆر جاریش شاعیرە کوردەکە ویستویەتی کە وەستایی و شارەزایی خۆی دەربخا و خۆی لە شاعیرە فارسەکە بە کەمتر نەزانیوە ، هێناویەتی لە هەمان بابەت و بە هەمان شێوە لاسایی و پەیڕەوی ئەوی کردۆتەوە ...) (٣٥) :

---

(٣٣) د. ئەمین موتابچی : « شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی » ، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات ، ژ ١٦ ، سالی ١٩٧٣ ، ل ٥ ــ ٢٨ .

(٣٤) رەنگە هەندێ هەولی‌تر لێرە و لەوێ ، لەناو کتێب و گۆڤارەکان درابێ ، بەلام زۆربەیان ئیوەچلن و وەکو بابەتێکی سەربەخۆ بۆ بەراورد تەرخان نەکراون .

(٣٥) سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥ .

ئەمە دۆزینەوە و دەست نیشان کردنی مۆرك و شەقلی کارتێ کردنەکەیە. و بەگوێرەی کاریگەرێ نێوان ئەدەبی فارسێ و کوردێ زۆر چاك دیـارە و ماندوو بوونی پێ ناوێ ... بەڵام سەرەڕای ئەمەش دکتۆر رێچکەی زانستێ خۆی بەرنادا و باسی هۆیەکانی تێکەڵاو بوون و لێك وەرگرتنی ئـەدەبی کوردێ و فارسێ دەکا ، زۆر بەڵـگەی زیندووی بۆ ئـەم کاریـگەرە بـە دەستەوەیە وەکو :

خوێندنی فارسێ لە حوجرەکانی کوردستان باو بوە ، شاعیرانی ئـەو سای کورد زۆربەیان مەلابوون و شیعری فارسییان لەبەر بو ، بگرە زۆربەیان شیعریان بە فارسێ داناوە و شیعری بەرزیش ، هەندێ جاریش شیعری فارسییان لەگەڵ شیعری خۆیان تیهەڵکێش کردوە ، یـا کردوویانەتە پێنـج خشتەکێ ، یان بەرهەمی ئەدەبی فارسیان کردۆتەوە کوردێ .. دە ئەمـانە و گەلێ هۆی تریش باس دەکا بۆ ساغ کردنەوە و سەلماندنی ئەو پەیوەندێ و بەندیوارەی لە نێو ئەدەبی کوردێ و فارسێدا بوە ...

ئینجا پاش ئەم پێشەکییە بە سوودە کە بۆ دەستنیشـانی کاریگەرەکە و سـاغ کردنەوەی بە بەڵگەوە تەرخانی کردوە ، دێ هەر شاعیرێك لـەگەڵ شاعیرێکی‌تر بەراورد دەکا ، واتە ئەوەی کە سوودی لێ وەرگرتوە و مۆرکی ئەوی پێوە دیارە ، لەوێشـدا یەك یەك بەڵـگەی پەیوەنـدێ نێوانیـان دەدۆزێتـەوە .

دکتۆر ، لەم وتارەیدا ویستویە مەلای جەزیرێ و حـافزی شـیرازێ بەراورد بکا ، بەڵام تەنگێ جێگا و کورتێ دەرفەت ریگەیان نەداوە تەنانەت ئەم تاکە بەراوردەش تەواو بکا ؛ بۆیە باسەکەی پچڕیوە و بۆ دەرفەتێـکی هەڵگرتوە . دەڵێ : «لە بەشەکانی داهاتوی ئەم باسەدا باسی مەلا و حـافظ تەواو دەکەین و ئنجا دێینە سەر مەلای جەزیرێ و مەولانا جامێ و ئنجا دوای



Scanned with CamScanner

ئەمیش مەلا و سەعدیێ شیرازیێ ، وە لە دواییدا باسی مــەلا و (مەولەویێ ــ جەلالەدینی رۆمی) دەکەین ...» [٣٦] ، بەلام وەکو من ئاگادار بم دکتــۆر ئەمین تا ئێستا دەستی بۆ بلاوکردنەوەی باسەکە نەبردوە ، ئەگەر بێت و دکتۆر ئەو پرۆگرامەی بۆ بەراوردەکەی خۆی دایناوە تەواوی بکات و هەمو ئــەم شاعیرانە بەراورد بکات کە ناوی هێناون [٣٧]، بێ گومان خزمەتێکی زۆر گەورە بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیێ بە گشتیێ و ئەدەبی بەراوردکاریێ ساواش بەتایبەتیێ ، دەگەیەنێ ، چونکە لێکۆڵینــەوەی بــەراوردکاریێ وا فراوان و زانستیێ لە ئەدەبی کوردیدا هێشتا نەکراوە ...

ــ ساڵی ١٩٧٣ رۆداوێکی گەورەی زانســتیێ لە فەڕەنگستان هــاتە پێشەوە کە بە شێوەیەکی گشتیێ قازانجێــکی زۆری بۆ مەســەلەی کورد و رۆشنبیریێ کوردیێ و ئەدەب و مێژوی کورد ، و بە شێوەیەکی تایبەتیش بــۆ

---

(٣٦) سەرچاوەی پێشو ، ل ٢٦ .

(٣٧) د. ئەمــین ناوی هەندێ شــاعیری کورد و فارســی لــە وتارەکەیــدا هێناوە کە بە تەمــایە بەراوردیان بکا و کاریگەریێ شاعیرە فارسەکان لــە شاعیرە کوردەکان رون بکاتەوە ، وا بە چاك دەزانم لێرەدا ناویان بێنم :

١ ــ شێخ ئەحمەدی جەزیریێ و حافظی شــیرازیێ و مــەولانا جــامیێ ، جەلالەدین رۆمیێ و سەعدیێ شیرازیێ .

٢ ــ ئەحمەدی خانیێ و (نیزامیێ گەنجەویێ و مەولانا جامیێ) .

٣ ــ سالم و حافظی شیرازیێ .

٤ ــ مەولەویێ و (حافظی شیرازیێ و جەلالەدین رۆمیێ) .

٥ ــ فایەق (حاجیێ مەلاوەسمان) و (حافظی شــیرازیێ و جــەلالەدیــر رۆمیێ و مەولانا جامیێ ) .

٦ ــ ئەمین یومنی و حافظی شیرازیێ .

٧ ــ مەحویێ و ( شێوەی هیندیێ و کەلیم و صائب ) .

٨ ــ شێخ رەزا و ( قائانیێ و تا رادەیێك عوبێدی زاکانیێ ) .

٩ ــ پیرەمێرد و (سەعدیێ شیرازیێ و ناصر خوسرەو ، جگە لە شــاعیرانی دەوری مەشروتیەت ) .

١٠ــ بێخود و ( کەلیم و بێدڵ و صائب ) .



Scanned with CamScanner

ئەدەبی بەراوردکاریێ کوردێ هەبوو • ئەویش کۆنگرەی بیست و نۆیەمی ڕۆژهەڵاتناسی جیهان بوو [38] •

ئەم کۆڕە لە پاریسدا گیرا و هەندێ دکتۆر و پسپۆڕ و زانای کورد بەشداریان تێدا کرد [39] ، زۆر باس و لێکۆڵینەوەی بەکەڵکیان پێشکەش کرد ، لەم کۆنگرەیەدا د• ئیحسان فوئاد و د• محمد محمد عارف دوو لێکۆڵینەوەی بە نرخ و زانستانەی بەراوردکارییان پێشکەش کرد •

باسەکەی د• ئیحسان بە ناوی «کارکردنی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لەسەر پەرەسەندنی پەخشانی کوردێ» [40] بوو ، دکتۆر باسی ئەوە دەکا چۆن ئەدەبی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێ یا لابەلا بە هۆی زمان و ئەدەبی تورکێ و عەرەبێ و فارسێ کاری لە ئەدەبی کوردێ کردووە• دەورێکی زۆری گێڕاوە لە پەرەپێدانی نوسینی پەخشان و چیرۆکی نوێی کوردێ لە چلەکانی ئەم سەدەیەدا ••• ئەم باسە کە باسێکی زانستێ بەهێزە و بە پێی پرۆگرامێکی ڕێکوپێک کراوە ، نرخێکی زۆری هەیە بۆ ڕونکردنەوەی کاریگەریێ ئەدەبی بێگانە ، بەتایبەتێ ڕۆژئاوا لە پەرەپێدانی پەخشان و

---

(38) ئەم کۆنگرەیە لە 16 ــ 973/6/22 ، دا لە پاریس گیرا و لەم کۆنگرەیەدا بایەخێکی زۆر بە کورد و لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیریێ کوردەوە درا .

(39) ئەو کوردانەی بەشداری کۆنگرەکەیان کرد ئەمانە بوون : د. محمد نوریێ عارف ، عیسمەت شەریف وانلێ ، هەژار موکریانێ ، د. کمال مظهر احمد ، د. نسرین فخریێ ، شفیق توفیق قزاز .

(40) حمید عزیز : «د. ئیحسان فوئاد دەربارەی کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتناسانی جیهان بۆ هاوکاریێ ئەدوێ» هاوکاریێ ، ژ 179 ، 1973/8/10 . بەڵام دکتۆر ئیحسان تا ئێستا ئەم باسەی لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامە ، یا هیچ کتێبێ بە کوردی بڵاونەکردۆتەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد سوودی لێوەربگرن ... وا بزانم خراپ نیە ئەگەر دکتۆر باسەکە ، یا هەر هیچ نەبێ پوختەی باسەکە ، بکاتە کوردی و لە گۆڤارێکدا بڵاوی بکاتەوە هەر وەکو د. محمد محمد عارف بۆ باسەکەی خۆی کردوویە و لە گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیاتدا بڵاوی کردۆتەوە .

چیرۆکی کوردیــدا •

باسەکەی د• محمد محمد عارف لە بارەی (تەئسیری زمان و ئــەدەبی فارسیێ لە سەر ئەدەبی کوردیێ)[41] بۆ ، ئەم باسەش هەوڵێکی تری بە نرخ و زانستانەیە بۆ رون کردنەوەی کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسیێ لە زمان و ئەدەبی کوردیدا ، ئەم کاریگەرەی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش کردوە ، قۆناغی یەکەم : لە کۆنەوە تا روخانی دەوڵەتی عوسمانیێ و دامەزرانی دەوڵەتی عیراق• قۆنــاغی دوەم : لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە تا ئەمڕۆ • لە هەر یەکێ لەم دوو قۆناغەدا پەیوەندیێ ئەدەبی کوردیێ و فارسیێ بە بەڵگە دەســەلمێنێ و پێکەوە بەراوردیان دەکات و سەرەنجامێکی بەکەڵك دەداتە دەست •

— عومەر مارف بەرزنجی : «گۆران و ئەدەبی ئینگلیزیێ » [42] •

ئەم باسەی کە کاك عومەر لە بارەی گۆران و ئــەدەبی ئینگلیزییــەوە نوسیویە ، هەر چەندە شتێکی نوێی تێدا نیە و ئەو شتانەی ئەو باسی کردوون زۆر جار نوسەر و رەخنەگرەکانمان لە وتار و لێکۆڵینەوەکانیان ئیشارەتیان بۆ کردوون ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گرنگیێ باسەکەی کاك عومەر لەوەدایــە کە رێچکەیەکی زانستیێ گرتوە و بەپێی پرۆگرامێك لێکۆڵینەوەکەی کردوە و وتارەکەیشی تایبەتیە بە بەراورد کردنەوە و بەر ئەو بەشــە دەکەوێ کە پێی دەگوترێ ( کاریگەری سەراپای ئەدەبی نەتــەوەیەك لە تاقە نوســەرێکی نەتەوەیەکیتر • بەشی پێنجەم — ٦ —٠) ، هەرچەندە کــاك مــارف هەمــو سەرچاوەکانی رۆشنبیریێ گۆرانی باس نەکردوە ، گۆران سودی لە ئەدەبی تورکیێ و عارەبیێ و فارسیێ و ئینگلیزیێ وەرگرتوە ، بەڵام کاك مارف لــەم

(٤١) د. محمد محمد عارف : «تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسیێ لە سەر ئەدەبی کوردیێ» ، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات ، ژ ١٨ ، ١٩٧٤ ، ل ٧٢—٩٢ .

(٤٢) عومەر مارف بەرزنجی : «گۆران و ئەدەبی ئینگلیزیێ» ، گۆڤاری رۆژی کوردستان ، ژ ٤٢ ، تشرین دوەمی ١٩٧٦ .



Scanned with CamScanner

وتاره بچکۆلەیدا تەنیا چمکێکی سەرچاوەی ڕۆشنبیریٚ گۆرانی وەرگرتوە کە ئەویش ئەدەبی ئینگلیزییە .. ئەگەر بهاتایە باسەکەی فراوان بکردایە و هەمۆ چسکەکانی تریشی بگرتایەوە وتارەکە نرخێکی زۆری دەبۆ ... بەڵام بۆ ئەمەش کە کردۆیە ، شتێکی خراپ نیە و هەوڵێکی زانستانەیە لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریٚ و باسێکی بە کەڵکە ، بەتایبەتیٚ کە پاش ئیشارەت کردن بۆ کاریگەریٚ ئەدەبی ئینگلیزیٚ لە گۆران و سەلماندنی ئەو پەیوەندیٚ و کاریگەریٚ بە بەڵگەی پتەو ، هاتوە هەندیٚ نمونەی شیعری گۆران و شاعیرە ئینگلیزەکانی بەراورد کردوە و رادەی کارتیٚکردنەکەی دەرخستوە ...

**بە کورتی :**

لەم هەڵسەنگاندنە خێرا و سەر پێیەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەویٚ ، کە ئەدەبی بەراوردکاریٚ لە کوردیدا هێشتا لە دارەدارە و گاگۆڵە و گزوگاڵدایە ، ئەو هەولانەی دراون زۆربەیان شەت و پەت و پچڕ و پچڕ و بیٚ ئایدە و فایدەن، تەنیا چەند باسێکی کەم نەبیٚ کە ئەوانیش ژمارەیان ناگاتە ژمارەی پەنجەی دەست، دەنا ئەوانەی تر هیچێکیان پرۆگرامێکی زانستییان نەگرتۆتەبەر و بە بەرچاو ڕۆنییەوە شاقاو ناوێن ...مانای وایە ئەدەبی کوردیٚ لەم بوارەدا هێشتا تازە لە سەرەتای ڕێگادایە و خزمەتێکی وای نەکراوە شایەنی خۆی بێت . وا چاکە نۆسەرانی کورد لایەکیش لەم لقە گرنگەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیٚ بدەنەوە و جێگایەکی لە نۆسین و تەقەلای خۆیان بۆ تەرخان بکەن . بەتایبەتیٚ کە ئێستا ئەدەبی کوردیش وەکو هەمۆ ئەدەبەکانیتر دەرگای دڵی خۆی کردۆتەوە و لە هەمۆ لایەکەوە پلۆسکی ئەدەبی جیهانیٚ بەسەردا دەرژیٚ و هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە داویٚ و شتی نویٚ دێنێتەکایەوە ...

## باسێکی تر :

# ئەدەبی گشتێ

ئەدەبی گشتێ بریتیە لە فراوان بونەوەی بازنە و چەمبەری لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریێ ، بۆیە بەبێ شارەزا بونی ئەدەبی بەراوردکاریێ ناتوانین تخونی ئەدەبی گشتێ بکەوین ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە هەر کەسێ باسی ئەدەبی بەراوردکاریێ کردبێ و بیکا ، خۆشی بێ و ترشی بێ ، باسەکەی لە ئەنجامدا سەر بۆ باس کردنی ئەدەبی گشتێ دەکێشێ ، و لە کۆتاییدا بەشێك بۆ ئەدەبی گشتێ تەرخان دەکا و ئێمەش نەمانویست لێرەدا پشت گوێی بخەین .

پەیدا بونی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گشتێ بە شێوەیەکی تێکڕایێ بۆ هەندێ سەبارەت دەچێتەوە ، پەنجە بۆ هەندێکیان درێژ دەکەین :

١ـ پەیدا بونی ئارەزوی نوسینەوەی ئەدەبی جیهانی لەلای هەندێ زانا و مێژونوسی ئەدەبەوە ، ئەم کارەش کارێکی گەورەیە و ماندوبونێکی زۆری گەرەکە و ئاگادارییەکی گەلێ زۆری دەوێ لەبارەی ئەدەبی هەمو نەتەوەکانی سەر روی زەوی ، ئاگادار بون و نوسینەوەی ئەدەبی ئەم نەتەوە زۆرانەش بەراوردکردن و شیکردنەوەی کارتێکردنی ئەدەبێ و گۆڕان و گەشەسەندنی ئەو ئەدەبانەی بەدەمەوەیە .



Scanned with CamScanner

٢ــ لەگەڵ پەیدا بوون و پەرەسەندنی ئەدەبی بەراوردکاریدا. لقەکانی تری زانیاری و ئەدەبی و مرۆڤایەتی دەروازەیەکی والآیان بۆ کەوتە سەر گازی پشت • زۆر باس و لێکۆڵینەوە و ڕێبازی نوێ هاتنــەوە پێشــەوە ، وەکو مێژووی ئەدەبی گشتی ، فەلسەفەی ئەدەب ، ئەدەب و جۆرەکانی ئــەدەب ، ئەدەب و ڕەگەزەکانی ئەدەب ••• جا ساغ کردنەوەی ئــەم هەمــوو شتــانە گەڕانێکی زۆری دەوێ بەناو بنج و بناوانی ئەدەبی ئەم هەموو نەتەوە جۆرا و جۆرانەی ئەو باسەیان تێدا هەبوە ، بەمەوەش مەودای ئەدەبی بەراوردکاری لەوە دەرچوو کە تەنیا بەراوردکردنی دوو بەرهەم یا دوو نووسەر بێ . بەو ڕادەیە گەیشت کە کۆمەڵە بەرهەمێك یا بەرهەمێك لەلای زۆر نەتەوەی جیاوازەوە وەربگرێ و بەراوردیان بکات ، بەمەوەش لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری پەلی لە خۆی هاویشت و دونیایەکی فراوانتری داگیرکرد و بوو بە لقێکی تایبەتی و سەربەخۆی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی •

٣ــ لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا. هەندێ باس لەوە دەرچوون کە بە بەراوردکردنی دوو بەرهەم یا دوو نووسەر یا بەرهەمی دوو نەتەوە ســاغ بنەوە ، ئیدی بۆ ساغ کردنەوەی ئەم باسانە بەراوردکار ناچار بــوو پەنــا بەرێتە بەر نەتەوەکانی تر ، بەمەوەش ئەدەبی بەراوردکاری دەســتی دوورتر ڕۆیشت و ئەدەبی گشــتی بنجی داکوتــا و چەســپا • ئەو لێکۆڵینــەوانە وەکو تۆڕ بڵاو دەبنەوە و ماسی زۆر جۆگەڵە و ڕوباریان دێتەوە ناو ••

بێ گومان ئەرك و پەیام و کردەوەی ئەدەبی گشتی هەروەکو ئەدەبــی بەراوردکاری لێك نزیك کردنەوەی بیروڕا و هەست و نەســت و ســۆز و گوداز و فەلسەفەی ئەدەبی نەتەوە جۆر بە جۆرەکانی دونیایە . پتەوکردنی پەیوەندی گیانی بە گیانی دۆستانە و مرۆڤانەی ئەو نەتەوانەیە . سڕینــەوەی ماك و مۆرکی ڕەگەزپەرستی و ڕکنی و لەجــەڕی و خــۆ بە زل زانــین و

کەپۆبلندییە ؛ چونکە دەبێ هەمو نەتەوەکانی سەر رۆی زەوی نرخی خۆیان و بەرهەمی نەتەوایەتی و رەسەنی خۆیان لابێ ، و لە هەمان کاتیشدا نرخی خەڵك و ئەدەبی خەلکیش بزانن • خۆیان و ئەدەبی خۆیان پێ‌لە خەڵك و ئەدەبی خەڵك گەورەتر و بێ‌گەردتر نەبێ ، لە هەمان‌کاتیشدا هەست بە کەم و کورتی نەکەن بەرامبەر بە ئەدەب و نوسەرانی جیهان و بەرامبەر بە ئەدەبی جیهانی ••• بۆیە وا چاکە هەمو لا بۆ هێنانە دی ئەدەبێکی بەرز و نەمری مرۆڤایەتی تێ‌بکۆشین ، پێویستە (هاوکاری لەگەڵ هەمو لایەنێك بکەین بۆ ئەوەی بەرەو مرۆڤایەتییەکی وا بچین کە ریزی نەتەوایەتیمان بگرێ و نرخی کەلەپورمان بزانێ و ئاڵاهەڵگرەکانی لە خورتی و سەرکێشی و رەگەزپەرستی بپارێزێ • با لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری و گشتی بکەین بە تاقی‌کردنەوەیەکی مرۆڤایەتی و پسپۆڕییەکی بەرگوشاد و پەند و ئامۆژگاری و سەرمەشقێکی مێژوویی ••• ) (١) •

ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبی گشتی، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا جیاوازییان هەیە و با کەمێکیش بێ ، بەلاّم زۆر جار سنوریان لێك نزیك دەبێتەوە ، هەر ئەوەتا نابن بە یەك •

ئەدەبی بەراوردکاری بە زۆری لە کارتێ‌کردنی دو نوسەر یا دو بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە (٢)، کەچی لە ئەدەبی گشتیدا ئەم مەیدانە دو باس یا دو

---

(١) ریمون طحان : «الادب المقارن والادب العام» بیروت ، ٩٧٤ ، ل ١٣٠ .

(٢) بۆ لێك‌کردنەوەی ئەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبی گشتی لەبارەی ژمارەی ئەو نەتەوانەی ، یا ئەو ئەدەبانەی ، بەراوردەکەیان لەنێودا دەکرێ ، دو را هەن :

یەکەم : ئەوەیە کە دەڵێ هەر بەراوردکردنێ لە نێو دو ئەدەبدا بکرێ ئەدەبی بەراوردکاریە و هەر کاتێ لەو دو ئەدەبە زەت بو ، بو بە سێ ئەدەب و زیاتر بەراوردکارەکە بۆ ناوچەی ئەدەبی گشتی دەپەڕێتەوە و لە سنوری ئەدەبی بەراوردکاریدا نامێنێ .



Scanned with CamScanner

نەتەوە پتر دەگرێتـــەوە •

ئەدەبی بـــەراوردکاریێ دوو جەمســـەری هەیـــە ، یەکێـــکی ئـــەدەبی نەتەوایەتییە و ئەوەیتر ئەدەبێکی بێگانەیە ، پەیامی ئەوەیە کە کارتێکردنی ئەم دوسەرە رۆن دەکاتەوە ، بە تایبەتێ لە روانگەی سوود وەرگرتنی ئەدەبی نەتەوایەتێ دەڕوانێتە پەیوەندێ نێوان دوو جەمســـەرەکەوە ، کەچی ئەدەبی گشتێ وا نیە ، لە تخوبی ئەدەبی نەتـــەوایەتیدا دەپەڕێتـــەوە ، بایـــەخ بـــە لێکۆڵینەوەی پەیوەندێ و کاریگەری ئەدەبێ نێوان کۆمەڵە نەتەوەیەکی جیهان دەدات ، جا ئەو ئەدەبانە ئەدەبی نەتەوایەتییان تێدا بێ ، یـــان تێیاندا نـــەبێ گرنگ نیە ، گرنگ ئەوەیە ئەو نەتەوانەی ئەو باسی ئەدەبەکانیـــان دەکات پەیوەندێ و ئالوگۆڕ و دان و وەرگرتنیان لە بەیندا هەبێ ، جا ئەدەبی جیهانێ دەکەوێتە شوێن ئەو روانەی لە ئەدەبی نەتەوەکاندا وێك دەچـــن ، بۆ ئەوەی بە بەڵگە و سۆراغی مێژوویێ هەموویان بگەیەنێتەوە یەك و کۆشکێکی بەرزی داهێنەرانەی وا بۆ ئەدەبی مرۆڤایەتێ بنیات بنێ کە هەموو شاعیر و نوسەرانی دونیا کەرپوچی خۆیان هاویشتبێتە سەر و بە زمانی نەتەوایەتێ خۆیان و یردی مرۆڤایەتێ تێدا بخوێنن و داب و نەریتی ئەدەبێ تێدا بەجێ بگەیەنن •••

مەیدانێ گرنگ و فراوانی ئەدەبی گشتیمان لە قسەی ڤان تیگمەوە بۆ دەردەکەوێ کە دەڵێ ئەدەبی گشتێ بریتیە لە (ئەو بیر و هەست و راستەقینە گشتیانەی پیاو بە سەرنجدانە یەك ئەدەب تێیان ناگا ، تا لە گەڵێ ئـــەدەبدا

---

دوەم : ئەوەیە کە دەڵێ ، بەراوردکردن تا سێ نەتەوەش هەر ئەدەبی بەراوردکارییە ، کەی لە سێ نەتەوە پەڕیەوە ئـــەو مەلە دەبێتە ئەدەبی گشتێ .

دیارە ئێمەشـــ ڕامان لەگەڵ ڕای یەکەمدایە ؛ بۆیـــە دوو ئەدەبمان بۆ جیاکردنەوەی ئـــەدەبی بەراوردکاری و ئەدەبی گشتێ دەست نیشـــان کردوە .



Scanned with CamScanner

لێیان نەکۆڵێتەوە لە بنەچەك و رسکان و پێشکەوتنیان ناگات ...)[٣] بۆیە «ئەرکی ئەدەبی گشتی لە ئەدەبی بەراوردکاری گەورەتر و فراوانترە . هەر بۆیەشە ئەدەبی گشتی لە سنوری ئەدەبی بەراوردکاری دەپەڕێتەوە . لە کاتێك کە ئەدەبی بەراوردکاری بایەخ بە کارتێکردنی دیار و بەرچاو دەدا و خۆی لەو شتانە پشتەڕێ دەکا کە پێناچێ بکەونە بەر هیچ کاریگەرێکەوە . جا دۆزینەوەی کاریگەرەکە چ لەبەر گرانی دۆزینەوەی پەیوەندی مێژوویی و غەیری مێژوویی بێت . و چ لەبەر کەمی ئەزموون و تاقیکردنەوە بێ . ئەدەبی گشتی دۆزینەوە و دەرهێنانی لایەنی وێکچووی ئەدەبی زۆر وڵاتی جۆر بە جۆر پێشان دەدا ، ساغ کردنەوەی کاریگەری دووریش بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ . هەوڵ دەدا ئەم چەشنە وێکچوونانە بۆ سەبارەتی هاوبەش بباتەوە ... »[٤] بۆ ئەم مەبەستەش . ئەدەبی گشتی . کەرستەکانی لە ناو شتی وا دەردێنێ کە پەیوەندییە دوور و نەدیوەکەی بۆ ساغ بێتەوە ، کەرستەی وا سادە و ساکار و بێ نسوود کە ئەدەبی بەراوردکاری و تەنانەت ئەدەبی نەتەوایەتیش ئاوڕێکی وایان لێنەداوەتەوە . «ئەدەب و نووسەری پلە دوو کە ئەدەبی نەتەوایەتی و ئەدەبی بەراوردکاری بایەخی ئەوتۆیان پێنادەن ، لە ئەدەبی گشتیدا جێگای زۆر بەرزیان هەیە . چونکە هەندێکیان ، بە تایبەتی ئەوانەی بە زەحمەت نەبێ جێگەیان لە ئەدەبی نەتەوایەتیدا نەبۆتەوە . ئەمانەن کە تا رادەیەکی زۆر کەوتوونەتە بەر کاریگەری مۆدیلی ئەدەبیاتی بێگانە و هیچ داهێنانی رەسەنیان تێدا نیە ، ئەمەش بەڵگەیەکی باشە بۆ سەلماندنی کارتێکردنی ئەدەبی ئەو سەردەمەی کە ئەوانەی تێدا ژیاوە ، چونکە نووسەری بەهرەمەند و لێهاتوو ، بە زەحمەت کاریگەری ئەدەبی پێوە دەبینرێ ، بۆیەش پێیەوە نابینرێ چونکە ئەو شتەی کە وەری دەگرێ زۆر

(٣) د. محمد غنيمي هلال : ( الأدب المقارن ) القاهرة . ١٩٧٣ ، ل ٤٠٤ .
(٤) ڤان تيگم ؛ « الأدب المقارن » ترجمة مصباح الحسامي ، بيروت ، ١٩٧٤ ، ل ١٥٤ .



Scanned with CamScanner

جاك دەیگوشێ و دەیهڕێ و هەزمی دەکا ، وای لێ دەکا نەناسرێتەوە ، کەچی تۆسەری نزم و بێ دەسەڵات خۆی لە دەست کاریگەری ئەدەبی بێگانە بێ زگار ناکرێ ، مۆرکی کاریگەرەکەی زەق پێوە دیارە ••• » (٥) •

جا دیارە کە کاریگەری ئەدەبێ لەناو هەمۆ نەتەوەکانی سەر رۆی زەوی هاتوچۆ دەکا و هیچ لەمپەر و کۆسپە و ناوبڕە نایگێرێتەوە (نەتەوەکانی پێشان و ئەوانەی ئێستاش ، یاساو رۆشنبیریێ وەکو کەرستە و تاقیکردنەوە ئالوگۆڕ دەکەن ، بگرە زانست خۆی لە ولاتێکەوە دەچێتە ولاتێکی تر ، لەناو گەلێکەوە دەکەوێتە ناو گەلێکیتر ، وەکو هەور و با هیچ لەمپەرێ رەتی ناکاتەوە و هیچ پەردەیێ بەرپەرچی ناداتەوە •••) (٦) جا کە کاریگەرەکە وا بەربلاو و فراوان بێ دیارە دەبێ لێکۆڵینەوەی کاریگەرەکەش ئاوا فراوان و بەرگوشاد و کراوە بێ ، ئەدەبی گشتێ فڕۆکەواتێکە و بە ئاسمانی ئازادێ مرۆڤایەتیدا دەسوڕێتەوە ، بە وەختێکی زۆر کەم ماوەیەکی دۆر و درێژ تەی دەکا ، هەمۆ دونیای دەکەوێتە بەر هەودای نەزەر و چاوی لە هەمۆ بزۆتنەوەیەکی نێو نەتەوەکانی دونیادا دەبێ و پێشانیان دەدا •

ئەمە لە بارەی مەیدان و سنوری ئەدەبی گشتێ ، ئێستا با نەختێ لەو باسانە بدوێین کە ئەدەبی گشتێ لێیان دەکۆڵێتەوە، لەم باسانە وەکو نمۆنەی Type بەشەرێ و ئەفسانەیێ ، بەڵام نەك تەنیا لەلای دۆ نەتەوەوە وەکو ئەدەبی بەراوردکاریێ دەیکا ، بەڵکو لەلای زۆر نەتەوە و گەلێ تۆسەردا •

با کلیوپاترە وەربگرین ، زۆر تۆسەری رۆژئاوایێ کلیوپاترەیان کردۆتە کەرەستەی ئەدەبی ، بەڵام هەریەکە لە نوختەی روانینی خۆیەوە بۆی

---

(٥) سەرچاوەی پێشۆ ، ل ١٥٧ •
(٦) د. احمد محمد الحوفي : « تيارات ثقافية بين العرب والفرس » القاهرة ، ١٩٦٨ ، ل ٢٩٦ •



Scanned with CamScanner

چوە . بە پێی بـاوەڕی خـۆی دایڕشـتۆتەوە ، هـەر لە (گۆدل)ەوە کە (کلیوپاترەی یەخسیر)ی دانا ، تا (سامۆیل دانیال)ی ئینگلیزی کە شانۆگەری (کلیوپاترە)ی نوسی ، و تا (شـەکسپیر) لە (ئەنتۆنیۆو کلیوپـاترە) بـالی پێ گرت ، ئینجا نوسەر و شاعیرانی‌تری وەکو جۆن درایـدن ، برنـادشۆ ، لاشابل ، مارمو نتیل ، ئەسکەندەر سۆمێ ، جیراردن ، شەوقی ...

یا وەکو تراژیدیای (ئۆدیب) کە یەکەم کەس سۆفۆکلیس دانـاوە و کێشەی توندی نێوان ویستی بنیادەم و قەدەری لە نێو چەوان نـوسراوی پێشان دەدا ، پاش سۆفۆکلیس یوریبیدیس و ئەسخیلۆس باسـیان کردوە . هەر لەوانەوە تا سنیکا و ئەندریـە جید و توفیـق الحکیم ، نزیکەی (٣٠) نوسەری گەورەی جیهانی پتر ئەم باسەیان کردۆتە کەرسـتەی شـاکاری ئەدەبی، یا وەکو ئەفسانەی (پچمالیون) کە زۆر نوسەر کردویانەتە کەرەستەی نوسینەکانیان و هەریەکێکیش لە روانگەی خۆیەوە بۆی چوە ...
ئەمانە و هەزاران هەزار نمونەی بەشەری و ئەفسانەیی تر کە بە دونیای پان و بەرینی ئەدەبی جیهانیدا بلاوبونەتەوە ، لە ئەفسانەی روت ، لە مێژوی پەتی شۆراون و کراونەتە کەرستەی نوسین و بەرهەمی بەرز و نایابی ئەدەبیان لێ ئەنجام دراوە .

بێ گومان کاری ئەدەبی گشـتی لەم بوارەدا ئەوەیە ئەم جۆرە باسـە بگرێ و لای هەمو ئەو نوسەر و نەتەوانە هەلّی‌سەنگێنێ کە بەکاریان هێناوە ، ئەم نمونەیە یەکەم جار لای کێ وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی هاتۆتە کایەوە ؟ چۆن لە سنوری نەتەوایەتی پەڕیوەتەوە ؟ لە لای هەر نوسەرو نەتەوەیەك چ جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا هاتوە ؟ ئایا ئەم گۆڕانە بەرهەمەکەی بەهێزتر کردوە یا کزتر ...

بەلاّم ئەگەر بێت و رەخنەگرەکە تەنیا دو نوسەر لە بارەی بەکارهێنانی



Scanned with CamScanner

یەك نموونەی بەشەریی یا ئەفسانەیی بەراورد بکا وەکو بچمالیون لای توفیق الحکیم و برنارد شۆ ، ئۆدیب لای ئەندریــە جید و توفیق الحکیم ، ئەمە دەبێتە ئەدەبی بەراوردکاریی ، نابێتە ئەدەبی گشتیی ، چونکە لە سنووری دوو ئەدەب ناپەڕێتەوە ..

دیسان ئــەگەر نموونەیەك وەربگری وەکو پرۆمیتۆس و چۆنیــەتیی بڵاوبوونەوەی لە ســەراپای ئــەدەبی فەڕەنگیدا ، ئەمــەش هــەر دەبێتە بەراوردکاریی . ئەو کاتە باسەکە بەر ئەدەبی گشتیی دەکەوێ کە ئەفسانــەی پرۆمیتۆس بگرێ و لە سەرەتاوە چۆن پەیدا بووە و چۆن کراوەتە کەرستەی بەرهەمی ئەدەبیی و چەند کەس لە سەریان نووسیوە و چۆن لــە وڵاتێکەوە بەرەو وڵاتێکیتر چووە و لەوێ چی بەسەر هاتووە ؟ یا ئەمە ، یاخود بیری گشتیی ئەفسانەکە وەربگرێ کە بریتیە لە یاخی بوون و بەگژ خواکاندا چوون و ئــاگر دزین و رووناك و ئاوەدان کردنەوەی زەوی و بــەختیاریی پەیدا کردنــە بۆ مرۆڤ ، ئینجا لەلای زۆر نەتەوە و زۆر نموونــەی ئەفســانەییدا ئەم بــیرە هەڵسەنگێنێ . وەکو لێکۆڵینەوەی ئەم بیرە ئەدەبیە لە پرۆمیتۆس ی یۆنانیی ، چوپێتیی /ی ڕۆمانیی ، بــەعل /ی بابلیی و کەنعــانیی و فینیقیی ، لۆکیی /ی جەڕمەنیی . ئەگرامانیوس /ی ئێرانیی ؛ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەش هەر دەبێتە ئەدەبی گشتیی .

یا وا دەبێ لە ئەدەبی گشتیدا بەراوردکار یەك نووسەر وەربگرێ ، لەوە بکۆڵێتەوە ئەو نووسەرە چۆن کاری لە وڵات نەتەوەکانی ترەوە کردووە، وەکو کاریگەری شەکسپیر لە ئەدەبی هەموو ئەم وڵات و نەتەوانەی پێی متأسربوون، یا بە پێچەوانەی ئەمەوە دەشێ بەراوردکاری گشتیی ئەوە روون بکاتەوە چۆن یەك تاقە نووسەری گەورە کەوتۆتە بەر کاریگەری ئەدەبیی زۆر نەتەوە تا بووە بەم نووسەرە گەورەیە . وەکو کاریگەری ئــەدەبیی فەڕەنگیی و جەڕمەنیی و ئیتالیی و یۆنانیی لە ت. س ئیلیوتدا ، کاریگەری ئــەدەبیی نەتەوەکانی رۆژ



Scanned with CamScanner

هەڵات لە گۆتەی شاعیری جەڕمەنیدا ، وەك لە ( الديوان الشرقي للمؤلف الغربى )دا دەدرەوشێتەوە .

هەروەها یەکێ لەو باسـانەی بەراوردکاری گشتی لێی دەتـوێژێتەوە چیرۆکی ئەفسانەییە ، لە رەگ و ریشاڵی ئەم چیرۆکانە دەکۆڵێتەوە ، چۆن و لە کوێ پەیدا بوون ، هۆی بزوتن و هەڵقەنان و پەرت بونیان چی بوە ، چۆن بە ناو نەتەوەکانی ئەم سەر زەمینەدا وەربون ، بە کوێدا پەڕیونەتەوە . ئایا ئەم نەتەوانەی وەریان گرتوە ، هەمو لەیەك تاقە سەرچاوەیان وەرگرتوە ، یا یەك لە یەکتری وەرگرتۆتەوە ، ئایا لە هەر نەتەوەیەکدا قـاڵبی هونەری و داڕشتنی ئـەدەبیان چ جۆرە گۆڕانێکی بەسـەردا هاتوە ، ئایا گۆڕانەکە گەوهەر و مەغزا و کاکڵی باسەکەی گرتۆتەوە یا هەر تەنیا بەسەر شێوەکەی داکشاوە ، ئایا چی لێ‌زیادکراوە ، چی لێ‌داپچڕاوە ؟ ئەمانـە هەمو ئەرکی سەرشانی بەراوردکاری گشتین .

یەکێکی تر لەو باسانەی بەراوردکاری گشتی خۆیان بۆ تەرخان‌و پێوە خەریك دەکا ، رێبازەکانی ئـەدەبیە ، هەریەکە لەم رێبازانە چۆن سـەری هەڵداوە . لە کوێ چوزەرەی دەرکردوە ، هۆی پەیدا بونی چی بوە ؟ چۆن لە سـنور پەڕیوەتەوە ، نەتەوەکان چۆن و بەچی لـەم رێبازە گەیشتون ، لاسایان کردۆتەوە یا ئیلهامیان لێ‌وەرگرتوە ... بەم جۆرە بەراوردکاری گشـتی لەم هەمو رێبازانـە دەکۆڵێتەوە و هـەمو کەلەن و قوژبنی ئـەم دونیایان لە دو دەپشکنێ و بزوتنەوە و گەڕان و سوڕانیان تۆمار دەکا ..

ئەو باسانەی کە ئەدەبی گشتی لێیان دەکۆڵێتەوە وە نەبێ هەر تەنیا ئەو چەند نمونە و مەیدانە بێ کە پەنجەمان بۆ درێژکردن ، نەخێر ئەمانەمان هەر بۆ نمونە و ڕونکردنەوە باس کرد ، ئەگەنا ئەدەب خۆی چەند فراوان و بەرین و بەربڵاوە مەیدانی ئەدەبی گشتیش بەقەد ئەم کراوە و سەرازاد و فراوانە . بەراوردکاری گشـتی دەتوانێ هەمو باسـێکی هونەری و بیرو

باوەڕ و جۆری ئەدەبێ و هەر لایەنێکی تر وەربگرێ و بیکاتە کەرستەی توێژینەکەی و بیخاتە ژێر رکێفی لێکدانەوەی خۆی و لە چوارچێوەی تەسکی یەك ئەدەبدا بیباتە دەرەوە و بیخاتە بەر روناکێ ئەدەبی هەمو جیهان و لە روانگەی گەشەسەندن و پێ گەیشتنی ئەدەبییەوە تەماشایان بکات .

**بە کورتی :**

ئەدەبی بەراوردکاری ، تەنیا لە دو ئەدەب دەکۆڵێتەوە ، کەچی ئەدەبی گشتی مەوداو مەیدانی لێکۆڵینەوەی دورتر و فراوانترە . تا لە پەیوەندی دوقوڵی دورتر بڕۆین و لە شتی تایبەتییەوە بکەوینە ناو شتی گشتی ، لە ئەدەبی گشتی نزیکتر دەبینەوە و زیاتر تێیدا رۆ دەچینە خوارەوە ، هەر بۆیەشە ئەدەبی بەراوردکاری سەرەتا و هەنگاوێکی پێویستە بۆ ئەدەبی گشتی کە دوا رۆژ هەر بۆ ئەوە و ئەدەبی بەراوردکاری تەنیا وەکو پردێ وایە بە لێکۆڵینەوەی فراوانی گشتیسان دەگەیەنێ کە ئەویش مەبەست و ئامانجی لێکدانەوەی ئەدەبی هەمو نەتەوەکانی جیهانە لە رێڕەوی کار لەیەك کردن و سود لە یەکدی وەرگرتن بۆ هێنانەدی ئەدەبێکی جیهانی پێشکەوتنخوازی دور لە رق و کینە و زگڕەشی و لەجەڕی ، دور لە خورتیکێشی و لوت بەرزی و بایی بون و بێحورمەتی ، ئەدەبێکی وا کە ئاوات و ئامانجی خزمەت و بەختیاری مرۆڤ بێ ، مرۆڤی ئازاد و شادومان و دڵپاك و بەرچاورون ...

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

# سەرچاوەکان


James Aldridge : Mockery in Arms. London. 1974.

Herbert Grierson and J. C. Smith : A Critical History of English Poetry. 1964 .

H. Hoombs : Literature and Criticism . 1972 .

David Daiches : Critical Approaches to Literature. London . 1967 .

The Penguin Book of French Verse . 2 . 1967 .

Donald Keene : Japanese Literature . London . 1953 .

★ ★ ★

پول ڤان تيگم : الادب المقارن ، ترجمة سامي مصباح الحسامی ، بيروت ، بلا تاريخ .

ئوستين وارين و رينيه ويليك : نظرية الادب ، ترجمة محي‌الدين صبحي ، مطبعة خالد الطرابيشي ، ١٩٧٢ .

ديڤيد ديجس : مناهج النقد الادبي بين النظرية و التطبيق ، ترجمة الدكتور محمد يوسف نجم ، دار صادر بيروت ، ١٩٦٧ .

ڤرنون هول : موجز تاريخ النقد الادبي ، ترجمة الدكتور محمد شكرى مصطفى والاستاذ عبدالرحيم جبر ، دار النجاح ، بيروت ، ١٩٧٢ .

ستانلی هايمن : النقد الادبي ومدارسه الحديثة ، الجزء الاول ، ترجمة الدكتور احسان عباس والدكتور محمد يوسف نجم ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٥٨ .

ستانلی هايمن : النقد الادبي ومدارسه الحديثة ، الجزء الثاني ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٦٠ .

جيته : الديوان الشرقی للمؤلف الغربي ، ترجمة عبدالرحمن بدوي ، القاهره ، ١٩٦٧ .




Scanned with CamScanner

فيليب فان تيگم : المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا ، ترجمة فريد انطونيوس ، الطبعة الثانية ، منشورات عويدات ، ١٩٧٥ .

ماريوس فرانسوا جويار : الادب المقارن ، ترجمة الدكتور محمد غلاب ، القاهرة ، ١٩٥٦ .

لويس دوللو : العلاقات الثقافية الدولية ، ترجمة بهيج شعبان ، منشورات عويدات ، ١٩٧٤ .

هوراس : فن الشعر ، ترجمة الدكتور لويس عوض ، القاهرة ، ١٩٧٠ .

حسين علي شانوف : شعر الشاعر الكردي المعاصر : عبدالله گوران ، ترجمة شكور مصطفى ، بغداد ، ١٩٧٥ .

★ ★ ★

د. محمد غنيمي هلال : الادب المقارن ، القاهرة ، ١٩٧٣ .

د. محمد غنيمي هلال : دور الادب المقارن في توجيه دراسات الادب العربي المعاصر ، القاهرة ، ١٩٥٦ .

د. محمد غنيمي هلال : في النقد التطبيقي والمقارن ، القاهرة ، بلا .

د. محمد غنيمي هلال : المواقف الادبية ، القاهرة ، ١٩٧٣ .

د. محمد غنيمي هلال : الرومانتيكية ، دار العودة ، ١٩٧٣ .

طه ندا : الادب المقارن ، بيروت ، ١٩٧٣ .

ريمون طحان : الادب المقارن والادب العام ، بيروت ، ١٩٧٢ .

عبدالمطلب صالح : دراسات في الادب والنقد المقارن ، بغداد ، ١٩٧٣ .

د. صفاء خلوصي : دراسات في الادب المقارن والمذاهب الادبية ، بغداد ، ١٩٥٧ .

د. صفاء خلوصي : فن الترجمه في ضوء الدراسات المقارنه ، بغداد ١٩٥٦ .

د. احمد محمد الحوفي : تيارات ثقافية بين العرب والفرس ، القاهرة ، ١٩٦٨ .

عبدالفتاح ابراهيم : دراسات في الاجتماع ، بغداد ، ١٩٥٠ .

د. حسام الخطيب : ابحاث نقدية ومقارنة ، دار الفكر ، ١٩٧٣ .

نجيب العقيقي : الادب المقارن ، بيروت ، ١٩٧٥ .



Scanned with CamScanner

د. علي درويش : دراسات في الادب الفرنسي ، القاهرة ، ١٩٧٣ .
عيسى الناعوري : ادباء من الشرق والغرب ، بيروت ، ١٩٦٦ .
د. محمد حسن عبدالله : كليوباتره في الادب والتاريخ ، القاهرة ، ١٩٧١ .
د. بدوى طبانه : السرقات الادبية ، مطبعة الرسالة ، بلا .
د. احسان عباس : فن الشعر ، دار الثقافة ، بيروت ، ط ٣ .
د. محمد مندور : الادب وفنونه ، القاهرة ، ط ٢ .
د. محمد مندور : مسرح توفيق الحكيم ، ط ٢ .
د. عزالدين مصطفى رسول : الواقعية في الادب الكردي ، بيروت ، ١٩٦٦ .
الشعر والفكر المعاصر : (مجموعة من الابحاث) ، دار الحرية ، بغداد ، ١٩٧٤ .
عبدالجبار عباس : السياب ، دار الحرية ، بغداد ، ١٩٧٢ .
برهان الخطيب : شقة في شارع أبى النواس ، بيروت ، ١٩٧٢ .
مجلة الآداب الاجنبية : ع ٣ ، ١٩٧٥ .
مجلة الموقف الادبي : ع ١٠ ، ١٩٧٤ .
مجلة العربي : ع ١٤٢ ، ١٩٧٠ .

★ ★ ★

علاءالدين سجادى : مێژۆی ئەدەبی کوردی ، چ٢ ، بەغدا ، ١٩٧١ .
محمد رسول هاوار : پیرەمێردی نەمر ، بەغدا ، ١٩٧٠ .
حمەکەریم هەورامی : فاڵچی ، سلێمانی ، ١٩٧٢ .
د. مارف خەزنەدار : بۆکەشۆشە ، بەغدا ، ١٩٦٩ .
دڵشاد مەریوانی : پێشوازی خاوەنشکۆ و دۆ چیرۆکنۆس ، سلێمانی ، ١٩٧٣ .
خانای قوبادی : شیرین و خوسرەو ، ئامادەکردنی محمدی مەلا کەریم ، بەغدا ، ١٩٧٥ .
دیوانی بێکەس : ئامادەکردنی محمدی مەلاکەریم ، بەغدا ، ١٩٧٠ .
دیوانی سەلام ، بەغدا ، ١٩٥٨ .



Scanned with CamScanner

زیوەر : سۆزی نیشتمان ، ئامادەکردنی نجم‌الدین مەلا ، بەغدا ، ١٩٥٨ .
گۆران : بەهەشت و یادگار و فرمێسك و هونەر ، سلێمانی ، ١٩٧١ .
دیوانی دڵدار ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، ١٩٧١ .
خەیام : روباعیاتی خەیام ، گۆڕینی سەلام ، سلێمانی ، ١٩٦٧ .
دەفتەری کوردەواری : ژ ٣ .
گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات ، ژ ١٦ ، ژ/١٨ .
گۆڤاری رۆژی کوردستان : ژ/٦ ، ٣٢ ، ٣٣ ، ٣٥ ، ٣٦ ، ٣٧ ، ٤٢ .
گۆڤـاری برایەتی : ژ/١٢ .
گۆڤـاری نووسەری کورد : ژ/٧ ، ١٠ .
گۆڤاری رۆژی نوێ : ژ/٨ ، ٩ .
گۆڤاری بڵێسە : ژ/١٠ .
گۆڤاری بەیـان : ژ/٢ .
رۆژنامەی هاوکاری : ژ (ـ ٢٢ ، ٢٤ ، ٢٥ ـ)ی ساڵی ١٩٧١ ، ژ/یەکی ساڵی سێیەم ، ژ/١٧٩ ، ٢٧١ ، ٢٨٥ ، ٣٠٤ ، ٣١٧ .

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

# راستکردنەوەی هەڵەی چاپ

| لاپەڕەی | دێڕی | هەڵەکە | راستەکەی |
|---|---|---|---|
| ٣ | ١٥ | نۆسەری | نۆسەر |
| ٢٣ | ١٢ | چەند | چەشنە |
| ٢٥ | ١١ | سێبەر | سێبەری |
| ٣١ | ٢٢ | دور الادب المقارن | الادب المقارن |
| ٣٧ | ١٠ | بەلکو هەمۆ | بەلکو وەکو هەمۆ |
| ٤١ | ٢٤ | بدەینەوەوکە | بدەینەوەکە |
| ٥٠ | ٨ | گرتوەو | گرتوە |
| ٥٥ | ١٦ | کردیێ | کردبێ |
| ٥٦ | ١٧ | داوی | دوای |
| ٥٧ | ٢٣ | نوانیویە | توانیویە |
| ٥٨ | ١٧ | کەس | کەس کەس |
| ٥٩ | ٥ | نۆسەر | نۆسەری |
| ٥٩ | ٦ | بچن | بچێ |
| ٦٣ | ٦ | دانستە | دانسقە |
| ٦٣ | ١٥ | چەسپا | چەسپاو |
| ٦٤ | ٣ | بەلێشاو و | بەلێشاو |
| ٦٥ | ٦ | دەتێ | دەبێ |
| ٦٥ | ١١ | ناو | لەناو |



Scanned with CamScanner

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٢ | ٦ | بازرگانی | ٦ـ بازرگانی |
| ٨٠ | ٨ | دێر | دلێر |
| ٨٠ | ١٧ | چەڕینەوەی | پەڕینەوەی |
| ٩٢ | ١٥ | ژانرا | ژانر |
| ٩٢ | ١٦ | مەیدان | مەیدانی |
| ٩٣ | ١٢ | دەنوستی | دەنوسێ |
| ٩٦ | ١ | سەدەمی | سەدەی |
| ٩٦ | ١ | سەدەمی | سەدەی |
| ٩٩ | ١٠ | روایننی | روانینی |
| ٩٩ | ١٤ | بەناو خەڵکدا بۆتەوە | بەناو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە |
| ١٠٠ | ٧ | بیزترین | پیزترین |
| ١٠٠ | ١٧ | نوسەرێکی‌تر | نەتەوەیەکی‌تر |
| ١٠٩ | ٤ | بەکەمێ | بەکەمێ |

* لە لاپەڕە (٧٣) ، دێڕی (١١)دا نوسراوە . (ئەمەیە کە نوسەرێ دەورێکی ڕاستەوخۆ ببینێ لە گواستنەوەی بابەتێ ) .

ئەم دێڕە زیادە ، دێڕی (١١) پەڕیوە کە بەم جۆرەیە : (ئـەو هۆیانـە دەگرێتەوەکە بە شێوەیەکی تایبەتی و سەربەخۆ یا ) .

* لە لاپەڕە (١٢٥) دێڕی (٩) نەکەوتۆتە جێگای خۆی ، جێگای خۆی ئەوەیە لە دوای دێڕی سێیەم بێت . تکایە ئاگادار بن .

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

# ناوەرۆك

لە بارەی کاریگەری ئەدەبییەوە گوتوویانە ........ ٣
ووشەیەك ........ ٥
پێشەکی ........ ٩
بەشی یەکەم : ئەدەبی بەراوردکاری ........ ١٢
زاراوەکە ........ ١٢
مانای زانستی ........ ١٤
بەشی دووەم : رێوپیکی ئەدەبی بەراوردکاری ........ ٢٢
بەشی سێیەم : بەراوردکار و مەودای ئەدەبی بەراوردکاری ........ ٤٢
بەراوردکار ........ ٤٢
مەودای ئەدەبی بەراوردکاری ........ ٤٦
بەشی چوارەم : هۆی پەڕینەوەی کارتێکردنی ئەدەبی ........ ٦١
هۆی گشتی ........ ٦٢
١ـ دەوری نوسەرە بەهرەدارەکان ........ ٦٢
٢ـ دەربەدەری و ئاوارەبون ........ ٦٥
٣ـ جەنگ ........ ٦٧
٤ـ دەسەڵاتی سیاسی و داگیرکردن و ژێردەستەیی ........ ٦٩
٥ـ هۆی ئایینی ........ ٧١
٦ـ بازرگانی ........ ٧٢
هۆی تایبەتی ........ ٧٣
١ـ دەوری تاکەکەس ........ ٧٣
٢ـ دەوری کۆڕ و کۆمەڵ و یانەی ئەدەبی ........ ٧٨
٣ـ شار ........ ٨٢
٤ـ رەخنەگر ........ ٨٣
٥ـ وەرگێڕ و وەرگێڕان ........ ٨٤



Scanned with CamScanner

بەشی پێنجەم : باسەکانی ئەدەبی بەراوردکاری ........................ ٨٨
یەکەم : هۆی پەڕینەوەی کاریگەری ئەدەبی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی‌تر ........................ ٨٩
دووەم : لێکۆڵینەوەی (جۆرەکانی ئەدەب ـ ژانر) ........................ ٩٢
سێیەم : لێکۆڵینەوەی نمونەی بەشەری و ئەفسانەیی ........................ ٩٨
چوارەم : کاریگەری نوسەرێك لە نوسەرێکی نەتەوەیەکی‌تر ........................ ١٠٠
پێنجەم: کاریگەری نوسەرێك لە سەراپای ئەدەبی نەتەوەیەکی‌تر ١٠٠
شەشەم : کاریگەری سەراپای ئەدەبی نەتەوەیەك لە تاقە نوسەرێکی نەتەوەیەکی‌تر ........................ ١٠٢
حەفتەم : لێکۆڵینەوەی ڕێبازەکانی ئەدەب ........................ ١٠٤
هەشتەم : شی‌کردنەوەی باری وڵات و نەتەوەیەك وەك لە ئەدەبی نەتەوەیەکی‌تردا ڕەنگ دەداتەوە ........................ ١٠٥
بەشی شەشەم : بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا ........................ ١٠٩
سەرەقەڵەم : ........................ ١١٣
بەراوردی نازانستی ........................ ١٢٣
بەراوردی زانستی ........................ ١٣٣
باسێکی‌تر : ئەدەبی‌گشتی ........................ ١٤٢

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

A PUBLICATION OF THE KURDISH ACADEMY

# COMPARATIVE LITERATURE

By :

AZIZ GARDI

BAGHDAD — IRAQ
1978

★ ★ ★

له کتێبخانەی نیشتمانیدا
ژمارە ٥٨٧ی ساڵ ١٩٧٨ی دراوەتێ

Scanned with CamScanner

لەچاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە چاپ دراوە
١٩٨٧

Scanned with CamScanner